# شۆڕشی مەستان

## دیوانی شیعر

نیعمەت عەبدوڵڵا

# شۆڕشی مەستان

شیعر

نیعمەت عەبدوڵڵا

**چاپی یەکەم**

**کوردستان – 2706 کوردی** **سلێمانی – 2007 زاینی**

**ناوی کتێب : شۆڕشی مەستان**

**نەخشەسازی کۆمپیوتەر : بەختیار عەلی .**

**تایپ : رووبار .**

**چاپی یەکەم : سلێمانی 2007 .**

**تیراژ : 1000 دانە .**

**چاپ : چاپخانەی بینایی .**

**لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی بنکەی ڕۆشنبیری شەهید ژمارە ( 15 ) .**

**ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی ( 2007 ) ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.**

مرۆڤ ئەگەر پیّ ڕابگا لە ئاخیر و ئۆخری تەمەنی دا ئەزموونی ژیانی خۆی بە ووردیی و کورت و پوخت بنووسێتەوە و بیداتە دەست نەوەکانی داهاتوو ئەوا باشترین دیارییە پێشکەشیان دەکات .. مەخابن نەك هەروا ناکەین بەڵکو دەیشارینەوە وەك دڵداریێکی سەر لێشێواو و دۆڕاو ، یادگارەکان و بەڵگەنامە و پێناسەو نامەکان دەسووتێنین بەم شێوەیە هەروا ڕۆیشتووە .

ڕۆژهەلآتناس و گەڕۆك و گەشتیارەکان و سەرکردەکانی لەشکری داگیرکەران نەبوونایە ئێستا گەل و ولآتێکی بیّ مێژوو دەبووین هەر چەند ئەوەی کە هەیە نە دلّمان پێی ئاو دەخواتەوە نە بە تەواوی ئەوەی بن بەڕەی هێناوەتە سەر بەڕە ، بۆیە چ ڕەواییەك لە شاردنەوەی ئەزموونی هەر تاکێك لە کۆمەلّ نابینم بەڵکو بە گوناهی دەزانم .. مرۆڤ کار و کردەوەکانی سەرمایەن ئەمەش پێویستی بە خستنە گەڕ هەیە ..

سیاسەتمەداران و سەرکردەکانی سەربازی ( جەنگ ) دوای خانەنشین بوونیان دەست دەکەن بە نووسینەوەی بیرەوەریەکانیان ، جێی خۆیەتی شاعیرانیش نەك بیرەوەری بەڵکو ئەزموونی خۆیان بخەنە ڕوو .. ئەمە کارێکی پڕ بایەخە و خزمەتە بە ئەدەب و هونەری کوردی .

وەك نەریتی هەزاران ساڵە هات و چوونی مرۆڤ لە چۆڵەوانی بۆ ئاوەدانی ، لە گوندەوە بۆ شار ، یان بە پێچەوانەوە بەردەوامە ، هەموو

پەیوەندییەکان چ مـادی چ مەعنـەوی پەیوەسـتە بـەم جوولەیـە .. زۆربـەی هەرە زۆری شاعیرانیش دیلی ئەم پەیوەستەن .

بەپێی ناسنامە لە دایك بووی **1950** لە دەربەندی گومی سەر بە ناوچەی کەندیناوە هاتوومە سەر دنیا ... ڕەنگە ئەم مێژووە ورد نەبێ ساڵێ کەم یـا ساڵێ زیاتر تێپەڕ ناکات ...

لە سـاڵی **1957** چـوومەتە بـەر خوێنـدن مامۆسـتای یەکـەمم م . یـوونس عەبدوڵلا حەداد بوو زۆر هەوڵی پێگەیاندنی دەدایىن بۆیە ئەو قوتابیانـەی بـە مامۆستا ڕاگەیشتن هەقە خۆیان بە قەرزارباری ئەو بزانن ..

یەکەم دەمدانم لە شیعر ئەگەر ئـەم دارشـتنەم دروسـتبێ دەگەڕێتـەوە بـۆ پـۆلی یـەك یـان دوو بـە هانـدان و یارمـەتی دەورووپشـت لـە پێداهەڵـدانی مامۆستاکەمان ، لەناو پۆل ئەم چەند ووشەیەم پێشکەش کرد :

دەچمە سەر زوورگەزراوی
دەڕوانمە دەربەندی گوندێکی زۆر بلاوە
روحێ من یوونسە فەندی
تەلەبەی چوار گوندانی لە کن حەواوە

ئەم یەك دوو دێڕە ناوی چی لێ دەنێ ی لێنێ منی بەرەو ئـەو ئاقـارە بـرد ئاقاری خولیای نووسین و خوێندنەوە ..

خولیـای قوتابخانـە و کێبڕکـێ لەگـەڵ هاوڕێکـانم .. هەنـدەی پـێ نەچـوو شۆڕشی **14** ی گەلاوێژی **1958** بەرپا بـوو زیـاتر چـاومی کـردەوە ، هـەرای

شەعب تەنگی بە چەوسێنەران چنی هەرچەند گوندەکانی خزمانی خۆمان لە ( خێڵی سیان ) زۆربەیان خاوەن زەوی زاری بە تاپۆی خۆیان بوون ( قۆچانی ڕەش ) بەڵام ڕەنگە کەم تا زۆر پرووشکمان پێ پەری بێ ، مەبەستم ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتی زاڵ تر بوو لەسەر چەوساندنەوەی چینایەتی .

بۆ منیش ئەم بارودۆخە زەمینەیەکی بەرفراوان تری بۆ ڕەخساندم بەو منداڵیە ببوومە دەم ڕاستی خوێندەواران بۆ خەڵکەکە سەبارەت بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی لایەنە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە بە تایبەتی هی پارتی کۆمۆنیست کە بازاڕی لە هەمووان گەرمتر بوو جگە لە ڕۆژنامەکانی خەبات و ئازادی دیوانی شاعیرانی وەکوو : ( مەلا محەمەدی کۆیی ، پیرەمێرد ، بێکەس ، شیعرەکانی هەژاری موکریانی ، کانی ، ئاسۆی مەوداکانی ژیانی منیان ڕوونتر کردەوە .

لە ساڵی ***1963*** چوومە قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی (جمهوری ) لە شاری هەولێر نیو ماڵێکمان لە گەڕەکی سەیداوە لەگەڵ سیامەندی برام و دایکم دانا بوو .. ئەو هەلەش هاتە سەر هەلەکانی تر بەڵام کاری سەرەکیم خۆ خەریك کردن بوو بە قوتابخانە چونکە ماندوو بوونی زۆری دەویست لەبەر ئەوەی خوێندن بە عەرەبی بوو ئێمەش

لە سەرەتایی خوێندنمان بە کوردی بووە دوو زەحمەتی گەورە یەکێکیان خوێندنەکە دووەمیان گوزەرانەکە ( کەم دەرامەتییەکە ) سەرەڕای ئەمانەش

کودەتـای **8** ی شـوباتی **1968** و هـەرای حـەرەس قـەومیان لـە گـەڕەکی سەیداوە **13 / 6 / 1963** لە ناوچەی کەندیناوە کە نزیکەی **25** گوند وەبـەر شالأوی تالأن و برۆ کۆشت و کوشتاری هـات سـەرەڕای گرتنـی نزیکـەی **500** کـەس منـیش بـەهۆی پشـووی هـاوین گەڕابوومـەوە گوندەکـەمان سـەرەڕای بچوکیم لەگەڵ ئەو سەدان کەسە ڕاپێچی دوبز و کەرکوکیان کردین .

گێڕانەوەی ئەم کارەساتە و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی بـەجێ دێڵـین و سـەرتانی پێ نایەشێنین .. بەلأم ئەوەندە دەڵێم ئەمە بووە هۆکـارێکی بابـەتیی و گـرنگ تاکو شـەیدای وولأت و گەلەکـەی خـۆم تێکـەڵ بـە ویـژدانم بـێ لەگـەڵ یەکـەم فرچکی دایك مەگەر لە گیانم بێتە دەرێ وەك شاعیر دەڵێ :

عشق تو در چمیرم

مهـری تـو در دلـم

با شیراندروون شد

بـاجـان بـدر شــود

دایك چەند پیرۆزە چەند شیرین و هۆگرە بۆ ئێمەش دایکمان نەبوایە ئـەم کوڕەی ئەمڕۆش نەدەبووین کـە لەسـەر مانـدووبوون چەوسـاندنەوەی خـۆی هانی دەدایـن بەڵکو پێ بگەین تا بە دوواڕۆژێك بگەین نەك بۆ ستەمکاران مل بدەین ... سەرەنجام هەر واشمان کرد .

ڕاستە لەم قۆناغە ناسکەدا گـرتن و سـووتان و تـالأن کێشـەکانی ئـاڵۆزتر کرد بەلأم هاتنە سەر ساجی عەلی مرۆڤ نازانێ چ تەگبیرێك بکا دوایی گرتنـی

باوكم و برا و ئامۆزا و دەیان خزم و كەس ، ئەگەر شێخ نازم العاصی نەبوایە ئەو دە دوازدە منداڵەی كە لە كەركوك لە **28 / 6 / 1963** ئازادیان كردین ، ڕەنگە قەدەر تووشی كارەساتێكی تری كردباین بۆیە لێرەوە وەك وەفایەك دوعای خێرو ڕەحمەتی بۆ شێخ نازم دەنێرین ...

ئەو ڕۆژە ڕەشە **13 / 6 / 1963** كە بە چاوی خۆم دەم بینی خانووەكان یەك لە دوای یەك دەسووتان و ماڵەكانیش هەروا تالآن دەكران و خەڵكەكەش بەتایبەتی گەورەكان كۆدەكرانەوە قورئان و قوتابخانەش دەسووتان ئەمە كاریگەریگەرییەكی یەكجار زۆری كردە سەر دڵ و دەروون و مێشك و بیر و هۆشم كە تا ئەمڕۆ دەمچەوسێنێتەوە ، واتە لە ژێرەوە نەك هەر دەمسووتێنن بەڵكو دەمبرژێنن ، دیمەنە سامناكەكانی فڕۆكە و تۆپ و زرێپۆش و حەرەس قەومیی  و سەرباز بە درێژایی ژیانم هەمیشە دێنە بەر چاوم ! ئەمانەو  زیاتریش لەمانە وەكوو دوكەڵی خانووە سووتاوەكان زیڕو هۆڕی منداڵو ژن و پیر و واقی وورمانی گیانلەبەرانی تریش ئیدی خواو راستان شیعر هات و بەر دەرگەی ماڵی لێ گرتین ، ئێمەش چۆن دەبێ پێشوازی لەو میوانە باڵا سپی ڕەنگە نەكەین ..

باشە ئەگەر شیعر نەنووسین چی تر هەیە بیكەین لەو بارو دۆخە و لەو تەمەنەدا هەر وەك شاعیری گەورەی كورد پیری قەلەندەران بابە تاهیری هەمەدانی ( عوریان ) دەڵێ :

مو ان رندم كه نامەم بی قەلەندەر
نه خان دیرم نەمان دیرم نه لەنگەر

مـرۆڤ ئەگـەر هـیچ شـتی لەدەسـت نـەهات ناچـارە بنووسـێ ، بخـوێنێ ئازارەكانی بەرجەستە بكات بۆیە شیعر ئەگـەر لـە پێشوازیشـدا نـەبێ بـەلاّم بۆت هەیە بچیتە دنیا بەرفراوانەكەی ئەوەی لە بیرم بێ بۆ ئـەو ڕۆژە ڕەشـە شتێكم نووسی بوو كە بەو دێڕە دەستی پێ دەكرد :

لە ڕۆژی پێنج شەم سێزدەی حوزەیران
كـوردسـتـان سـووتـاو درا بـەر تـۆپـان

ئەمن نـالێم ئـەو شـیعرەم چـۆن بـوو بـەلاّم دەتـوانم ئەوەنـدە بلّـێم كـە بـۆ خەڵكەكەم دەخوێندەوە دیار بوو سۆزیان هەڵدەستا .

لێرەوە دەستم كرد بە نووسینی شیعر ، كورتـە چـیرۆك ، پەنـدو قسـەی نەسـتەق ، پەخشـانە شـیعر ، نووسـینەوەی هەنـدێ ڕووداوی دلّتـەزێن تـا نووسـینی چـیرۆكی درێـژ ( ڕۆمـان ) و گـەلێ بابـەتی زمانـەوانی ، ئـەدەبی ، مێژووی ، كۆمەلاّیەتی ... هتد ..

ئەمانە هەمووی لەپەنا خانووە قوڕەكانی گـەڕەكی سـەیداوە و سـیتاقان و پیرە قەلاّكەی هەولێری دێرین و شنە بایەكەی شۆڕشی ئەیلول .

له هاوینی ***1969*** دەزگای ئیستخباراتی سەربازی له دوایی نیوه شەوێکدا هەڵیان کوتایه سەرماڵمان بۆ گرتنی شەهید ڕێباز نووسینەکانی منیشیان کەوته دەست لەگەڵ کاکه ڕێباز چاو بەست و قۆڵ بەست کرا ، مەخابن ئێستاو ئیستاش ڕۆیشتن و داخێکی تریان زیاتر کرد .. ناچار دەستم پێ کردەوه لەگەڵ ئەوانەی که مابوون کۆم کردنەوه لەترسی تێ چوونیان دوایی ماوەیك چووم لەنزیك گۆڕستانی شێخ مەعروف له نزیك باداوه ئەو شوێنه ئێستا بووەته چەند گەڕەکێك له ناوەڕاستی شاری هەولێر وەکوو گەرەکانی ( مامۆستایان ، پۆلیسان ) یان ڕوونتر بڵێین گەڕەکی بەلاشاوه نووسینەکانم له زەویەکی بەیار و بەردەلان شاردەوه .

ڕۆژانەش بۆ خوێندن لەگەڵ برادەرانی گەڕەکی سەیداوه هەر لەو دەوروبەرەدا بووین .

ڕۆژێك سەیرم کرد ئەوا تراکتۆرێك لەو ناوه خەریکی جووت کردنه منیش به پەله خۆم گەیانده شوێنەکەی که نووسینەکانم لێشاردبۆوه دوایی گەڕان به زەحمەت بۆم دۆزرایەوه خۆشبەختانه لەو تێ چوونەش ئەمجاره ڕزگارم کردن ..

کەواته شیعر نووسینیش ڕەنجی دەوێ بۆیه پارچەیەکن له خۆم چیم کرد بێ بۆ پاراستنی خۆم پێشتر بیرم بۆ نووسینەکانم چووه که چی یان لێ بکەم چونکه سەراو دەراوم زۆر بینیوه .

سـەرەڕای دەربـەدەریی‌و دەردە سـەریی‌و هـەژاریی‌و دەسـت كـورتیی‌و نەبوونی ئەوەی كە هەمیشە شانازیان پێوە دەكـەم نووسـینەكانمە بـەهۆی ئەوانـەوە بـە گـەل میللـەتی خـۆم كـەوتوم و لـە ئـێش و ئازارەكـانی جیـا نەبوویمەوە بۆیە لێرەدا دەیبڕمەوە چونكە نەك هەر حەز ناكەم و پێم خۆش نیە باسی تایبەتی بكەم بەڵكو پێویستیش نیە چونكە نووسینەكانم ئاوێنەی خـۆمن ئەمـە لەلایـەك لـە لایـەكی تـر ئـەمن ئـەزموونێك دەنووسمـەوە نـەك بیرەوەری ...

لە قوناغی ژیانی زانكـۆ وەك خوێنـدكارێكی كۆلێـژی ئـاداب بەشـی كـوردی دەرگای ترم لێ كرایەوە یەكەمیان ژیان لە بەغـدا وەك پایتـەخت دووەمیـان وەك ناوەنـدی دەسـەڵاتی سیاسـی ، ئـابووری ، كلتـووری ، كۆمەڵایـەتی ، كاریگەریەكی گـەورەیان هـەبوو لەسـەر ووریـا بوونـەوە و هەسـت كـردن بـە ویسـت و خواسـتەكان كـە خـەونیك بـوو بـۆ مـەمانان ، دووەمیـان زانكـۆ ، كۆلێژی ئاداب بەشی كوردی كە بەقـەدەر هـەموو خوێنـدكارەكان ، دەتـوانم بلێم سوودم لێ وەرگرتووە بە تایبەت ئەو چوار ساڵەش كـە ڕێكەوتننامـەی ***11*** ی ئازاری ***1970*** بوو دەرگاكان هەموویان بۆ من والآ كرانـەوە ئـیتر ئاگـام لـە هـیچ نـەما تـەنیا خوێنـدن و نووسـین و بەشـداری لـە كـۆڕ و سـیمینار و كۆبوونـەوە بەتایبـەتی كۆڕەكـانی یـەكێتی نووسـەرانی كـورد و كۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری كـوردی كـە هـەموو ڕۆژانـی چـوار شـەممەیەك ڕوونـاكبیران و

نووسەران کۆدەبوونەوە .. زوو هەستم کرد ئەو هەلە هەلی خۆپێگەیاندنە دوو هەلم بۆ خۆم قۆزتەوە :

یەکەمیان لەگەڵ هەندێ خوێندکار سەرپەرشتی دەرکردنی بلاْوکراوەی ( تیشك ) م کرد ، دووەمیان لە دووا کۆڕەکانی بەهاری ***1973*** مامۆستا مەحموود زامدار کە کۆڕ گێڕ بوو پێشنیاری ئەوەی کرد کۆڕەکانی دادێ تەرخان بکرێ بۆ نووسەرە لاوەکان منیش بێ دوو دڵی بێ سێ و دوو دەستم بەرز کردەوە لەگەڵ چەند خوێندکارێکی تر لەوانە شەهیدی هاوڕێم نەریمان فوئاد مەستی ، احلام مەنسوور ، کۆڕەکەی من بابەتێکم ئامادە کرد لەمەڕ ( هەژار و ئیلتزام ) لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ناوی دۆستی خۆشەویستی کۆچ کردو جوانەمەرگ کاك حەمید بلباس بێنم چونکە بە بابەتەکەدا پێداچوبۆوە شێوازی توونديەکەم نەهێڵێ بەلاْم لەکاتی پێشکەش کردنم و دوای گفت و گۆ بەبیرم دێ کاك جەلال دەباغ گوتی : ( کاك نیعمەت وەك موحامیەکی فاشل دیفاعی لە هەژار کرد ) جگە لەوەش لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش قسەو باسی لێوە کرا بەتایبەتی لەلایەن خوالێخۆشبوو محەمەد ئەلبەدری لە ڕۆژنامەی التاخی سەرەڕای ئەوەش مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لەسەر پێشەکی کۆڕەکەم کە لە ڕۆژنامەی برایەتی بلاْوم کردبۆوە جێگەی داخە زۆر بە خراپی لە من گەیشتبوو نازانم من بە جوانی بابەتەکم نەخستبووە ڕوویان هەر هۆیەکی تر بوو زۆر بە توندی لەسەری نووسی بووم .

بەهەر حاڵ خۆم بە قەرزباری ئەو ڕۆژگارە دەزانم لێرەدا سڵاو ئاڕاستەی مامۆستاکانم دەکەم .

عەیبێکی گەورەی خۆم کە هەمیشە ڕەخنە لە خۆم دەگرم ئەوەیە کە زۆر لە ڕادە بەدەر حەزم نەکردووە خۆم دەرخەم دورەپەرێزی هەڵس و کەوتم کردووە نەك لەبەر ئەوەی لە خۆم ڕانەبینیوە یان متمانەم بەخۆم نەبووە بەڵکو کەسیەتی خۆم پەروەردەی ماڵ و دەووروپشت ڕۆڵیان گێڕاوە باجی زۆریان پێ داوم کە پێویست نەبوو .

شیعرم هەمیشە بۆ برادەران دەخوێندەوە زۆر بە کەمی بڵاوم دەکردەوە یان زۆر بە دەگمەن .

لەم بارەیەوە جارێکیان لە گەشتێکی خوێندکاران بۆ دەربەندی خان مامۆستای بەڕێزم د : ئیحسان فوئاد ئامۆژگاری کردم هەقە خۆم دەرخەم و شیعرەکان بڵاو بکەمەوە .

بۆیە پێم سەیر نیە خەڵکانێك ئێستا ئەو دیوانە شیعرەی من ببینێ بڵێ ئەو برادەرە یان ئەو کابرایە .. کەی شیعری هەبووە ، ناهەقی ناگرم ، چوار ساڵی زێڕین چوار وەرزی تەمەنی شیرین ، چوار بەهاری ژین ئەگەر ڕۆژگار منی بەقەدەری لابەلا نەبردایە لە دوای نسکۆ و پیلانی ***1975*** تاکو ڕاپەڕینی ***1991*** بە هەموو ئێش و ئازار و مەینەتیەکانیەوە ماڵ لە خانە خوێی حەرام نەدەکران دوایی نزیکەی چل ساڵ لە نووسین هەر ئەو دیوانەم

پێ نەدەبڕا ، بەبیرم نایەت من خەریکی شیعر نوسین نەبوویم هەر لەگەڵ فام کردنم هاوڕێ بووین .

لە نێوان ئازاری **1974 – 1975** سەرەڕای شەڕی توندو تیژی و خەباتی پڕ لە سەروەری زۆر شتی بنی بەرێ هاتنە سەر بەرێ ! گەلی کوردستان تێکڕای تووشی نوشووستی یەکی گەورە بوو سەرەتای پیلانێکی داڕێژراوی وێرانکاری ی و نەگبەتی دەستی پێ کرد هۆیەکانی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە خراپی خۆمان و گەلە کۆییو بێ دۆستی ڕۆڵی سەرەکیان بووە بەلاَم ئەوەندە دەڵێم پێش نسکۆی **1975** وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر مێشکمدا هات لەگەڵ ڕووداوەکان تووشی (صدمە) بووم جارێ هەر لێرە دەیبڕمەوە .

با بێینەوە سەر شیعر و نووسین ، لەم نێوانەدا چەندین شیعرم نووسی چەندین هەڵوێستی خۆم تۆمارکرد هەر هەموویان ئاوێنەی ژیانی ناو سەنگەری پێشمەرگەو ژیانی پێشمەرگایەتی‌و ژیانی ئاوارەیی ئۆردوگاکانی شنۆ ، نەلیوان ، زێوێ ، سەردەشت ، ڕەبەت ... هتد کە بونە مێژووی قۆناغێکی پڕ لە ئەستەم .

بۆیە ئەزموونی شیعریم لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ژیانم لە شیعرەکانمدا دیارن ئەمانە هەر هیچ سوودێکیان نەبێ سوودی ئەوەیان پێوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر بە ئەمانەتەوە ڕووداوەکان دەگێڕمەوە چ بۆ مێژوو چ بۆ نەوەکانی ئایندە نەبادا مێژوو بکرێتە ئامرازێك بۆ چەواشە کردن .

دیمەنە جوان و ڕەنگینەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان بەتایبەتی باڵەکایەتی ، ناوچەی سۆران ، بارزان و چیای شیرین و کوڕی هۆریێ و کوێستانەکان هەزار ئەوەندەی تر منی شەیدای هەوای کوردستان کرد دووایی دوورخستنەوەش لە پاش ***1975*** بۆ شاری کەربەلا بەلاّم هەر وام دەزانی دانەبڕاوم لە خاك و گەلی خۆم .

لەوێش دیسان لەگەڵ هیواو سەنگەرو خەبات ئاوێتە بووم بۆ یەك چرکەش لەگەڵم دا جیانەدەبوونەوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ بە دوای سۆراغێك ، هەواڵێك ، دەنگە دوورەکان ، مرۆڤە مەردەکان ، نەك ڕووخاوەکاندا دەگەڕام ئەمە باسی دوایی ***22 / 6 / 1975*** کە ڕەوانەی کەربەلا کراین لەو شارە خنجیلانەیە هەمیشە نووسین و خوێندنەوە بەتایبەتی بەتایبەتی گۆڤارو بلاّوکراوەکانی فەلەستینی بە تایبەتی گۆڤاری الهدف ببووە پێشەی سەرەکیم .

لە ئەیلوولی ***1975*** بە کەفالەت توانیم سەردانی شاری هەولێر بکەم ئەوەبوو لە ماڵی خۆمان بۆ یەکەم جار بەیانی دامەزراندنی (ی . ن . ك )کەوتە بەر دەستم کە لە ***1 / 6 / 1975*** دەرچوو بوو ئیدی تا بڵێی دڵخۆش و دڵنیا بووم کە ئیدی کۆمەڵێك هاتوونە مەیدان خەریکی هەستانەوەن بەڕاستی لە خەنی خۆشیان شا گەشکە بووم و بلاّوکراوەیەکی کۆمەڵەی مارکسی لینینی م خوێندەوە بەلاّم زۆر بە توندی ڕەخنەم لێ گرتن لە شەهیدان ( ڕێباز و شاخەوان و ) برادەرانی تر ڕەخنەکەشم لەسەر

ناوەکەی بوو بەبەراوورد لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواریی زەحمەت بوو بگونجیٚ ...

هەر لە شاری کەربەلا شیعرێك بۆ دڵدانەوەی خۆم نووسی ( بۆ نیشتمانەکەم ) کە لەو غەریبایەتیەو بیٚ دەسەلاٌتیە بەرامبەر بەو ستەمو زۆریەی لە میللەتەکەم دەکرا هەردەم پەنام بۆ ئەو شیعرە دەبرد کە دووایی ماوەیەك لە گۆڤاری کاروان ژمارە ( ***18*** ) بلاٌوکرایەوە بۆ ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەی العراق وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی .

نەریتی ژیان هەروایە لە ئەزموونی ژیان ئەزموونی کار و کردەوەی تر لە دایك دەبیٚ ، گیرانم لە ***11*** / ***6*** / ***1977*** لە کەربەلا دوایی بۆ بەغداد دوایش بۆ عەمارە بەرهەم و حەزوو ئارەزوو خواست تێکەڵ یەکتر بوونەوەیەکی تر بوو کە لە شیعرەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە .

بە کورتی ئەگەر وەك دەڵێن زەمانە ، وازی لیٚ بهێنایەم پرۆژەی ئەدەبیم زۆر هەبوو نەمتوانی تەواویان بکەم کە تا ئێستاش بە پچڕ پچڕی وەك ئەرشیفی بەدیاریانەوە داخیان بۆ دەخۆم ، ژیانی ئەو سەردەمانەو پێشتر لە بەسرەو کەربەلا کاریگەریان هەبوو لەگەڵ تێکەلاٌوی یادگارە شیرین و تاڵەکان و چاودێری سیخوڕەکان و کوردی ( عائیدون و مسکنین و مرحلین و مبعدین .... هتد ) ئەمە جیهانێکی سەر سوڕهێنەر و دەگمەن و ناهەقی بوو کە بۆ دامرکاندنی ژانی دڵ تەنیا قەڵەم بوو لێیان ڕاست بێتەوە بۆیە

هەموومان لە ئاستی قەڵەم با سەر دابنوێنین ، قەڵەم تـەنیا هەڵوێسـتە نـەك هیچ  ناوێکی تر بۆ قەڵەم .

لە ***8 / 5 / 1979*** جارێکی تر تێکەڵ بوومەوە بە خاك و خـەڵك و خـەم ، لـە ڕاستیدا زەمەنێکی تر دەستی پێ کردەوە خەریکی کاری ئیدارەو بـە کـەمی خەریکی نووسـین وەك دەڵـێن خـەریکی باشـترە لـە لا تـەریکی لـە شـارێکی وەکوو هەولێر کە پڕاو پڕ بوو لە کەسانی نامۆ ، گەمارۆ درابوو وەك ئـەوەی بـەڕیز دەسـتی یـەکتریان گرتبـێ ، بـە کـەمیش بـێ دەسـتبەرداری نووسـین نەبوم هەمیشە نووسینەکانم ئاوێتەی ڕۆژانی خوێن و مەرەکەب بـوو ، بـەلاّم دیسان زۆر بە کەمی تێکەلاّوی نووسـەران بـووم لـە بازنەیـەکی کـەم نـەبێ ، ئەگـەر جـاران لەبـەر هۆیـەکانی پێشـتر بـوو کـە باسـم کـردن بـەلاّم لـەو سەردەمانەشدا هۆیەکی تری هاتە سەر ئەویش بە درێژایی قاچاغ بووین .

شیعرەکان لە ماوە جیا جیاکانی ژیانم ، دووری و ئـاوارەیی ، بەندیخانـە ، شۆڕش ، زانکۆ و ژیانی وەزیفی ، ڕاوەدوونان ، تام و بۆ و چێژی تایبـەتیان بۆ من هەیە ڕەنگە هەش بێ لەگەڵیدا بژی ، ئێستاش لەوە باشـتر ئـەمڕۆ بـە شیعرەکانی خۆم دا دێمەوە واتە بە ژیانی ڕابردوودا دێمەوە مێژوویەك لەبـەر خاتری شیعر پەیدا دەبێ ، شیعریش بە شتە خۆش و ناخۆشەکانی خۆشن ، بۆیە هەر دەم پەنا بۆ شیعر دێنین چ لە تەنگانە چ لە زیندان چ لە ئـاوارەیی چ لە پێشمەرگایەتی یان لـە ژیـانی ئاسـایی دا ، دەڵـێم بـاوەڕ ناکـەم کـەس بەقەد من شیعر پاڵپشتی بـووبێ دوور نـاڕۆم ئەگـەر بڵـێم ئـەوەی کـە پـێش

هەموو شت بێتەوە یادم لە تەمەنم دا شیعرە لە هەموو شت زیاتر ..
کەواتە هەقمە بڵێم بژی شیعر ، شیعر فێری کردم کە لە ڕۆژەکانی **1974** – **1975** بڵێم بژی مردن ! ئەو بژی مردنەش پەخشانە چیرۆکێك بوو لەسەر بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی ڕەواندز نووسی بووم .

کە ئەو کاتیش لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەوادارانی ئەدەبی وەکو بەڕێزان عەبدولغەنی عەلی یەحیا ، ئازاد جوندیانی ، شاعیری کۆچکردوو ئەنوەر مەصیفی ، مەلا گچکە ، سەردار محەمەد عەلی رواندوزی ، نزار خەیلانی ، خوالێخۆشبوو سەردار هەڵۆ مانگانە کۆڕی تایبەتیمان هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی شۆڕش ، من بۆ خۆم و شیعر پێکەوە دەژین لەسای سەری شیعر نەك هیچی تر دوانەین ( جمکین ) کەی خۆشەویستی ئاسۆ و کەل کۆتایی هات ئەوا ئێمەش بە دیار سووتانی عیشقەوە جارێکی تر پەیمان دەبەستینەوە .

ئێستاش دووای ئەو تەمەنەو ئەو ئەزمونەی لەگەڵێ بوار پەیدام کردووە ئەگەر مرۆڤ لە بوارێکدا کۆتایی بەخۆی بێنێ هەرگیزاو هەرگیز نابێ بیر لەوە بکاتەوە کە مەوداکانی ژیان کۆتایی هاتووە بەڵکو دەتوانێ لە بوارێکی تر بۆی تێ هەڵچێتەوە چونکە مرۆڤ پەیامێکە پێویستە تا دوا هەناسەی کۆشش بکات بۆ گەیاندنی ! هەر چەند تەمەن بەسەر بچێ ، من وا هەست دەکەم تازە گوڕوتینی نووسین دەمجووڵێنێ وەك گەڕانەوەی مراهەقەی شیعر و نووسین بۆ ئەوانەی کە تەمەنێکیان بەسەر بردووە کەواتە شیعر و

نووسـین بەتایبەتی شیعر پیری بۆ نیە بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆی بنووسێتەوە واتە لەسەرەتا دەیەوێ خەریکی کار و کردار بێت دووایش خەریکی بەسەر کردنەوەی ئەلبوومی مێژووی خۆی بێ بەمەرجێ ئەگەر مێژوویەکی هەبێت .

شیعر و هونەر وەك کۆرپەی ساوا بێ گوناهن هەرچەند گەورەو فەراقە بێت بەرز تر دەبێت بە خولیای عەشق و پاکی ، جوانتر و قەشەنگ تر خۆی دەنوێنێ !نهێنیەکان و ڕازەکان دەدوێنێ ، کە چاوم کردەوە شیعرە ڕەسەنەکانی کوردەواری جیهانێکی تایبەتیان پێ بەخشیمو بۆ ڕەخساندم لەوانە : جزیری ، خانی ، نالی ، حاجی قادری کۆیی ، مەولەوی ، پیرەمێرد ، بێ کەس ، گۆران ، قانیع ، هەژار ، هێمن ، کانی ، مەلا محەمەدی کۆیی ، گەلێ لە کەڵە شاعیری ئەو سەردەمانە کە ئەو کات ئاشنایان بووم بە تایبەتی لە ڕێگەی هاتوچۆی بەردەوامم بۆ چاپخانەی کوردستانو دانیشتنەکانی لای مامۆستا گیو موکریانی ، ئەم شاعیرانە تا ئێستاش کاریگەریان لەسەر من هەیە ، بەڵام کە ژیان لە گۆڕاندایە بتەوێ و نەتەوێ ناچارین بە دوای گۆڕان دا بکەوین یان ڕاستتر بڵێین لەگەڵ گۆڕان داین و پێویستە هەنگاو بنێین .

شاعیرانی دوای حەفتاکان و هەشتاکان و تا ئەمڕۆش شوێنیان لە کاریگەری ئەزموونی مندا وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە و نکۆڵی لێ ناکرێ وەك چۆن شاعیرانی پێش ئەوانیش دووایی ئەوانیش کاریگەریان هەیە و دەبێ

چونکە لەو باوەڕەدام منی ئێستا هی دوێنـێ نـیم هـی بـەیانیش نـابم بـەڵکو شێوەیەکی ترم نەك هەمیشە کت و مت لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێن نامێنم ، ئەمڕۆ چەرخی پەلە کردنە بە کەمترین کـات و بچـووکترین قـەوارە لـە کـاتی پێویست دا بۆیە ڕزگار بوون لـە درێـژدادڕی ڕێـك لەگـەڵ عەقلیـەتی گـەنجی ئەمڕۆ نەوەی نوێ گونجاوە بـۆ ئـەوەی پەیامەکـەت بگەیـەنێ . ئـەمڕۆ کـەم کەس هەیە تاقەتی ئەوەی هەیە ڕۆمان بخوێنێتەوە یان قەسـیدەیەکی درێـژ ، ئەمڕۆ وەك دەڵێن جیهان گوندێکی بچووکە لـە ڕێگـەی تەکنـەلۆژیای تـازە نەبێ بەچی تر ڕادەگەین ، کەی کاتت ئەوەندە لەبەر دەستە تا کات بە فیڕۆ بدەی ، بۆیە بە کورتی مەبەستەکانم بڕیوەتەوە ئەوەندە خۆم بە شیعر چیڕ ناکەمـەوەبۆ ئـەوەی کـەسمان ئـەوی تـر بێـزار نـەکات . تـۆ چـەند شـیعری زیـاتریش بهۆنیـەوە پێویسـتیت بـە ووشـە دەبێـت بۆیـە ئەوەنـدە سـەرم سووڕنامێنێ لەوانەی کە توانای شـیعر هۆنینـەوەیان زۆرە بەرامبـەر بـەوەی کە سەرم سووڕدەمێنێ و تێ ماوم ئـەو هـەموو ووشـە و دەربڕینانـە لـەکوێ دێنن وەك ئەوەی لە زمان دەوڵەنـد تـر بـن ! کەچـی بـێ ئاگـان لـەوەی کـە ووشـەکان دووبـارەن یـان جێگۆڕکیـان پـێ کـراوە وەك حەسـەن کەچـەڵ و کەچـەڵ حەسـەنیان لێ هـاتووە .. لـەوەش تـێ دەگـەم کـە وەسـتایی لـەم بەکارهێنانە جاری وا هەیە خوێنەریش بێ ئاگا دەکا .

شاعیر هەق نیە ئەوەندە هـەوڵ بـدا شـیعر بـە زۆر بنووسـێ یـان کـێ بڕکـێ بکـات بـۆ دیـوانی تـازە کەچـی شـاعیری وا هەیـە تـەنیا لـە ڕێگـەی

شیعرێکی دەچێتە نێو مێژوو ... بۆیە ئەو قسەیە دەکەم چونکە شیعر ئان و ساتی خۆی هەیە پێویستە کاتی شیعر بە هەدەر نەدرێت درێژ کردنەوەی کات بۆ هەموو شتێك بلویٚ بۆ شیعر نەخێر ، شیعر وەك لە دایك بوون وایە خۆ هەموو دەمێ لە دایك نابێ ، کاتی شیعر زۆر کەمتر لەو مەبەستەی دەتەوێ بیدرکێنی ..

شیعر ڕەنگە پێوانە نەکرێ ، ڕەنگە کارەساتێکی گەورە یان مێژوویەکی دیاری کراوی قۆناغێك ڕۆژ و مانگ و ساڵان بخایەنێ کەچی شیعر بە چەند دێڕێك کۆتایی پێ دێنێ ... پێم سەیرە هەندێ شاعیر ئەو کاتانە لەکوێ بۆ شیعر قەرز دەکەن کە شیعر قەرز و قۆڵەش نازانێ ، شاعیر بەهۆی ئەوەی کاریگەری زۆری لەسەرە وەکوو ویژدان ، سۆز ، هەڵوێست .

بۆیە ئەوانەی پەیوەستن بەو سێیە ئەوا تێکەڵ دەبن یان شۆڕ دەبنەوە بە ناخەکان ، ناخیش چاوی تیژ و بیری وورد و قەڵەمی درشتی دەوێ . ئەگەر باسی ناخ بکەین چۆن دڵت دێ دەرگای دیوانی شاعیران نەکەیتەوە ، ووشە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ ئەگەر لەگەڵی دا نەبیت هەقە گوێی لێ بگریت بۆیە هەڵوێست وەرگرتن لە شیعر هەروا ئاسان نیە فتی بکەیت یان پیرۆزی بکەیت .. شیعر وەك سرووشت وایە ، تێکەلاو و ئالا و والایە بەلام کالاش بەقەد بالایە ، با لێ بگەڕێین چرۆکان دەرکەون هەر نەبێ دەبنە سێبەر بۆ هەتاوێك یان هەتاو بۆ سێبەرێك ، چونکە : شیعر داڕشتنەوەی مەبەستو

حەزو خواستو هەڵوێستەکانە بە جوانترین روخسارو ناوەرۆك هەندێ لە مرۆڤەکان بۆ دەبەن .

لەلای من هاندەری بەهێزو کاریگەر هەن لە ناخم دەدەن ئەویش بە چێژ وەرگرتن چ لە بینین چ لە بیستن ، کەلەبەریان وەك چرایەك دەیان شیعرم نووسیوە هەرکاتێك ئەوان تەواو بوبن منیش وەستاوم .

پێش ئەوەی شیعر بنووسم بە چەند رۆژێك یان بەر لەچەند هەفتەیەك ووشەو مەبەستەکان لە مێشكو دڵم دێتو دەچێت هەتا ئەو کاتەی چۆن باران دایدەڕێژێت بەم شێوەیە دەست پێدەکەم زۆرجاریش وابوە بە قەڵەمیش راناگەم بۆیە شیعر وەك فریشتە وەك خدری زیندە (گۆدۆ) وایە لە کاتێکدا لە ئەوپەڕی پێویستیدایت بە زانایی بە تینی شنە نەرمەکانی لە دەریای رجا بڕایی ( مەئیوسی ) رزگارت دەکات .

ئیدارەدان بە بەهرەو تواناکانی شیعرو هونەر گەیشتنە بە لوتکەی هزرو بیرو جوانی دابڕانو دورە پەرێزی زیان بە پەیامەکەی دەگەیەنێ .

شیعر ئەگەر مەرجیش نەبێ ئاوێنە بێت بەڵام مەرجە لە خانەی راستگۆیدا بێت ، لێر قسەمان لەسەر ویژدانی قەڵەمەکانە شاعیر سیاسی نیە ئەگەر سیاسیانەش بیر بکاتەوە شیعر خۆی پەیامە بەدوای بەر برسیارێتی دەگەڕێت پرسیاریشەو بەدوای وەڵامەکاندا دەگەڕێت .

شیعر وەك مێژوو باسی بکەین کە ئەمە بەراست نازانم وەك شیعری دوێنێو ئەمڕۆو ئایندە ، هی ئایندە دەبێت بە ئەمڕۆ ، هی ئەمڕۆ دەبێت بە دوێنێ ،

هی دوێنێش دەبێت بە سامانی نەتەوەیی ، بەڵام هەر هەموویان کۆشکی ڕەنگینی شیعر پێك دێنن ، ئیدی با هەر بەرقەرار بێت شیعر .

هەمیشە شیعر لە هەموو بارو دۆخێکدا ئامادەیی هەبوەو هەیە بۆ نمونە لە ساڵی ***1986***دا تا ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین کە ڕۆژگارێکی یەکجار سەخت بوو من وەك کەسێکی قاچاخ لە رژێم لەگەڵ کاك موحسین ئاوارەی شاعیر کە ئەویش هەر قاچاخ بوو لە حەشارگەکەی ماڵی خۆیاندا ناوە ناوە بە نهێنی یەکترمان دەبینی مرۆڤ لەو ڕۆژانەدا زیاتر بێ ئومێدەو عەودالە بەدوای دەنگوباسی سیاسی کەچی ئێمە کە دەگەیشتینە یەکتر ئامادەیی شیعر لە پێشەوەی هەموو باسو خواستەکان بوون بۆیە شیعر سەر مەشقی هەموو کاتێکە .

## چەند هاوڕێیەك :

دۆستو هاوڕێ لەتەمەنی بەراییدا کاریگەری گرنگی لەسەر مرۆڤ دەبێ لەوانە هاوڕێو نزیکی خۆم مەخابن زوو ماڵ ئاوایی لێکردین ئەویش دکتۆر عەبدولڕەحمان ئیسماعیل (د:ڕەحمان) کەزۆر هانی دەدامو سەرنجو وردەکاریەکانی ئاسۆی بیرو هۆشمی والاتر کرد خۆشی زاناو پسپۆرێکی شارەزایی لێکەوتەوە .

هاوڕێیەکی تر دۆستی لەمێژینەم مامۆستا حەمید شێخۆ کە هەرسێکمان لە دنیایەکی هاوبەشدا دەژیاین ڕۆژنەبوو پێکەوە سەرقەڵا نەکەوین و لەوێ

کۆڕی شیعرمان دادەبەست ، مامۆستا حەمید شێخۆ ئەوەندەی عاشقی شیعرەکانی نالی بوو بۆیە هیچ زەحمەتێکی بە خۆی نەدەدا گوێ لە شیعری شاعیرێکی تر بگرێت بۆیە هەمیشە ئەو کێشەو گرفتەمان هەبوو ، دوایش کە دەهاتینە خواری بە تایبەتی لە سالآنی **1970 – 1973** لامان دەدا قاوەخانەی عەبۆ کە هەمیشە جوامێرۆ نووسەرو رۆشنبیرە لاوەکان لەوێ بوون لەگەڵچ شاعیری ناودار عەبدوڵلا پەشێو و شاعیرانی تر کۆڕەکان گەرمتر دەبوون ، نابێ شاعیری جوانەمەرگ مەجید خامۆش و شاعیری هەست ناسك والێخۆشبوو ئەنوەر مەسیفی لەم کۆڕانەی خۆمان فەرامۆش بکرێت هەرەها برایانی خۆشەویستم محەمەد عەزیز دەربەندیی و داود شڕۆڵ .

لەدوای نسکۆی **1975** کە لەشاری کەربەلا بووین هەمیشە لەگەڵ هاوڕێی دێرینیم کاك نەژاد عەزیز سورمێ هاتو چۆی یەکترمان دەکرد پێکەوە تامەزرۆی شیعر دەبووین لەجیاتی تامەزرۆی ئازادی .. لە بەغداش چایخانەی زەهاویی و پەرلەمان ئەوە زۆر کاریگەری هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو محەمەد تۆفیق ووردیی و مامۆستا مەحمود زامدارو نووسەرو شاعیرانی ئەو رۆژگارانە کە ئێمەمانان زۆر سوودمان لێوەردەگرتن .

لە کۆتایی دا ڕەنگە بپرسن بۆ : شۆڕشی مەستان ، چما مەستی هەستی هەیە یان هەستی لە رێگەی مەستی ، وەك ئەو زانایەی کە دەڵێت : جارێك

سـێ کـەس دانیشـتونو مـەی دەخۆنـەوە (شـێت) ێـك بـە بەردەمیانـدا تێدەپەرێت داوای لێدەکەن بفەرموو لەگەڵماندا بخـۆرەوە ئـەویش دەڵێـت : ئێوە دەخۆنەوە تاوەك منتان لێبێت ئەی ئەگەر من بخۆمەوە چـیم لێـدێت ، ئەگەر ئەم دیوانە شیعرە ڕۆمانیش بوایە هەر ئەم ناوەم بۆ دادەنا ...

ئەم دیوانەش هەر لە ڕۆمان دەچێ لـەوەی کـە بەسـەرهاتی هەمەلایەنـەی وڵاتێکی گەمارۆ دراو گەلێکی درِ دونگی لەخۆ گرتووە بەو هیوایەم مێژویەکم تۆمار کردبێ ، پەیامێکم گەیاندبێو سنوورەکانی نیشتمانم شکاندبێ ، ئـیتر تا ئەو دەمەی دەم دەنێینە دەمی خۆرەوە .

* لە ژیانی فەرمانبەرێتیدا زیاتر لـە پـەروەردە کـارم کـردووە وە چـەندین پلەو پایەی حکومیم وەرگرتوە وەکو بەڕێوەبـەر – بەڕێوەبـەری گشـتی – سـەرۆکی دەزگـای گەشـتو گـوزار – ئەنـدام لـە پەرلـەمانی کوردسـتان بەشـداریم لـە دامەزرانـدنی چـەندین رێکخـراوی نـاحکومی کـردووە ، ئێسـتا سەرۆکی بنکەی رۆشنبیری شەهید و سەرنووسـەری گۆڤـاری شـەهیدم ، لـە دوا قۆناغیشدا بڕوانامەی دکتۆرام لە بواری ئیدارەی گشتی( أدارە ألأعمال ) بەدەست هێناوە .

ئـەوە میـراتـم شـیـــعرو پەیـامـە
هەوڵ و کۆششی چەندین عەیامە
شیرین بێ تاڵ بێ کوردی کەلامـە

**شایـانـی ڕێـزو سوپاس و سەلامـە**

***نیعمەت عەبدوڵڵا***

***هەولێر***

***2006 / 12 / 10***

# بۆ نیشتمانەکەم

لە سەرەتای هەموو رۆژێ
کە ئاگا دێم
وادەزانم ئەتۆ هەر هەی
لەگەڵ چرپەی دڵدارەکان
دەڵێم ئۆخەی
کە ئاگا دێم
زۆر پەرۆشم بەرەو تۆ بێم
چەند حەزدەکەم
لەبەر چاوی ناحەزەکان
مل لە سامی رێگا بنێم
کە ئاگا دێم
عەشقی مردن
هەناسەکانم تەنگ دەکا
بێجگە ئەتۆی زیندوو
کێ لەمانای مردن دەگا
هەرچەند تەنیای
بێ باوەشی منە دەگری
بۆ دنیای ون بووی منە
ئەتۆ دەگری
ئای بەیانیش کە ئاگادێم
فریشتەی ئەم عەشقە کۆنە
هەڵدەنیشێ
لەسەر لق و پۆپی سەر ڕێم

کەربەلا - ***16 / 12 / 1975***

# بۆ کیژێکی فەڵەستینی

چە ندین ساڵە

ئێمەو ئێوە بەبێ

باوکی و بێخوان دەژین

چەندین ساڵە

لە دوورەوە بۆ

باوەشی دایك دەگرین

ئەی کیژۆڵە

ساوایەکەی شاری یافا

دوێنێ تۆم دی لە بەیرووتدا

فرمێسکی ورد ورد دەڕژا

بەسەر گۆنای

زەردی رووتدا

تۆش منت دی لە سنورێکام

کەوتووی برینی هەردوو دیوم

زۆر برژانگێ

وەك هی تۆی تیژ

## بەناکاوی جەرگی بڕیوم

کەربەلا – ***1 / 10 / 1975***

# نامەیەك

ئای
ئەو کەسەی
من لەتاوی خۆشەویستیت
بیابانی وشك و برینگ دەکوتمەوە
هەر چەند هەنگاو
بە نێو چەو و لمدا دەنێم
ڕێگا نابڕێ
بە گەرمایی تیشکی هەتاو
دڵی ناسکی خوێن تێزاوم
قرچەی سۆزی نێو هەناوم
لە دیمەنی بزڕکاومدا قەت ناسڕێ
ئەی تاقانە شیرینەکەم
چەندین ساڵە بە حەزرەتم
گوڵاوی دەمت
لە شەوێکی مانگەشەودا
لە بناری ئەشکەوتێکدا تێر هەڵمژم
لە پایزی ئەمساڵەدا

دەم و چاوی کەمبینەکان

سیسی و کزی بێتینەکان

نامان گەیینە

وشەی جوانی پیرۆزی جووت

نامان گەیینە

وەڵامەکەی بۆ دێین لە دووت

کەی ئاسمانی پڕهەورمان

بروسك و هۆڕی لێ دەبڕێ

کەی دوژمنی ژیانی تێرمان

مەرگەمووشی ژیانی خۆیمان لێ دەکڕێ

شیرینەکەم

رۆژێ دادێ

شیرینایەتی

بۆ دراوسێیە هەژارەکان دابەش دەکەین

لەکەژێکی وەك نەورۆزدا

زەماوەندو شایش دەکەین

لەدەستی یەك پێشمەرگەکەی مەرگ بەزێن

شاباش دەکەین

بەسرە - ***22/ 2 / 1974***

# وەرن

وەرن مێژوو
لەسەرچاوەی زامەکانم
بنووسنەوە
وەرن
وشە
لەنێو هەگبەی رازەکانم
بهۆنەوە
وەرن چەقۆ
لەهەناوی مندا بسوون
وەرن تاوێ
لەنێو دڵی مندا بنوون
وەرن بۆتان وەك پێویستی
دەبمە پردی خۆشەویستی
لەسەر رێگەی حەسانەوە
گوڵم من بۆ گەشانەوە

هەولێر - 7 / 4 / 1983

# جەنگی نەهەنگ

وەك ئەستێرە
بۆ دامێنی بەرزاییەکان
دێینە خوارێ
لەگەڵ هەوری داکشاو
بۆ سەر سکی دەشتاییەکان
دێینە خوارێ
سەرماو سۆڵی رێبەندانین
پێشە بڕکەی
لافاوێکی دنیا گرتووین
کانی وشکی دێهاتەکان
مەزرای تینووی جووتیارەکان
لەئامێزی گەرمی ئێمە
لەهەناوی پاکی ئێمە
ئاو دەردێنن
ئێمەین
لەگەڵ پەنجەو تەقەی تفەنگ
وڕێنە دەکەین
ئێمەین
وا لەگەرووی گەڵێ نەهەنگ
بەشەو و رۆژ
هەروابن لەجەنگ

کەربەلا - هاوینی - *1975*

# شەتڵی داپیرە

داپیرە گیان
لە ئەشکەوتە دێرینەکەت
مەگری بۆ من
لەسەنگەرە شیرینەکەت
بگری بۆ من
نەکەی دەنگت
بە گوێی ئەوان بچرپێنیٚ
هەستی پەنگت
دڵی ئەوان بخورپێنیٚ
داپیرە گیان
من ئاگری نەکوژاوەی هەناوتم
داپیرە گیان
من فرمێسکی قەتیسماوی ناو چاوتم
کاتیٚ بەفر بتوێتەوە
بە ئاگری گەشتو سەیران
کاتیٚ خونچەش بکرێتەوە
بەئاوازی بەستەو حەیران
داپیرە گیان
من ئەودەمە دەبمە شەتڵیٚ
شین دەبمەوە
دەبمە خاوەن پۆپو چڵیٚ
قوت دەبمەوە

هەولێر - ***10 /2 /1973***

# بۆ هاوڕێی شاعیرم

**مەجید خامۆش**

**شاعیر دەنگێ**
**تۆ لە ناخی گەڕەلاوژەی**
**بێدەنگیدای**
**دەنگ هەڵێنە**
**لەشۆڕش‌و لە تەوژمو**
**لەپەنگیدای**
**دژ بایەقوش**
**لەسەر چڵێ**
**بۆم بخوێنە**
**وشەی دەمت**
**چوزەی دڵی ناسکێ بێ**
**گلێنەی چاوی ئاسکێ بێ**
**بۆ بڕینی زامی پڕ سۆی**
**برسی‌و تاویترووسکێ بێ**
**بدا لەخۆی**
**شاعیر دەنگێ**
**لەو گەروەی کە نانووسێ**
**هەرچەند لەنگ بێ**
**لە قورگتدا قەت ناخووسێ**

بەغداد -***22 / 2 / 1973***

# بۆ دەروێشێك

دەروێش
جۆش‌و خرۆشی تەهلیلەکەت
بە ووشەی پیرۆز ناوم دێنێ
دەروێش
لەبەر دەرگای بێ کلیلەت
سۆزت دەرگام دەهەژێنێ
ناڵینەکەت
بێ سەرینیی‌و ئاوارەیی هۆیەتی
لای لایەکەت
بۆ منی بێدار لەم کاتەدا خۆیەتی
وەك ئەڵقەی زنجیرین هەردوو
یەك لەش‌و هاوبیرین هەردوو
لەژێر تارای رەشداین
لەوڵاتێکی دابەشداین

**خاکی رەنگینی تۆ**

**گەلێك فرمێسکی تێزاوە**

**دڵی غەمگینی تۆ**

**گەلێك هەنیسکی کێشاوە**

**هەر کاتێ بوومان کەلێن**

**سنوور بەزینمان پێ دەڵێن**

**منیش لەبەر هوڕەی هاوین**

**قورگم تاڵە**

**لەبەر لوولەی تفەنگ ماوین**

**دەورانێکە هەزار ساڵە**

**کوا بای زستانی ساردو سڕ**

**بێ هەڵمسێنی گەرمو گوڕ**

**بە ڕانكو بە چۆغەی شڕ**

**کوردستانم بهێنمە گڕ**

هەولێر – *10 / 2 / 1973*

# کسپە و تابلۆ

ئەندێشەی
بیری خەیاڵ وردی ناسك
تۆ ئەو حەزەی
لە ئاستی من بووی بەئاسك
تۆ ئەو کۆرپەی
لەهێلانەی دەروونمدا
بەخێو کرای
تۆ ئەو دلۆپەی
لە فرمێسکی چاوی مندا
قەتیس کرای
تۆ ئەو ماکەی
لە دوای چونت کەجێم دێڵی
تۆ ئەو تاکەی
لەگەڵ گیانی مرۆڤ وێڵی
بە کسپەیێ
تابلۆ نەماوە نەسوابێ
بۆ بینینێ
هیوا نەماوە نەڕوابێ

بەغداد – *15/ 4 / 1972*

# مەبەست

بمانەوێ دڵی ئێمە بۆ
ویستنی قامکە گوڵێ
لار بێتەوە
دەبێ گوللە
لە باوەشی پێشمەرگەدا
سارد بێتەوە
بمانەوێ لە کوشندەی زستانەکان
بپارێزرێین
بەرەو چوونی کوێستانەکان
بناردرێین
دەبێ هەرگیز
لە سێدارەو پەت لە مل بین
لە ئامێزی گەرمی گڵ بین
بمانەوێ خەندەی نەرم
پەردەی دڵی ئێمە بگوشێ
چاوی شەرم
ماکی دڵی ئێمە بگوشێ
دەبێ هەوری نیسان بێنین
گژو گیای رەش لە بن بێنین
بمانەوێ
ئەم گوڵانە بۆ یادگاری
بۆ دەستگیران بن بە دیاری
دەبێ دەستی دڵبەر بگرین
لەگەڵ یەکدا هەتا دەمرین

هەولێر – ***16 / 9 / 1972***

# گوندەکەمان

گوندەکەمان
کێ قووتیدای
کام شۆفلێ
کام دۆزەرێ
چەقۆی تیژی کام گرێدەرێ
کام تۆپ بوو کام فڕۆکە
دلمی برژاند ئەمڕۆکە
نەکانی ما نەدار گوێز
نە هۆگرما نە ئامێز
خۆمو چەکی لە شانم
گەرمەکەم تێکۆشانم
دەسووڕێمەوە جیهان
لە کۆلْ دەگرم نیشتمان

بناری سەفین – ***23 / 12 / 1986***

# شێرە کوڕ

نارۆم
بۆ کوێ سەرهەڵگرم
بە کام ماڵێ سەر داگرم
لەکام شارێ
لەکام وڵاتێ
بۆ کام ڕێگەی هاتو نەهات
نازدارێ دێ
دڵی خۆییم دەداتێ
ئەی نابینی وەك غەوارە
حەوامەوە لەم هەوارە
لە بەر نازی چاوی کۆرپە
ناگوێزمەوە بۆ هیچ هۆبە
بەڕێی دەریا
بەڕێی ئاسمان

دوور خرێمەوە لەنیشتمان
وەك كەشتی نووح
وەك هەلۆ یێ
وەك شینی حاجی بۆ كۆ یێ
دێمەوە لای پیرەداریێ
دەبمە مریدی شێرە سواریێ
دڵی بێنازی گەرمو گوڕ
دێنە پێشوازی شێرە كوڕ
وەك كوردستانو وەك چیا
لەیەكتری نابین جیا

دۆڵی تەوسكە (شێرە سوار) ***10 / 2 / 1987***

# توولە نەمام

هەرشەهیدێ
لە دووڕیانێ
کەدەیگاتێ شۆڕەسوارێ
لەسەر زین‌و ئەسپەکەی خۆی
بە زانایی دێتە خوارێ
گوێی دەخاتە سەرسنگی
بەڵکە لێوەی بێ دەنگی
بەچاوی پڕ لەئەسرین
دەپێچێتەوە برین
پێش ئەوەی بڕوا بۆ دێ
هەڵدەنێ غەرە بەردێ
هەر شەهیدێ لەم وڵاتە
وەك سێبەرێ لەدواتە
ئەو کاتەش کەوا دەدوێن
توولە نەمامان دەڕوێن

بەستورە – هەولێر ***8 / 4 / 1987***

# رابیلە

ئەگەر گوڵ هات بەدیارکەوت
بولبول لەتەك خونچەش خەوت
وابەهار هات نەما تەزی
زستان بارگەی لێناو بەزی
خۆر دێ بەفر هەڵدەمژی
هەڵدێر بەكەند پێ دەكژی
شمشاڵ بلوێر بەدەم شوان
دەزێ مەڕی لەسەرگوان
تاقمی بێری بەسەوەشیر
تافی لاوی دێننەوە بیر
دادەمەزرێن بە چوار چمك
لەیەك دەكەن وەكو جمك
هەر كە مێگەل بگاتە جێ
كۆدەبنەوە خزمانی دێ
شوانە ماندوو بە ستەزمانە
ئای كە مردووی دەست لەملانە
رادەداتن كۆڕی مەڕان
پێشدەكەون بێریی‌و بەران
بەخۆ بەكابانی جوان
دەگەنەوە جێگەی ژوان
خەڵك بەرخیان تێبەردەدا

ئەوان خۆیان لێك وەردەدا
نایێ گورگی لەڕ سەربەخۆڵ
کە مەیدانی بۆ بووە چۆڵ
نایێ خاوەن مێرگو پاوان
سەیر بکا بە تیچاوان
کێ بۆرژاوە لەسەر سینگان
لە نێو پووشو گیاو شینکان
تێ ناپەڕن قازو قولێنگ
ڕەوە پۆڕی سەر بەگولێنگ
نایەن مامز بۆ سەرکانی
شۆڕببنەوە لە تەلانی
بە جێمێنێ چەند کاریلە
بۆ هاونشینی رابیلە
سپیایەتی بەینی لێوان
دەڵێی بەفرە لەسەر کێوان
وا لە کوڕەی هار کردووە
لە مژینی تار کردووە
درەنگ دادێو هێشتا زووە
کاتیش زۆری بە سەرچووە
بەڵام هەروا کە فێربووینە
کەی لە دڵداری تێربووینە

هەولێر – 8 / 4 / 1987

# پایزە هەوار

هەواری من کانییێکە
لە سێبەری نیوە شەوێ
کارمامزی گەرمیانی
لێ دەخەوێ
هەواری من ژووانێکە
کەوی سپی لێ دەدوێ
قازو قولینگی کوێستانی
لێی دەخەوێ
هەواری من دڵبەرێکە
تارماییەو تێدەپەڕێ
دڵدارەکەی ..
بە هەشتاوی
لێی دەگەڕێ
هەواری من ئەو وارگەیە
بۆ شەو بەکێو
بنەگەیە
کە هەمیشە ئاگردانەو
پڕ لە کوڕی پێشمەرگەیە
هەواری من جێی بولبولە
لەگەڵ مندا دەست لەملە
گەرمەلان بوو دۆستی گەلان
وا بووەتە واری مەلان

بناری سەفین – 13 / 6 / 1987

# بۆ دۆکویلار

گەورەم لەکوێی ئەی دۆکویلار
بتی بەردەم کۆشکو تەلار
پاشای خاوەن مێزو کورسی
سکالاًمان کەی دەپرسی
وام مەبینە کەبێ ئالاًم
لە بەرزاییدایە بالاًم
گەورەم منیش خاوەن دلّم
پەڕەسێلکەی نیشتووی چلّم
لەوەتی هەم هەردێ دەنگم
ژێر چەپۆکی بەرچاو تەنگم
وادەزانی نیمە هەوار
نیشتمانمە پشتی دەوار
گەورەم لەکوێی
ئەو ئەستێرەم
لە دیوی تر دەجریوێنم
ئەو برینەم
لەژێرەوە دەتریوێنم

***1987 / 6 / 11***

# بەسەرهاتی منداڵێك

شەوەو نزیك كەلاوەدێ

هەستی نووزەی منداڵێك دێ

نەپێرۆكەو نەهەراشە

ڕێبوارێكی بێ وڵاشە

لەتاریكی ئەنگوستەچاو

بەرەو كانی دەبرێ هەنگاو

منداڵێكی چەند كلۆڵە

دێتو دەچێ بە گاگۆڵە

بێئاگا بوو لە كارەسات

كەئەو كانیە چی بەسەرهات

لێی پەیدا بوون پیرە گورگ

هەڵیان ماڵی بۆ وی وورگ

هاتن گشتیان بوون بە هاوڕێ

بەربوونە گیان گۆشت كاوڕێ

ئەستێرەی گەش لە هەرلایێ

نازانم چۆن بەقسە نایێ

***1987 / 1 / 23***

# چەند دیمەن لە کەرنەڤاڵێك

هەرچی رێچکەو
رێگاو بانو کوێرەڕێ بوو
هاتن بڕیان
هەرچی کانییو
ئاوەدانیو نیمچە دێ بوو
هاتن سڕیان
هەرچی کەندو
کۆسپو رکو شوێن جێ پێ بوو
هاتن دڕیان
هاتن هاتن
شڕە خۆرن
وەك دەجالی سەر پشتی کەر
هەزار جۆرن
کەو و سوێسکەو هەلۆکانیان
بێ چیا کرد
پیرو لاو و ژنو کچیان
لێك تەنیا کرد
هاتن بە پیر بانگی ئەنفال
وەك بەشداربن لە کەرنەڤاڵ
کەرنەڤاڵی گەردە لوولە
دەنگی دایەوە هەلهوولە
چیکرا بە تۆ نیشتمانم
قەت نایەتە سەر زمانم

***1988 / 7 / 2***

# کەمێژوو بە ئاگاهات

**هێشتا قەڵەم**
**دارێکی رووت**
**بێ نووکو ڕەنگ**
**زمانێکی لاڵ**
**بێ هەستو دەنگ**
**دوور بوو لەوەی**
**لە کەللەی هیچ مرۆڤێ**
**تەنیا جارێ بخواتن پەنگ**
**پێش ئەم چەرخە**
**بە شوێن جێ پێی هەزاران ساڵ**
**ساڵ دەرکاتن**
**لەهەر رۆژێ سەد پەڕو باڵ**
**هێشتا زەمین  بێ چیا بوو**
**ساکە گۆڕێکی جیا بوو**
**وەکو لانك**
**دەبیسترا  لێی لای لایە**
**بۆ ئەو کۆرپەی**
**مەمکی دایکی لێ بڕایە**
**لە نێو ناخی**
**دەنگدانەوەی بێ وەجاغی**
**هەزار لاوك**
**هەزار حەیران هەڵقوڵایە**

***1988 / 7 / 18***

# خوێن

هێشتا ئاسمان

بێ هەورو هێڵ

قورگی وشکی ئەم زەمینەی

بە کرێوەو بەفرو باران

نەکرد بوو تێر

ئەو دەم

خوێنی سووری سەد زینو مەم

بە دامێنی کەژو کێوان

دەخشێ وەك تەم

هێشتا کەژیش

هەژارێکی بێ عودوور بوو

دوورە ڕێ بوو

دۆڵەکانیش

دێمەکاری قاتیو قڕیو

کوێرە دێ بوو

لە گەرمێنی ئاودێری خوێن

وەك نەمامێ قوت بوومەوە

لەهەزار شوێن

***1988 / 7 / 21***

# سێبەر

هێشتا باڵدار
بیٚ مەفەڕ بوو هەڵ دەپڕووکا
بەدیار کەوی مل بە خاڵدار
چاوی سیسی هەڵدەترووکا
بەلاکە لاك وەکو دڵدار
بۆ مرازی کۆنینەی خۆی
بێتە سەرچاك
ئاوا ملی ڕێی گرت بۆ ڕووم
وای بۆ چوو بوو
کەمن خێوی سایەی خۆشی
گشت دار بەڕووم
لەو سایەدا ئەوان عەشقی
نساران و دەم سێبەرن
هەر ماندووبن
بە لای من دا تێدەپەڕن

***1988 / 7 / 21***

# سوار

هێشتا  ئەسپ  لە  ڕۆژهەڵات
لە  هیچ  وارو  تەویلەیێ
دەر  نەدەهات
کە  مرۆڤی  بدیایە  ڕادەپەڕی
بۆی  هەڵدەهات
تەمەن  کورتو  بە  ساڵاچوو
ئالیکێکیان  بێ  جەم  دەجوو
هاتن  سواری  بەدەستو  برد
یەك  یەك  پشتی  ئەسپانیان  کرد
وا  هەو  هەوەی  شۆڕە  سواران
هەڵوەستەیە  بۆ  ڕێبواران
ئەوەی  جڵەو  دەگرێ  هێزە
ئەوەی  غەزری
دەدرێتەوە  وەبەر  نێزە
ئەسپ  بە  سواران  بەر  زەفتە
هەر  چەند  عاجز  و  کەنەفتە

***1988 / 7 / 21***

# کەمۆیی

لە ئامێزی گەرمت دایە
لە سەرینی نەرمت دایە
لێم گەڕێ با لەتافی لاویمدا
گیان بخەمە نێو کاڵانی
تووڕەو تەنگی پڕ تاویمدا
دێمەوە وەك کۆرپەی جاران
ناو باوەش و بێشکەی یاران
بە ئارەقی ڕەنجی دەستت
گەورەت کردم
بەو پاشۆڵەی کە خۆت بەستت
هەڵت گرتم
ئاخ نەتزانی
پاش دزەکان  کردیانەوە
چاو کزەکان  بردیانەوە
ئەو کات شەو بوو
پشوودانی پشووی خەو بوو
کەچی ئەمڕۆ بە ڕووناکی
دەمرن لە ڕووی گشت سامناکی

*1972 / 8 / 15*

# هاوارێکی دەستبەسەر

کاتێ شەو دێ
لەجیهانی ئارەقەو خوێن
خەو لە چاوم دەهەرمێنن
بە کاول بووی هەزاران دێ
منی برسی منی بێ نوێن
بەسەر زامی سارێژ نەبووم
دەپرمێنن
وەك رۆژ لە وون بوونی خۆردا
وەك شەو لەگیرانی مانگدا
وەك چیا لە سووتانی گوڵدا
وەك رووبار لە قڕبوونی ئاودا
لە زیندانی مەمی هاوڕێ
لە هەناوی بێستوونی ڕەش
لە گوێی مەمکی
شیر تێزاوی دایکدا
لە هیوای باخچەی ژینی
سەد کاوانیو ئەتروشیدا
لە شەتڵی ناو ئەشکەوتی داکاندا
لە فیشەکی ئازاردام
وا لیرەدام نەگەیشتوم
وا لیرەدا نەگەیشتوم

*1973 / 4 / 6*

# بۆ گوڵێك

پیرە گوڵ گوڵی ئەوساکەی من بوی
لەنێو دڕكو داڵ بۆچی لێم ونبوی
چەندین شالووری ناسكو دەنگ خۆش
چەندین دلْداری نازدارو بێهۆش
چەندین رێبواری تینووی بەربەیان
کاروان سەرایان بەیەکتر گەیان
کەچی لەون بوون ئەتۆ تێرنابی
زمانی ئەشقو ئازار فێر نابی
هەرچەند کەدوورم من لە ولاتان
رووت بم برسی بم دێم بەدواتان
لەیادم نەبوو تۆش وەك من وێڵی
وێڵی ئەو دەنگەی کەوا جێی دێڵی

کەربەلا – ***21 / 6 / 1978***

# ژان و دامرکاندنی

ئەگەر هەوری ئاسمان گڕ
نەگری بەسەر گڕی نەورۆز
ڕووبار نالکێ بە ڕووی شاخ
گوڵیش ناڕوێ لە نێو باخ
هەرچەند ئەشکی چاوی مرۆڤ
گوڵ و ڕووبارە
چەم و جۆبارە
بەڵام وەك چۆن وایە هەردەم
تۆی ئازادی دینێتە بەرهەم
ڕوومەتی لاوی دەکێڵێ
دنیای سەر شۆڕی دەهێڵێ
بولبول نییە گوڵ بدوێنێ
لە گوڵستان خۆی بنوێنێ
مرۆڤ چەك دەنێتە شانی
بۆ ئەوەی دامرکێ ژانی
لە جێی تفو لە جێگەی شەق
دەماری غیرەت هەڵدەستێ
لە زیندانی تەسكو ترووسکدا
بە ڕووی تاریکی دەوەستێ

کەربەلا - ***18 / 9 / 1975***

# برووسکەیەکی بە پەلە

ئەی پێشمەرگە
شەوانی گۆڕەز
بەیانیانی لووتکەی کۆڕەك
بانگت دەکەن
ماچی لێوی کانیاوەکان
لاشەی گەرمی سووتاوەکان
لەشاری شەهیدی دوێنێ
بانگت دەکەن
دەشتی پانو بەرین
زوورگەکانی شاخی حەمرین
چاوەدێری هاتنی تۆن
چاوەدێری
تاقە دیاری دێرینی تۆن
ڕەنگە بڵێی مرۆڤێکم

**خوێنی گەشی شیرینی خۆم**

**زۆر خۆش دەوێ**

**خوێن تیماری دەردمان ناکات**

**کەس لەمانای خوێن تێناگات**

**کەچی گیانە**

**ئەتۆ نەبی نیشتمانمان**

**وشەی جوانی کوردستانمان**

**لە دڵی ڕۆژانی وەك ئەمڕۆ**

**بۆ جێی نەرمو کورسی بەدرۆ**

**دێن دەی دزن**

**بەڵام دڵی شەوانی ئێشککگریت**

**دەستی درێژی**

**قرێژاوی ئەوان دەبڕێت**

**لە وڵاتی فرمێسکو خوێن**

**چاوی لێڵی ئێمە دەسڕێت**

بارزان – ***2 / 6 / 1974***

# کاروانی رزگاری

گەڕانەوە
لەهەوارگەی
گەرمیانی چەندین ساڵە
لەبەزینی ڕەوە گورگێ
داماڵینی پیرە ورچێ
گەڕانەوە
بەدەستێکو
بەچاوێکی نەترووکایی
بە زنجیرەی
خەباتێکی بێکۆتایی
بە هەلهەلەو پێکەنینێ
بە نووزەی گریانی زینێ
گەڕانەوە
لە سەرەتای بەهارێکی
بێ گوڵو مەل
پێشوازی کرد دڵی ناسکی
پێشمەرگەی گەل
بەنیاز کوێستانێ شەتڵێ دەڕوێنین
سروودی رزگاری لەسەردەخوێنین

بارزان – بناری چیای شیرین 27 / 4 / 1974

# ئەسپی شێ

له قووڵایی بیابانی سوارێکم

ئەسپی شێم له بندایه

دەڕۆم

ڕێگا دەبڕم بۆ

هۆگری گەرمی ژیانێ

مژده دێنم که سەربەستی

بەم زووانه دێته کایه

هاوڕێیانی هەردەم ماندوو

به قەیناغی پەنجەی پاڵه

چاوی کتو کوێری ئەوان

بکۆڵنەوه

بیابانی ڕێبازگەی من

به دۆلاری ئیمپریالیست

نەگۆڕنەوه

بەسره – 7 / 2 / 1974

# خەم هەڵگرێکی تاساو

**برسیەکانی خوێن**
**هەزارەها بێچوە نەهەنگ**
**لەنێو زامی**
**هەژارانی ئەم وڵاتە پێگەیووە**
**بەئاکامی دەستی ڕەشی گەلێ دەبەنگ**
**گوڵی ئاڵی ئەم وڵاتە**
**هەڵوەریوە**
**لە ئەیلوولی دێرینو**
**لە بەهاری ئەم ساڵەدا**
**وێنەی شەتڵی ناڕەسەن**
**ڕووان لەسەر ئەم خاکەدا**
**لەرووتی من لەدەردی تۆ**
**تەقەی سەری دێ و بێباکە**
**تێناگەنو ناخوێننەوە**
**مەبەستی ئەم خوێنە پاکە**
**ئای بۆ دەستێ**
**جۆشێ بیگرێ و هەستێ**
**وێران بکا نزرگەیان**
**بنووسێنێ**
**دەنگی ناسازی نرکەیان**

سەرسنوور – ***11 / 4 / 1975***

# بە گژداچوونەوە

گیاندارێکم
بەڕووی هەوری دژا وەستام
بە کرێوەی خوێنیٚ کەڕژا
لەخەو هەستام
گیاندارێکم
دڕندەی کێو هەڵیگلۆفیم
لەئەشکەوتی دێرینما
لە لاپەڕەی زێڕینمدا
بۆ سەدان جار ژیامەوە
جەستەو پێستی هەڵترۆقاویم
نیشانەن بۆ ویستی ژیان
کەی جیهانی سورگۆمم
بە گوێی ئەوان دەچرپێنیٚ
کەی چاوی تیژی ونم
تیشکی ئاگر دەپرژێنیٚ
کەی ناوم گۆڕم خۆڵم
لە لیستیان دەنووسریٚ
کەی جەرگو چیاو چۆڵم
لە مێشکیان دەبیندریٚ
دەبیٚ گێلی ئەوان بەسبیٚ
دەبیٚ وێڵی منیش بەسبیٚ

***1970 / 6 / 19***

# لالۆ

لالۆ بۆ دەگری
لەنێو پێخەفی مردن
هەناسە دەگری
ئارەقەی گۆنای ژاکاوت
دەسڕی
لالۆ هۆ لالۆ
توخوا راست بێژە
هەرچیت لە بیرە
ئەسرین مەڕێژە
ئەمڕۆ تەگبیرە
لالۆ
سێبەری هەور نەبوایە
لە جۆزەردانداا گشتمان گەڕ دەبووین
لالۆ
نێرگزی نیسان نەبوایە
لەنێو بای ناسۆر
ئێستا گەڕ دەبووین
کزەی فێنکی کەژی هەورامان
لووتکەی سەفینی باوە گەورەمان
هەردوو ئاوێتە بۆ هەتاو
لالۆ
تابوونە کوورەی وەك زووخاو
لالۆ .. لالۆ .. هۆ .. لالۆ

***1972 / 12 / 26***

# دەنگ

شۆڕەسواری گەرداوەکان
گەرداو بێنە
لە پەسارگەی وێرانکاری خانووەکان
هەتاو بێنە
بۆ سەر خاکی بەفرو کەودا
لەگەڵ شنەی بەیانیدا
خوناو بێنە
زامم هەزار زامی نەپۆشراوەی
لەژێر دایە
دڵم هەزار خورپەی نەگوشراوەی
لە ژێردایە
هەزارەها سکاڵای تر
بۆ بارەگای خودای گەورەش
لە رێ دایە
وەك چۆن مەسیح لە خاچ درا
وەکو و حوسەین لە کەربەلای شوورا
وا ئاویدا خوێنی رێباز
کوردستانم لە باشوورا

***18 / 10 / 1995***

# کام

هەموو ئومێدو ئاواتم ئەتۆی
سەرت هەڵگرتووەو
بەرەو کوێ دەڕۆی
بۆ سێبەری
کام دارگوێزێ
داربەڕوێ
دارچروێ
بۆ بناری
کام هەڵگوردێ
کام قەندیلێ
بۆ کام دڵی شێتو وێتێ
کەوا عەشقی ئەتۆی دیتێ
شۆڕە سواران دێن
وەرنە سەر ڕێیان
بەڵکو فێردەبن چەند وانە لێیان

سلێمانی – **14 / 8 / 2002**

# دایك

چاوم گێڕا
دڵم گێڕا
کەچی دایکی هیچ کەسێ
نەبووە دایکم
ئەی دەتانەوێ بێ دایك بم
ئەی خەڵکینە
گەر نامناسن ئەمن کێم
لەکام شوێنو لەکام جێم
خۆ دێوەرە نیم
بسوورێمەوە جیهان
لە کۆڵ بگرم نیشتمان
ئەگەر کەڕو کوندو گێژن
بەئەسپایی وادەمنێژن
بگەڕێن
لەبەر دەستی کام زۆردار
لەژێر باڵی کام خۆنکار
ئەوە دایکمە دەمرێ
سزای واتوندیش دەدرێ

/ 12 / 23

1986

# چاوەڕێم

چاوەڕێتم
لەچرپەی تۆ دڵی ناسکی بێداری من
بۆ باوەشی گەرمو گوڕی شیرینی تۆ
ڕادەچەنێ
بەڕێ دەکا کاروانی خەم
ئەسرینی شادی دەڕێژێ
لەدامێنی قەڵاکەی دێرینی تۆ
چاوەڕێتم
بۆ هێنانی وەنەوشەی پار
بۆ بەخشینێ
ئەویش ماچێ لەکوڵمی یار

چاوەڕێتم
چاوەکانم نیشانگری
چاوی راستەی پێشمەرگەیە
پیَ یەکانم
شاخی سەختی
نێو سەنگەری ئەم جێگەیە
ئاوی پێمدا ئاخ نەهاتی
چاوەڕێتم
کە برسیەتی
کە تینوویەتی
هەژارانی ئەم وڵاتە تۆ بیشکێنی
کۆرپەی ساوای ئەم هەردانە
بە لای لایەی خنجیلانە
بێی بینوێنی
بەڵام ئەی داخەکەم کەنەهاتی
لەچەقی ڕێگامەو
قەت نەهاتی

شنۆ – 1 /9 /1974

# سروودی بێچارەیەك

ئەگەر خونچە هاتە سەرییو بووبە یاخی
دەبێ بولبول حاڵی چۆن بێ لەنێو باخی
گەر ئاسکی سەر سنوورمان بکرێ تەنگاو
بۆ باوەشی کام هێلانە دەبڕێ هەنگاو
ئەگەر سێبەر بەدوای بەرزی دارگوێز گەڕا
ئەگەر خوڕە بەهەنیشکی شاخ هەڵگەڕا
ئەگەر هەوار بەدوای گوندێ سووڕایەوە
ئەگەر ساوا بۆ لای دایکی نووزایەوە
ئەگەر ڕێبوار کوێرە ڕێی گرت بڕی ڕێگا
بەهەر ماڵێ سەری داگرت لێیدا دەرگا
ئەگەر هەموو کەڕو لاڵو کەم بینا بوون
سواری ئەسپی کۆنە ساڵەی نێو دنیا بوون
بۆیە دەبێ پڵنگ لەکێو لێی بغەزرێ
لەژێر سایەی بەیداخی سوور بۆی دامەزرێ

هەولێر – ***1986/6/16***

# سەردان

گوتم جەژنە دڵدارەکەم هەردێ بۆژوان
گۆزە لەشان دەست لەسەر نێك ڕووبەرەو شوان
دێ لەگەڵ خۆی دیارییو پەیمان بۆ من دێنێ
بەقسەی ناسك دەملاوێنێو دەمدوێنێ
کە گەییەلام بوخچەو بارگەی دەکاتەوە
کە گەڕاوەش جوانترین وشە دەباتەوە
کەچی ڕەوتی بەرزی شێرە ژنانە
ڕەزیلی کرد پێی نەبەخشیم چ جەژنانە
دوورو نزیك بەئاوازی بەرزو نەوی
ئاگای دێنێ گوێی تەپیوی کۆنە زەوی
تادێو دەڕوا وەك ڕێگەوبان دەکشێتەوە
لەبەر چاوم دەبڕێتەوەو نابڕێتەوە
لەدوورەوە هێمای کردو گوتی هاوڕێ
هەتا مردن بەسەلای من بۆتۆ ئاوڕێ

***1986 / 8/ 15***

# تووانەوە

**پێشکەشە بەو شۆڕشەی کەچاوی کردمەوە**

ئێستاش دەڵێم خۆزگەو بریا
کەدۆستەکەم بۆم دەگریا
تێگەیبام کەچاو قرژاڵ
واخەریکە دەمنێتە چاڵ
دێتە بیرم ژاندرمەری
بەسەر سکمدا تێدەپەڕی
دێتە بیرم لەسەر سنوور
چەند ئافرەتێکی ناگزوور
لەگەڵ گریانو زیڕ و هۆڕ
وەپێش خۆدرابوون بەزۆر
دێتە بیرم شوێن پێی زووحاك
پێیدا دەڕۆیشتن ساواك
دەوریان دابووین لەچوارلا
وەك گەمارۆ بدرێ قەلا
دێنە بیرم چەك بیر و ناو
فڕێ دەدرانە نێو ئاو
هەر پێشمەرگەی سەر بەخۆڵ
سەنگەری پێدەکرا چۆڵ

**بێبەش دەچوە هەر دەرگا**
**پێیان دەگوت ئۆردوگا**
**دێتە بیرم وڵاتەکەم**
**کورەی گەرمی خەباتەکەم**
**ساردو سڕ بوو وەك خەیاڵ**
**کە پێی کرا ئیش بەتاڵ**
**دێتە بیرم چەندین خوێڕی**
**بەبێ ئەوەی کەس ببوێرێ**
**مەمانانی دەکرد دەمکوت**
**بەشان‌و پۆی شای هەڵدەگوت**
**دێتە بیرم نەورۆز و چیا**
**بۆ یەکەم جار لێك بوون جیا**
**بینیم تەنیام ئەوان تەنیا**
**کاممان بۆ یەکتر دەگریا**
**دێتە بیرم کوڕی ئاگا**
**کۆ دەبوونەوە لەڕێگا**
**بەڵام چ دەکرێ بەدرەنگی**
**ناچار دامان بەبێ دەنگی**
**پێش ئەوەی دار بڕوێتەوە**
**پێش ئەوەی بەفریش بتوێتەوە**
**وەك سێبەری بێکەڵکی خۆم**
**بەرەو کۆتایی وادەڕۆم**

دێتە بیرم ئەرتەش عەسکەر
لەملاو لەولا گرتیان سەنگەر
دێتە بیرم لەخاچ درام
لەدووڕیانێك لەبیرکرام
یوسفیش نیم بێتن ڕێبوار
بۆ قومێ ئاو سەربکا خوار
کۆتو زنجیرو سێدارە
دامەزراوە لە ئەم شارە
لە بری مژدەی سەرکەوتن
بەتیری ناکامی کەوتن
ئێستاو ئێستاکەش دەنگیان
بووەتە هاوڕێی مەرگیان
دێتە بیرم گردی سەیوان
پۆل پۆل بۆی دەهاتن میوان
دەرکەوت ئێدی لەوێ ڕۆژێ
کەمرۆڤایەتیش دەتۆرێ
دەستو بێدەست دەبتە یاسا
لەم جەنگەڵستانەی ئاسا
دەبێ وریا بن کوڕگەل
نەخرێنە ڕێزی مێگەل

هەولێر – 21 / 2 / 1987

# کارەساتێکی ناوەخت

**بۆ گوندی شێراوەی وێران**

**نەڕەوەندم نەکۆچەری**
**نەبەردەستم بەنۆکەری**
**وەك دارگوێزو ڕەگی بەڕوو**
**بەو پێ دەشتە گرتوومە خوو**
**لەکەلێن‌و دۆڵو نشێو**
**بەڕەنجی شان کراوم بەخێو**
**ئەو گوندەی لانەی دڵم بوو**
**من بولبول‌و ئەو چڵم بوو**
**بەیانیەکی زووی ناوەخت**
**لەگەڵ زەوی کرا تەخت**
**کەشەو داهات چەند باڕەکەو**
**چەند چۆلەکەی برسی بۆخەو**
**چەند کەروێشك‌و چەندین ئاسك**
**سەرە قوتەیان بوو لەباسك**
**بێنەوە سەرکانی پشتی دێ**

کەتینویەتیان بشکێ بۆ ڕێ
لەگەڵ تارمایی لە پەڕگە
پەیدا دەبوو چەند پێشمەرگە
لەنێو خۆڵو خشتو ساچمە
پێیان دەکەوتە بەرساتمە
تاکە هاوڕێیان تفەنگ بوو
لەم چۆڵەوانییە بەدەنگ بوو
چاویان دایە چەند ڕەبایە
لە دوورەوە هەڵیان دایە
شوێن پێیان کەوتن تائەوێ
هەموویان گرتن لەخەوێ
بەیانی کەڕێگا بۆوە
خەڵك بەرەو ماڵ دەچۆوە
دەبێ تێپەڕ بن لەوێ
کەچی قەوماوە شەوێ
بافێر بکرێن دەسوەکەری
کەچۆن فاشست هەڵدەوەری

هەولێر – ***12/ 4/ 1987***

# دیاریەك بۆ مانگران

گوتیان چیت نووسیوه بۆ هەژاران
گوتم سەدان شیعر
هەر شیعرێ هەڵنەگیرێ بە دەست باران
گوتیان
چیت نووسیوه بۆ گوندەکەو
گوتم وا بەردەوام
چما چاوم دەچێتە خەو
گوتیان
چیت نووسیوه بۆ کوردستان
گوتم ئەو شیعرەی وەك هەڵەبجە
ئامادەیە و لەبەر دەستان
گوتیان
گوتیان
چیت نووسیوه بۆ مانگران
گوتم
گوتم دوا شیعره
دیاری یە بۆ فتاری ڕۆژو گران

هەولێر – **10 / 12 / 1991**

# کۆتر

کۆتری تینووم باڵکراوە
دیلو شەکەت رستکراوە
بەزۆریش بێ دەڵێ دەفڕم
گۆرانییەکی سەوز دەچڕم
بۆ ویژدانی مردووی خەو
کەو دەنێرنە ڕاوەکەو
لەئەنجام هەردوو هەڵدێن
لەخوێنو خڵتاو وەردێن
لەسەر سنووران ژووانە
سەیرکەن ئەم دووانە
هێندە عەشقی شەڕ نەبان
مەملەکەت دەور و زەمان
لەژێر ڕکێفیان دەمان
کەی عەقڵی کورد دەیبڕێ
کرمی ناکۆکی ببڕێ

سلێمانی – ***18 / 10 / 1997***

# بۆ شارەکەم

لەدامێنی پیرەمەگرون
لەنێو بەفرو
هەڵکردنی ڕەشەبادا
خوا دەیزانێ
چەندە ماندوون
لەپایتەختی بابانەکان
حەیفە ئەمڕۆ سەرما بردوون
لەجیاتی تۆ
یەکەم سەردانم گردی سەیوانە
یەکەم کرنۆشم
یەکەم نوێژم
بەرەو ئەوانە
دادی خۆم دەبێ لەوێ هەڵڕێژم
چۆن دەبێ قەلاَی هێندە لەمێژم
غەدر ونیکا
لەنێو کەوڵی خۆی
شێر بۆی دەرنەچێ
لەنێو بێشەی خۆی
خۆڵەکەی قەدی دەکەم بەسەرم
سام و شەوکەتی دەکەم لەبەرم
هاوڕێباز زۆرن
کوڕی تەنگانە
ئاوا مەردانە
دێن بەدەنگمانە

سلێمانی – ***21 / 1 / 1997***

# چاو

لەبەرزایی هاتەخوارێ
چەنگاو چەنگ
بەچاوی سۆزەوە دەیڕوانی
کەچۆن ئەم ناوەی پۆشیوە
گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ
کەزانی زەمانە لەبارە
گوڵیش شەونمی ڕاگرت
لەنێو ئەم هەموو چاوە خومارە
نێرگزیش چاوی داگرت
کەخونچە کەوتە سەرپشت
پەڕووباڵی خۆی کردەوە
پەپوولە
ئەویش سنووری داخست لەم ناوە
بەبێ جووڵە

سلێمانی – ***19 / 6 / 2002***

# پشوو

لەبن سێبەری هەر وشەیەك
یادگارێك هەیە
بڕۆ بەدەم ئاوازەكەی
پشوویەك بدە
لەپەنا هەر وشەیەكیش
ڕازێك هەیە
دەفەرموو هەڵوەستەیەك بكە
لەپەرگەی ئەو وشانەش
دەنگێگ هەیە
كەوا سەگو پشیلە
گورگو چەقەڵی
لێدەتركێ
لەناخی هەر ووشەیەكیش
كورەیەك هەیە
دەسەیری كە چۆن
خوێنی لێدەتكێ

سلێمانی

# پەری

چۆنی بنووسم شیعرم بۆ پەری
نامۆیە لێمان زیزەو بێبەری
چونکە دلگیرە ناکا سەردانم
دڵیشی نایێ دەست لێك بەردانم
ناچارم لەنێو گێژەنەو زریان
لە قوڕگی وشە
دەربێنم گریان

شەقلاوە – 6 / 6 / 1991

# هۆنراوە

**هۆنراوەیە**
**سەرچاوەی خەم دەگرێ بەقوڕ**
**هیوای دڵی برینداریێ**
**لەسەر لووتکەی بەرزی ژانیێ**
**بەهێواشی دێتە خواریێ**
**هۆنراوەیە**
**بۆ ڕاژینی کۆرپەی دەروون**
**کۆتری ئاشتی هەڵدەفڕێنیێ**
**لەنێو سینەی نەوجوانیێ**
**کوڵی دڵیێ دادەمرێنیێ**

# گوڵی سوور

لەپەڕگەی باخچەیێ دیاربوو لەدوور
لەنێو دەوەن و دڕکان گوڵی سوور
لەژێر پێیان بووبە کولە مەرگی
زیوار بەزیوار کرابوو بەرگی
نەدەنگی دەهات چریکەی بولبول
نەخشپەی دەهات نێرگزو سونبول
نەشمشاڵ نەساز نەئاوەدانی
نەوەفای مارو نەپێوەدانی
بۆیە بەم شێوە واسەرسامە گوڵ
خونچە دەپشکوێ دەگرێێ بەکوڵ
مەخابن مەستە بێ ئاگایە چڵ
ئۆباڵی گوڵی دەکەوێتە مل

***1989 / 3 / 12***

# میوان

لە خەوما
دووبارە بووی بەدەستگیران
دووبارە بووی بەبووکو
لەدڵە بچکۆلەکەم
بووی بەمیوان
ئەمجارەیان
دڵبەرتر بووی
دڵتەڕتر بووی
ئەم جارەیان
دەست بەدیاری
لەبەر ژانی خونچەی پشکووت
لەدایک بوون چوار گوڵی ڕووت

سلێمانی – ***19 / 1 / 1997***

# بۆم . ب . س

بنوو
چەند ئەستێرەی شەوان هەیە
لەژێر تریفەی مانگە شەودا
بەئەسپایی دێنو دەڕۆن
بنوو
منی بێدار خەوم نایێ
نەچیرۆکت نەچیرۆکم
بەم زووانە دوایی نایێ
ئەی زۆردار
ئەی ئەوکەسەی بەزۆر
مرۆڤ دەدەی لەدار
ئەگەر ئیمڕۆ لەبێستانی هەژارەکان
شەتلێکی تەڕ هەڵدەکەنی
بەدیار شینی چەوساوەکان
خەو دەبینی و پێدەکەنی
بەلاّم
وای لەسەرەتای کۆتا بوونێ
سەدای مەرگی تێدا چوونێ

دەزانی کێم

ئەو شەتلآنەم لەژێر بەفری کوێستانەکان

لەقولآیی شیرین خەودا

سەر دەردێنم و دەژیمەوە

بەسەر ولآتی بەفرو کەودا

دەزانی کێم

ئاوارەیەکم ئەمدیوو ئەودیو دەکەم

لەنێو دڵی جەستە ونبووی دارگوێزێکی

سەر لێبڕاو

لەنێو چاوی کانیەکی سواخ دراو

ئاوارە بووم

لەبەر زریکەی ئەو کیژانەی ئەتککران

لەباوەشی

بەدفەساڵی ئێسك گران

# سەفین

ئای لەمانگی بەربەیان کاتێ لەکەل ئاوادەبێ
نیشانەی مەرگی ئەستێرە لەشیرینی خەوادەبێ
من کەوا قۆناغانم بڕی ئێستاکەش لەڕێگەمە
گەنجیو پیریم یەکدەبێ ئەم سیاچاڵە جێگەمە
من کەویستم بکێشم ئەو هەناسە بێ فەڕە
گۆڕم بۆ خۆم لێدەدا دەستم دەکردە پێمەڕە
هەروەکو بولبول ڕزگاریت دەوێ هێشتا زووە
تۆ بەئاگابە زۆر لەمێژە ڕۆژی چەوساندنەوە چووە
پەیداکە زانین پیرە سەفینت هەردەبێ
مرۆڤ بێزانین بمێنێ لەمکێوانە گەڕدەبێ

عەمارە – بەندیخانە – 1 / 8 / 1977

# بۆ کوردستان

وا بڕیاربوو هاوین نەڕوا

تۆ بی بە بووك منیش زاوا

لەبناری ئەو کێوانە

بخولێینەوە وەك دیوانە

وا بڕیاربوو وەسەر کەوین

لەگەڵ ئاسۆ وەدەرکەوین

کەمیوانی بەفرو کەو بووین

ئەوسا بزانە کەتێر خەوبووین

بەڵام هەیهوو لەو تەگبیرە

بەدڵ گەنجەو بەدەست پیرە

لەنێوانی لووتکەو ئێرە

ڕۆژێ سەدجار دەمکەن هێرە

هاکا لەناکاو خوێنم دەڕێژن

لەگۆڕستانی ون بوو دەمنێژن

منیش مرۆڤێکم سەر دانانوێنم

سروودی ئازادی نەبێ ناخوێنم

ئەمنی تەواری – هەولێر – 9 / 7 / 1985

# خەونێك لە زیندان

لەخەوا وێنەی کوردستانم دی
نامەی ڕزگاری نیشتمانم دی
کەچی زۆرداران لەخەویان کردم
دووبارە وێنەی نێو زیندانم دی
وێنەی زنجیرو ژووری تەنگ‌وتار
مڕەی سیخووڕی سووکی دەستبەدار
وێنەی دوو چاوی زەقی تارم دی
وەك چارەڕەشی ژەهری مارم دی
وێنەی ستەم و فەلاقەی غەدار
بزر نەدەبوون مەگەر جاروبار
وێنەی تاریکی بیری دووروقۆل
ژووری تەماوی پڕ لەتۆزوخۆڵ
ناڵەی بەسۆزی ئازاری گیانم
دەی شکاند دەرگای پۆڵای زیندانم
بەندێکە جێگەی نووستن‌و خواردن
جێگای پیسایی جێگەی ڕابواردن
بەندێکە لەژێر زەوی کراوە
هیوای نەبوونی‌و بوونی بڕاوە
بەندێکی تاریك چڵکن‌و پڕبۆن

تەماشام دەکەن بەچاوێکی مۆن
دەمێکە دووری کزەی شەماڵم
خوێن و خڵتاوی جەرگم دەماڵم
بەهاوار کردن داد بۆکێ بەرم
دوژمنە ئەوەی کە دێنە سەرم
ناڵەی بەسۆزی ئازاری گیانم
دەی شکاند دەرگای پۆڵای زیندانم
کڵپەی تووڕەیی‌و ویژدانی پاکم
دەمنێرێتەوە ناوجەرگەی خاکم
هەرچەند بێکەس‌و هەژارو تەنیام
ئابلووقە دراوە چواردیوی دنیام
بۆیە دەخوێنم لەم بەندە بەکوڵ
وێنەی بولبولی سەرشێت لەسەر گوڵ
وەك ئەو بولبولە دەژیم بەو پیشە
خوێندن دەکەمە کاری هەمیشە
لەم دوورە دەستە پێوەند کراوم
نەبین‌و کەڕو زمان بڕاوم
تاوانم تەنیا مرۆڤم .. کوردم
تووشی ئەو هەموو ئازارەی کردم

بەندیخانەی عروبە– عمارە – ***1977***

# قەدەر

**ئەگەر ڕۆژگار وای کردبا**

**زین لەتەك مەم نەمردبا**

**پیرە سەگی مەرگە وەڕی**

**بەدڵداران نەدەوەڕی**

**ئەگەر خانیش نەهاتایە**

**داستانی وای نەنووسیایە**

**دەنگ و باسی قەرەتاژدین**

**لەخانەقین تاکو ماردین**

**قوتابخانەی ڕاو تەگبیری**

**دەمایەوە بێ پشتگیری**

سلێمانی

# ئازارێکی تر

ئەو ڕۆژەی دەستگیرکرام
چاو بەستو قۆڵ بەستکرام
بۆ زیندانێ لەژێرزەمین
بەرەو مردن دەبرام
کوردستانی خۆشەویستم
هەتا دەمرم دەتپەرستم
بێ باکم لەوەی نامان خوێننەوە
لەنێو ئازاران دەمان توێننەوە
بۆیە لێ دەخوڕم عەرەبانەی ژین
بەدووایی کاروانی مەمو خاتوزین

ئەمنی هەولێر – تەموزی ***1985***

# خەونێکی تر

کاتێ ڕاپەڕیم نیوەشەو چووبوو
لای جەلادەکان هێشتاکە زووبوو
گوتم کەئۆخەی کاتی دەرچوونمە
دوا چرپەی ژیانی بوون‌و نەبوونمە
نەمزانی دەرگا چۆن دەکرێ والاَ
لەم بینەوبەردە گیانم تێك ئالاَ
ئەوساکە زانیم هێشتا هەرشەوە
تەقەکەی دەرگا هی پرخەی خەوە
دووبارە نووستم وەك لاشەی مردوو
چەند خەوی ئاوا دەیکردم زیندوو

بەغدا – زیندانی ژێرزەمینی – ***1977***

# مزگێنی

**پێشکەشە بە پێشمەرگەکانی بەرگری لەداستانی کۆڕێ**

گوتیان دەبێ وەسەرکەوین
لەگەڵ هەتاو وەدەرکەوین
نەیان زانی قەلو دالاَش
لەگەڵ کۆڕێ نابنە ولاَش
لەڕۆژهەلاَت بازو هەلۆ
بەسروودی دەڵێ و لۆلۆ
لێی چەقین و نەهاتنە خوار
نەك شەرمندە لای شێرەسوار
مژدە ڕۆیی بۆ سەرسنوور
بۆ لای بەفرو کێوو چنوور
ئاوارەکان هەڵوەستەیەك
گوێ ڕاگرن بۆ بەستەیەك
ئەو دڵەین وەك دەربەند والاَ
کوردیش دەبێ هەڵکا ئالاَ

هاوینە هەواری پیرمام - ***1 / 4 / 1992***

# سکالاٚ

بووەسته توخوا پەرچەم زەردی خاو
ماڵ ئاواییمان لێبکه بەتی چاو
هەر بەو تی چاوەش بکەی تەماشه
ئەگەر کەمیش بێ لای من هەرباشه
ئەتۆ فێنکی دڵی پڕ غەمی
کەسی دی نییه ببته هاودەمی
لەبەر سکالاٚی دوورو درێژم
داخی دەروونم بۆکێ هەڵڕێژم
دوژمنم زۆرەو دووره هەوارم
قوربان جارێکی بپرسه زارم
کاتێ بێمه لات بەدڵی پڕدەرد
دەردم نامینێ و بێ دەنگ وەکو بەرد
نەهەموو ڕۆژێك کارم پێت بووه
نەهەموو ڕۆژێك چاو لەڕێت بووه
سەرزەنشتی تۆم کردووه بەخامه
ڕۆژێك دادێتن بکرێت بەنامه
ئۆبالٚم مەخه سەر ئەستۆت گیانه
ڕۆژی قیامەت خوێنم گرانه

بەغداد - ***9 / 1 / 1971***

# گازەرە

هەموو پەیوەست بووین بەدەوروبەرمان
نەمان دەزانی لەخێرو شەڕمان
لەسەر گازەرەی پشتی گایەك بووین
لەژێر ڕەحمەتی پیرە بایەك بووین
ماین لەدووڕیانی یەقین و گومان
گیروو دەبوونی نێو تەمو تومان
عاقیبەت هەموو پابەندی خوداین
لەتوانای مادیی‌و مەعنەوی جوداین
لەژێر یەك ئاسمان لەسەریەك خاكداین
بەڵام هەریەكە بەجۆرێ ڕووداین
هەریەكە باس‌و خواس‌و پەیامێ
بۆی دیاری دەكرێ بژی عەیامێ

هەولێر – ***13 / 12 / 2004***

# بای بای دیموکراسی

کاتێ لەودیو دەسەلأت بووی
بۆ ئەم گەلە کارەسات بووی
نەهامەتیو قاتییو قڕی
چەندجار دەستی ئێمەت بڕی
دیکتاتۆر بگرێ دەسەلأت
دیموکراتی تێ هەڵدەدات
ئەرێ ئەی کوردی بەستەزمان
نازانم کەی دێیە زمان
وەك لاشەیەکی مرداری
بێ بڕیارو بێ کرداری
مرخیان لێگرتووی بەنۆرە
تیلمە نانێکیان پێت زۆرە
مرۆڤی یان کەڕەواڵەی
لایان وایە زەردەواڵەی
مێژووی ئێمە یەك مێژووە
پێشکەوتنمان زۆر پێ زووە
قوربان بۆ حاڵی ئەودیوت بمرم
لەم دیوە دەڵێی خۆرت بۆ دەگرم
وەك قیرو بنێشت هەرمای لەبەرۆك
جارێ نۆکەریو جارێکیش سەرۆك

کانونی دووەمی – ***2002***

# چاوی نیشتمانم

نیشتمانم
لەسەر گازەرەی پشتە
خشتێکی لەسەر چاوە
خشتێکی لە مشتە
نیشتمانم
لەسەر دەریایەکی نەوتی
بەدیار بڵێسەی باوە گوڕگوڕ
لەنێو قوڕو لیتاوان
وا لەسەر چاوان کەوتی
نیشتمانم
گۆڕێکی بەکۆمەڵە
ئەنفال و ژەهر کوشتی
خوێنی بۆ ئازادی بوو

غەدر لەخۆڕا مژتی

نیشتمانم

تەنیا کوردستان نیت

زیندان‌و ژووری خنکان نیت

گۆڕی شەهیدانیش نیت

نیشتمانم دەزانی تۆ چیت

تۆ مەرقەدی کۆرپەیەکی ساوا

کە لەدایکی دابڕا

بەبێ ماڵئاوا

نیشتمانم

من دەروێش‌و من مریدو

حەلقەی زیکرم

ئەم عەشقە ئەو زیکرە

دێنێتەوە فکرم

نیشتمانم

فۆتۆکۆپی ڕەفتار چەوتین

وامانزانی وا لەڕەوتین

لەسای سەری جەنابیان

هێشتا لە گوێی گادا

**خەوتین**

**نیشتمانم**

**لەولاّتی بست بەبستم**

**زامەکانت پەکی خستم**

**ئەگینا چۆن**

**هەندێ چەرچیو کۆنە قەللاج**

**تێ دەپەڕن**

**بەتەك بالآی بەرزی حەللاج**

**نیشتمانم**

**ئەگەر وایە**

**بەخودان و بەئالآیە**

**بۆچی لەنێو بالآی گەلان**

**ونە دیار نییە**

**ئەم بالآیە**

**نیشتمانم**

**لەکوێستانو لەگەرمەسێر**

**وای لەدەمی عەزیایەکی**

**لەپێستی شێر**

**لێت ئالآوە بەچنگی خۆی**

**وادەزانی خولّقاوی بۆی**

**نیشتمانم**

**شینت گەرمەو واوەیلایە**

**شایت لەبن سێبەری دارگوێزێکی بێوەیدایە**

**لە دوورەوە**

**فەرهادێکی بەرگ سپی**

**لەسەر پشتی کەحێلەکەی**

**شیرینێکی لەگەڵدایە**

**بۆ ئەو خۆرەی**

**تازە دەمی لەکەل نایە**

**هەولێر – *8 / 6 / 2005***

# گەردەلوولەیەك لە كوێستانان

**دێم لەخەوما باڵدارێك**
**لەسەر چڵۆ نزارێك**
**هەروەك مانگی چاو بەڵەك**
**دەیهێناو دەیبرد فەلەك**
**بێ شوێنو جێگاو وارگە**
**لەكۆڵی نابوو بارگە**
**ئاوای سەر لێ شێوا بوو**
**هەر وەتە گیانی مابوو**
**لای خۆی دەنگی هەڵدێنا**
**تاكو نەمرێ لەتێنا**
**دەستی دابووە بەرچاوی**
**بەدوای خەیاڵی خاوی**
**هەتا چاوەڕێی هەستبوو**

لەنێو بێ هەستی خەستبوو

لێی پەیدابوو هەوری بۆر

دای ڕژاندێ شەلم کۆر

خونچەی جوانی پەڕناسك

هەڵدەوەرییە نێو باسك

قازو قولێنگو قومری

یەك لەدوای یەکێ دەمری

مامزو کەروێشكو تەلان

بوونە خۆراکی قەلان

شۆڕە سواری بەردەڵان

بەزانایی دەگلان

دڵداری رجا بڕا

بەو زامانە هەڵگەڕ

هەراو هۆریای هەلهوولە

هەڵیکرد گەردەلوولە

دنیای لێبوو بەرەواژ

خەریك بوو بێ پەلەواژ

قەدەر بۆ لایێکی برد

وا تووشی کەرێکی کرد

وەك جفرەی بێ کلیلە

کێ لە بۆکێ دەلیلە

ئەو ناوەیان هەڵگیرا

خۆیان کرد بەهەڵدێرا

پاشی چەند ڕۆژگاران

دێنەوە جێی یادگاران

مێژوو نووسی بەئەمەك

گەر هەی بێ ویژدان کەمەك

لێك دەداتەوە بەخێر

شیعرێکە تەنها دوودێڕ

کەرێك بوو ملی شکا

مرۆڤ ئابڕووی پێ تکا

***1988/2/1***

# بۆ پێشەوە

بۆ پێشەوە

هەروەکو شێر

کەدەردەچێ لە بێشەوە

لەسەر لاشەی هەزارەها

ژن و منداڵ سەر دانوێنن

بۆ پێشەوە

لەتەك سەدان

نیوە مردووی

گڕو زووخاو

بگرین بەتاو

بۆ پێشەوە

گوڵە مێخەك لەبەرۆکی کیژو کاڵان

بکەنەوە

بۆ پێشەوە

ئاورێکیش لەهەو هەوەی شۆڕە سواران بدەنەوە

بۆ پێشەوە

بەرەو زووحاك

بەرەو دەنگی ناسازی ئەژدەهاك

بۆ پێشەوە

بەگشت جیهان بڵێن ئێمە

هەڵنەهاتین

بەڵکو خۆرین بۆ ڕووناکی

چاوی ئێوە

ئیمڕۆ تێکڕا واهەڵهاتین

واهەڵهاتین

واهەڵهاتین

وا .. هەڵ .. ها .. تین

بۆ پێشەوە

کوردستانم بەهەزاران

دۆڵ و لووتکەو سەرچیایە

کەندو چۆمو کەپکە شاخێ

دوایی نایە

بۆ پێشەوە

کوردستانم

لافاوێکی تووڕەو توندە

هیچ بەربەستو هێزو تووانای

فاشیەکانی

دەرهەق نایە

بۆ پێشەوە

کوردستانم

چەندین لانکی شەهیدانی

وەك هەڵەبجەی لەکۆڵ دایە

چەندین کۆرپەی

ژەهر خواردوی

گازی خەردەل لەباوەشیا

خەو دەبینێ بە لایلایە

بۆ پێشەوە

وەك کۆچەرێ

لەو کاتانەی دێتە دەرێ

لەو هەوارێ بۆ ئەو هەوار

هەر لە ڕێیە

وەك پاسەوان

ڕۆژ و شەوان

چاوێکیشی

لەپاوانی پشتی دێیە

***1988/4/3***

# لێقەومانێکی گەورە

چۆن نەڕێژم ئەشکی خوێنین بۆناو کۆش
نیشتمانم واسەر دەبڕن گۆشاوگۆش
وەك دالآش‌و سیسارك دێن بۆی چەرچی
بەڵکو ژەمێ پارووە نانێی لێدەرچی
لەهەر سووچەی بازاڕاندا قەنارە
سەری کوڕە کوردێکی والە کەنارە
وەك دەروێشی ئەحوال گەرم لەپەڕگە
بەزمانی دڵ دێنێ ناوی پێشمەرگە
کێ تێ پەڕێ ناچار دەکا هەڵوەستە
هاکا خۆی دی لەگەڵ ئەحواڵ پەیوەستە
هێند سووری خوارد لە تێنان بوو تەریفە
بەرەو بیابان بڕی دەشکاند سەریفە
هەردەی پرسی تاکو لەخۆی دەبۆوە
ماندوو شەکەت خۆی لەبیرخۆی دەچۆوە
کوا تاریکی کەمانگە شەو بەدەرکەوت
کوا ئاسۆی ڕوون کەخۆر لەودیو بەسەرکەوت
بەهاریش دێ خۆیان سازدەن دۆڵ‌و کەل
لەباوەشیان شادبنەوە گوڵ‌و مەل

***1988 / 8 / 3***

# زریان

سەیرکەن چۆن هات زستان
کەندو ڕووبار واهەستان
لەو ئاسمانە گریانە
گێژەڵۆکەو زریانە
هەڵۆ لەواری بەرزی
لەسەرمان وادەلەرزی
دارو دەوەن چەند ڕووتن
دڵداری لەژێر جووتن
سەرمایەی ئەو پەنایە
ئەویش تررووسکەی هیوایە
چۆڵەوانی و مەترسی
تەنیا هەن گورگی برسی
لەنێو کەلاوان لەدوور
دەنگیان دێ بەلوورە لوور
یاخوا لێك ڕاست نێن ئەوان
نەکرێن بەپەندی شەوان
خوێن بەرچاویان گرتووە
حەوت پشتیان لێك کوشتووە
بەختی کوردان هەروایە
کورد بیی و خوێنت ڕەوایە

***27 / 12 / 1988***

# دووڕیان

لەهەنیشکی سووڕانەوەی هەرچیایێ

قف تەفتیشە

بەرامبەری هەرگوندێکیش دەبابەیێ

وا تەفنیشە

چی پاوان‌و ڕەزو باخە

هەڵپڕووکاوە

بەدیاریەوە هەندێ فاشی

هەڵترووکاوە

بدوێ

ئەی بناغەی یەکەم ماڵی

بەر بناران

بدوێ ئەی کارێزی کانی قڕبووی

دەم کناران

بدوێ ڕەگی پەڵهاویشتوی

گشت چناران

بدوێ

ئەی کەڕو لاڵ

ئەی باڵداری

بێ پەڕو باڵ

بگرىو بڕژێنە دڵۆپ

بۆ سووتانی لقو پۆپ

بدوێ تینووی تین بڕاو

مامزی

کار لێسەربڕاو

بگری بەسەری بەخۆڵ

بۆ کانی بکە پێ کۆڵ

بدوێ کپو بێ دەنگی

دڵی

پڕ ژان و پەنگی

بگری بەئاهی پڕسۆز

بۆ ئاوایی سەر بەتۆز

ئەتۆش ئەی چاوەنوارِی

لەگەڵ فریشتەی جوانی

لەدوورِیانی ون بوونم

چۆن هەڵدەگرن ڕێو شوونم

***1989 / 1 / 27***

# تۆران

سەیری من کە بۆ دووریتان شین دەگێڕێ
خۆشەویستی لەنێو دڵمدا خۆی دەبێرێ
دڵیشت بێو لەخۆڕایی لێم بگۆرێی
وەك کۆترێ کەتار ببێ لێم بتۆرێی
بۆکوێ بڕۆی دەنیشیەوە لەسەر دڵم
دەکەیەوە هێلانەیێ لەسەر چڵم
لەگەڵ دەنگی ئەو چریکانەی بەئاستەم دێ
بۆ جێی ژووانی عاشقانەوە دەکەویەڕێ
دەست لەملی بێ عەجمانی دارگوێزی دەکەی
بەئارەزووی دەروێشانە هەرنوێژ دەکەی
فریشتەکان دێنە دەورت بۆ بەردەستی
لەنێوانیان لەخۆبایی‌و بێ دەربەستی
خۆزیا تەمەن سەرەتاکەی ژووان بایە
ئەو ژووانەش لەگەڵ دۆستی جوان بایە

*1987 / 5 / 18*

# شەو

هەرچەند لەگەڵ شەوان هاوڕێم
نیە چارەم
دەبێ
دامەزرێمو
لەوان بدوێم
باسو خواسێ
لەئەستێرە ڕژاوەکان
لەگیرانی خۆرو مانگ
لەو فریشتانەی کۆبونەوە
لەسەر خوانی پاشایەکی
بەبێ جانگ
شەوەو والاپەڕی مێژووی شەوان
لەسەر دڵی سوواوەما
ئاودیو نابێو دەکا گەوان
تەنیا
دەنگی زرینگانەوەی درەنگانە
تەنیا
شەقەی باڵی ئەو کۆترانەن
لەتەنگانە
لەگەرمێنی دەروونما

هەوار دەگرن
لەگەڵ تاسەی هەناسەما
وێکڕا دەمرن
چیم لەو ڕۆژە
لەدوورە
وەك تارمایم کەس نامناسێ
چیم لەم ڕۆژە
دەرویشێکی لەخۆبایم
بەهیچ پیرو خەلیفەیێ
ئەحواڵی من داناکاسێ
شەو
خروەخانەی تا هەتایی
قایمترین ئەو قەڵایەی
هیچ هێزێکی زەبەلاحت
دەرهەق نایێ
کوڕانی تۆم
لەسێبەری وونبونی خۆم
لەسەر تیلەی سەنگەران
لەهەڵوەستەو لەنگەران
هاوڕێ ئەتۆ چۆن شەوێکی
کەدوژمنی سەر خەوێکی

موسڵ – 9 / 2 / 1989

# ڕاسپاردەی پێشمەرگەیەکی ونبوو

ئەو ڕۆژە بوو لەتەك یەك
ڕاکشابووین لەسەر نێك
بەناو قورگی پڕ ئاخو ئۆف
مەتارەمان قوڵپەی بڕا
لەئاسمانی کڕیوەو تۆف
گوێی تاسەمان پەردەی دڕا
لەدوڕ چاومدا نیگای جوانت
لەهەناوما پشوودانت
لەیادمن
ئەو وشانەی
تێکەڵاوی فرمێسك بوون
ئەو دڵۆپانەی
پەرتو بڵاوی ناو ئێسك بوون
پێت سپاردم
لەنێو کۆڕی هەڤاڵەکان
بیگێڕمەوە
بەفیشەکی قیناویمدا
بینێرمەوە
کەچی گیانە
وشەکانت لەنێو خۆیان ڕووانەوە

**بەهەناسەی هەڤاڵەکان تووانەوە**

**لەنێو کورەی دەروونما**

**گوڵی لاویت لەگەڵ چوونمدا**

**کزانەوە**

**ڕزانەوە**

**گەڕامەوە کۆنە هەوار**

**هەوارێکی پڕ لەهاوار**

**بەدوای لاشەی بەجێماوێ**

**بەدوای زامی بەرهەتاوێ**

**بەدوای پارچە گۆشتێ**

**بەدوای گیانێ لەخەو هەستێ**

**سووڕام نەبوو**

**ئەوەی هەبوو**

**تابلۆیەکی سام گرتوو بوو**

**یادگارێکی رابردوو بوو**

**چەند بۆی گەڕام بیگوێزمەوە**

**ئەی داخەکەم نەمدۆزیەوە**

**قسەکان بوو**

**لەسەنگەری چۆڵو هۆڵ**

**بەپانتایی دەشتو چۆڵ**

**دەهاتە گوێم**

**دەیگوت ئەدوێم**

کوا ئەو چاوەی
بۆ بینینیٚ خوێنی تێزا
کوا ئەو مێشکەی
کەپڕاوەی خێزو پێزا
ورە بەرنادەم پێشمەرگەم
لەدایك بووی چۆمی شەرگەم
گەورەکان
سەریان لەقسەی تۆ ئەستوورە
ئەوەی تۆ کردت نەیانویست
ئەوەی تۆش ویستت نەیان بیست
تەنها من
پشتم چاوم کوڕەو کۆرە
هەرگیز هەرگیز سەرم شۆڕە
خەفەت لەدڵ دەبارێنم
جەرگی زۆردار دەهاڕێنم
تۆ خۆراکی رەش‌و رووتی
تۆهەم دووری هەم یاقووتی

بەغداد – 5 / 5 / 1972

# بەهاری تازە

ئاسۆی شینی چیاکان
لەگەڵ بەفری زستانێ
بەهاری تازەی هێنا
کزەبای دەم کوێستانێ
ئاوی گەرووی شاخی رەق
درزێ لەقەد پاڵەکان
هاژەی نشێو و لێژان
دەنگی چرپەی یاڵەکان
تریسکەی گوڵی لاولاو
بناری خەناوی کرد
سۆزی بولبولی نازدار
رووبەڕووی چناری کرد
چاوی تەلیسمی دلبەر
لەنێو ئەو دیمەنانە
لەکڕنۆش بۆی وەستابوون
بەژنی ئەو چیمەنانە
منیش بەزانایی چووم
بۆخۆم بکەم سەرخەوان

بەغداد – ***8 / 4 / 1971***

# جوانێکی بێ سان

دوێنێ لەسەیران دیم گوڵە ئەندامێ
لێدەرکەوتبوو چوزەی نەمامی
سەری پۆشی بوو پەڕی خونچەی تەڕ
تك تك خوناوی لێدەهاتەدەر
بۆنی ئەوناوەی واداگرتبوو
جوانانی خودای گشت راگرتبوو
هەندێك بەکڕنۆش مل کەچو داماو
هەندێك نوقمی خەیاڵاتی خاو
پەپوولەیەکیش بەڕووی شەرمەوە
بەکزەکزەی دەنگی نەرمەوە
دەهاتو دەچوو نزیكو دووری
تاوانی چیبێ بەڵکو بیبوری
بەستەزمان هێندە فرەڤڕی کرد
سەرەنجام بێتین نیوە شڕی کرد
باڵی ناسکی پێداشۆڕبۆوە
سنگی بەخوێنی ناهەق سووربوە
لەبەردەمیدا ناچار لێکەوت
لەناو وورێنەی بێپایان خەوت
هەتا ئێوارە واقی وڕمابوو
لەجوانی دلبەر سەری سوڕمابوو

هەرکەباڵی شەو کێشای بە زەوی
بڵندبوو تاکو دەمنێتە دەوی
کەچی داخەکەم هەرچەند سوڕاوە
دەمی خونچەکەی بۆنەدۆزراوە
تومەز تیشکی خۆر خۆیداوە پەنا
بۆیە خونچەکەش دەمی پێکوەنا
ڕۆژگاری ناسۆر ئەمەی رەچاوکرد
تاریکی هێنا ئەشقی لەناوبرد
کاتێ پەپوولە زانی پیلانە
ڕۆییو هاتوە بەرەو هێلانە
گەردی بەیانی چۆوە لای شالوور
سەیریکرد شوانیش بەخۆییو بلوور
لەپەنا شاخێ ڕەق راوەستاوە
سۆزی دەروونو دڵی هەستاوە
بانگی کرد فایەل بێهۆشی سەرخۆش
هەرسێك نەفامین ئێمە لەگەڵ تۆش
وەرە راوێژێ بکەین لەودەرە
لەمێشك دەرکەین ئەوسەداوسەرە
وائاشکرا بوو وەفایی گەردوون
هەوەسی لێبێ زیندووش وەك مردوون

بەغداد – ئاهەنگی نەورۆز – ***22 / 3 / 1971***

# بۆ قەندیل

لەسەرباری لووتکەی کێوان
هەوریش گرتی بەری تاوێ
لەنێو دەریای حەزو هیوام
دڵی تینووم هەنگاو داوێ
هەموو شەوێ چرای دایکان
رۆشن دەکا کوێرە رێیان
بەو ئاواتە هەموو دەژین
هەستینەوە لەسەر پێیان
هەتا کەنگی چاوەڕێبم
تا ئەو دەمە دێمەوە هۆش
لەبەر ساردیو سڕی ئەوان
زۆری وەك من گرتویە جۆش
لەگەڵ تۆمە کەوی چیایی
وەختی چڕنووك گیرکردنە
دەم بەهاوار بژی مردن
کە هەرەتی لابردنە

**ئەو دڕندەی ئەشقی تۆبوو**

**دژی لانەو ژووانی تۆبوو**

**ئەشقی بەزمی سووتانت بوو**

**دژی بەفرو کوێستانت بوو**

**ئەشقی قاتیو قڕی نەبوون**

**دژی تێریو پۆشتەو هەبوون**

**ئەشقی مارو پێوەدانی**

**دژی ئاو ئاوەدانی**

**قەندیلەکەم تاکەی کپی**

**وا دایی گرتوی بەفری سپی**

**خوێنی لێهات چاوی حەزم**

**نامناسیەوە کەوا ئەزم**

**ئەمڕۆش وونم لەنێو ناوان**

**دەمخوێننەوە وەکو تاوان**

**هاوڕێیانم هەر دێنەوە**

**مەشخەڵانم بۆ بڵێنەوە**

بناری قەندیل – ***21 / 2 /1991***

# ڕەگەکان

تۆ نەمامی هەزارساڵەی

لەنێو مێرگ ئەو نواڵەی

خۆڵی کورەی هەناوی من

ئەشکی سوێری دوو چاوی من

لە سەرەتای گشت بەهارێ

لق و پۆپی دێنە خوارێ

جارێ دەبیە هێلانەی مەل

جارێ دەبیە ئاسۆی دەم کەل

جارێ پەنای دلْدارانی

جارێ خەونی باڵدارانی

جارێ لەو دیو هەور و تەمی

جارێ لەم دیو جۆگەو چەمی

جارێ کۆڵی مرۆڤ دەگری

جارێ بەکوڵ بۆی دەمری

کاولەکانی بناری قەندیل – ***23 / 2 / 1991***

# سەرنج

سەرنجی ڕێگا بدە
لێی دامەزراوە کەمین
سەرنجی ئاسمان بدە
ئێشکگرە بۆ زەمین
سەرنجی دەریا بدە
سەرنجی زەریا بدە
هێشتتا زۆر سەرنجی تر
لەو سەرنجانەش پتر
چاو لە دوو خۆشەویستین
لە ئەو پەڕی پێویستین

***1992 / 6 / 16***

# غەریبی

هەرکاتی تۆم لاونە
دنیام لێ سەرو بنە
بولبولی سەر چڵانی
خەم لابەری دڵانی
کاتێ دوور دەبی لێمان
چۆڵەوانییە جێمان
لە کوێ بی منیش لەوێم
زیاد لەمە چیت لێ دەوێم
لەبەر ناڵەی جودایی
چۆن دەبی لەخۆ بایی
درەنگ هاتی زوو دەڕۆی
بەقسەی کێ وا دەسخەڕۆی
ئەمن ڕێبواری دوورم

بەدوای گوڵاڵەی سوورم

بەو ڕەنگە خۆم دەنوێنم

بە غەریبی دەخوێنم

هەرچەندە لەو شارە دوورم

لە شاری شارەزوورم

تۆز و گەرد لێم نیشتووە

فرمێسکم زۆر ڕشتووە

دیدەنی قەڵا و ئاڵای

بەرزی منارە و باڵای

پیریان کردم کوشتمیان

لە هەورازێ خستمیان

تۆ مەگەر خەم ڕەوێن بی

بۆ بەختیاریم هەوێن بی

دنیا مەرگ و مردنە

وادەی خەم لابردنە

***2006 / 9 / 6***

# بۆ قەلا

ئەریَ ئەی قەلاَی جوان و شیرینم
یەکەم سەنگەری کوردی دێرینم
مەلْبەندی گەورەی مێژووی یادگاران
ئاوێنەی هەموو چەرخی ڕۆژگاران
ئاشوور بە هەزار ئازار و کێشە
هەولْی دا تاکو تۆی کردە بێشە
ئەسکەندەری ڕۆم بەسایەی تۆ بوو
لەگەلْ دارا دا تووش گرۆ بوو
لەبن بالْی تۆ کۆڕی هەمان جەنگ
زرمەی شیر و تیر دەیدایەوە دەنگ
وێنەت لەناو خولی خواردەوە
شۆڕە سوارانی پاسەوانی تۆش
بێدار و نەدار ڕۆحیان لەناو کۆش
شاری شانازی باوك و باپیرمان
بە دیدەنی تۆ دێنەوە بیرمان
هەزاران سالْە لانەی مەردانی
نەت کرد لەگەلْ کورد دەست لێك بەردانی
کۆتایی نابیَ بەم باسە کەمکە
ئەوا دەروونم خەیلیَ پڕ خەمە
ئێستاش بەم جۆرە سەرلیَ شێواوی

لەکاری گەردوون پەست و تێماری
ڕووت و قووت وشك و سیس و ژاکاوی
بە لافاوی خوێن تەواو خنکاوی
خۆزگە وەك جاران دەگەشایەوە
تەم لەسەر ڕووتان دەڕەوایەوە
دەت پرسی جاریٚ لە شین و زاری
لە تامی ژیانی وەك ژەهری ماری
بۆیە ئەوەندە دۆژ و پەژاری
چونکە هەوارگەی کوردی هەژاری
ئەوەندە بەرزی بیٚ ڕێز و نەوی
وەك من ڕێداری هیچ کات ناخەوی
چەند ڕۆژگارت دی کە چۆن هات و چوون
نەمان و ڕۆین بەبیٚ سەرو شوون
چی یان بەسەر هات ڕوویان کردە کویٚ
صەد ئەفسووس منیش لێت دەبم جویٚ
بریا بۆ ڕۆژێك ئازاد دەکرام
لەنێو لیستەی ژێر دەستی دەسڕام
ئالآی سەربەستی تۆم ئەدی بەچاو
کڕنوشم دەبرد شەو ڕۆژ بەتاو

هەریر – *1971*

# کۆترە باریکە

کۆترە باریکەی باڵ شین

ئەم زیق و باقەت لەچین

بەم گەردی بەیانییە

ئاوازت بۆم هانیە

قفە قفن وەك شەپۆل

دەبڕێتن ئاسمانی چۆڵ

هەرچەند لەلام چرپەیە

ئاخ لە دڵما گرپەیە

ئاگات لە خۆشت نییە

نەفامی و هۆشت نییە

دووکەڵ لە کورەی دەروون

سەیرە ناتکا سەرنگوون

ئاواز بگۆڕە و بفڕە

لەتاو سزای من بمرە

شاخی سەخت و بەردی ڕەق

بپێوە تا ڕۆژی هەق

بە لێواری زێی مەندا

ژێر تابلۆی کەند و لەندا

له دەریای سپی و ڕەشا

بەڕووی زنجی دڵ گەشا

له ڤێتنام دارستانی

پاریس و شارستانی

بەتەك گۆڕی لینینا

بەچاوی تێر بینینا .

له لوولەی شۆڕش گێڕان

له گوند و شاری وێران

دیسان تەبع کە دیمەن

بوخلێوه بۆ ناو چیمەن

پەنجه ئاڵی زۆر گەڕۆك

لێم گەڕێ و بەردە بەرۆك

دەنگ کەرخی قورگ گیراو

زمان لاڵ و گووێ زێراو

ئەوسا مەرد بە جارێ دێ

ڕاست بوویەوە نەمەردی

بەیانیان هەڵمەستێنێ

خەو له چاوما دەستێنێ

*1972 / 4 / 2*

# سروەی ناكامی

لەخۆشی شەو گرێ ی دڵم كرایەوە
گوڵ هەڵوەرا و دەنگی شالوور بڕایەوە
بالینگانم لە هورِێنەی و خەیاڵ پڕ كرد
پەڕی خونچەش بە فرمێسك چزایەوە
لێ ی كەوت و سەراوی دەرد دووای نەهات
بە بایی ناسۆر هەناوی خاك كزایەوە
ماوەی دوور و لێكدانەوەی ئەم ژیانە
سەرباری خەم بولبولیش هات نووزایەوە
بۆ بەیانی لەبەر داخان دڵی سەودا
بە فرمێسك دەریای خەمم پەنگایەوە
هاورِێ ی ژینم چۆن رِۆیشت و نەهاتەوە
بادی سەباش بەناچاری گەڕایەوە

هەولێر – ***10 / 2 /1971***

# دەردەدارێك

دڵدارێکی دڵ ناسك

عاشقی هەردە و باسك

پێڕۆکەی بەفری سپی

بە گەڕاوێشکە و کپی

دەگەڕا زوورگ و تەلان

دەیڕوانییە ژینی گەلان

بەستە زمانی تین بڕاو

لە تۆز و خۆڵ وەردراو

پاڵی دا وەسەر بەردێك

دەناوراوە بە دەردێك

مەستی سۆزی نەغمە خوان

لێی وون بووە جێی ژووان

جار جار ئاخێك هەڵدێنێ

بێ ئەوەی کەس بیدوێنێ

**پیرێژنێکی پیر و کۆر**

**بە هەڵە داوانێکی زۆر**

**تیسکی سپی ڕنیوە**

**لە دەستی خۆی چنیەوە**

**ڕووی خۆی سوور کرد لە خوێن**

**هات بەرە و پیری بەجوێن**

**پێی گوت تۆ شەرمەزاری**

**وا لەژێر تەوقی باری**

**ڕۆژت چەند ساڵە ڕێیە**

**هێشتا ماوی لەم جێیە**

# گەزنگ و ئاوات

خۆر تیشکی بەخشی ڕووی ئاسۆی بڕی
باڵندەش لەگەڵ گەزنگا فڕی
خوناو تررووسکەی لە دوور دایەوە
خونچەش لەناکا و سەری نایەوە
کەویش بە دەنگی سۆزی دێرینی
چەند بە خۆکاوی هەستی دەهۆنی
خوڕەی ئاویش لەتەك شاخ و داخ
نساری داوە ڕەزو و دار و باخ
کەروێشك و مامز دڕ و جانەوەر
لەنێو ئەشکەوتدا دەبوون بە یاوەر
گەلآی دارەکان دەلەرانەوە
دڵی ماتەمی دەجووڵانەوە
ئەو کوردستانەی ڕازەوەی تەرز
پڕ لە دیمەن و کێوانی بەرز
نەم دی ئالآیەك بەیداخی خۆشی
نیشتمانەکەم گشت دابپۆشی

***1970/1/3***

# سرووشت

ڕۆژ چاوەڕێی شەوە
شەویش بەتەمای ئەوە
خۆریش لە پشتی کەلە
گوڵیش چاوەڕێی مەلە
سپێدە ڕەنگاو ڕەنگە
دنیایەکی بێدەنگە
سەیری سروشت کە جوانە
گشتی وا لە ڕێی ژووانە
چی جووڵەی سەر زەمینە
بۆ یەکتر لە کەمینە
لەنێوان بینە و بەردان
حاکمە بۆ خۆی و یژدان

هەولێر – *11 / 12 / 2006*

# مەستێك

بولبولی جوانی سەر چڵ
تۆم خۆش دەوێ پڕ بە دڵ
بەستەی سۆزی ئاوازت
دەگۆڕێ هەستی سازت
لەسەر ئەو لکە دارە
ڕووبەڕووی ئەو نزارە
تەنیا دەخوێنێ بە کوڵ
دەلەرزێنێ دەشت و چۆڵ
کام دەستی ناپاکی پیس
خونچەی گەشی کردوە سیس
تۆی کردەوە ئاوارە
دەگریێ بە هاوارە
خوا نەکا گەردوونی تۆش

له خه‌م تۆی کرد بێ سه‌ر خۆش

بۆ ناپرسی مه‌لومیم

بێ ده‌نگی و ناگزووریم

هه‌ژاری و ده‌رده سه‌ریم

بێ چاری و ده‌ربه‌ده‌ریم

نامرادی گه‌نجێتیم

گرژی و هه‌م ڕه‌نگ زه‌ردێتیم

بێ که‌س وا لێره که‌وتووم

دڵ پڕ به ئومێد خه‌وتووم

هه‌رجارێ ئاگام دێنی

قه‌ت نه‌بوو ناوم بێنی

خه‌م له دڵ که‌ی فه‌رامۆش

تاماوم بۆت به‌م کرنۆش

له‌به‌ر ده‌روونی مه‌ستت

بیری من ناکا هه‌ستت

***1970 / 9 / 4***

# لە ئاسۆی داهاتوویەکی نزیکەوە

# لە ئاسۆی داهاتوویەکی نزیکەوە

سبەینێ دێ
دەستی هیوام قژی زەردی
بەیان دەگرێ
دەمی برسیم گۆنای سووری
خۆری نوێ
تێر هەڵدەمژێ
لە ماکۆکی هەنجن هەنجن
لەژێر داری گەڵا وەریو
دەمێکی خۆش
لەسەر پەڕەی دڵی ناسک
تك تك
ئەشکی شادی دەڕژێ
سبەینێ دێ
کێوە ڕەش
لێوی ووشکی سووبێ بە گوڵ
بێ بە شەتڵ
خوێنی گەشی هەزاران دڵ
ڕەشە ڕێحان
چاوی نەورۆز پڕ کا لە کل

شاخی گۆرەز
بەرامبەری لووتکەی کۆرەك
سازوو سۆزی
زەماوەندی نێوان گەلێ
بجۆشێنن
شیرنایەتی لە هەندرێن
دروست بکرێ
چیای ژەنگار لە حەمرینی
داخکراودا
لەبەر بڵێسەی بابە گوڕ گوڕ
مارە بکرێ
دیار بەکر دیاری بێنێ
سابلاخ سەرچۆپی بگرێ
بە هەناسەی بووك و زاوا
چاوی پیسی داگیرکەران
بە قوڕ بگرێ
لە ئاسۆی داهاتوویەکی نزیکەوە
شیرینەکەم بۆت دێمەوە
ئەوان دەمرن
لاشەی سوتێنراویان
بە ئارەقەی شەرمەزاری خۆیان
دەڕزێن

**بۆ هەوارگەی کوێستانەکان**

**سەر لەنوێ**

**دەخزێن**

**کە هاتمەوە**

**دیار یەکم بۆ هێناوی**

**ئەو دیاری یەی**

**سەدی وەك من**

**بۆی دەمرێ لە پێناوی**

**سبەینێ دێ**

**خامەی لاڵم**

**گوێی سووکی بە قسەی بێنێ**

**لەسەر کێلی شەهیدێکا**

**بەسەر بەرزی خۆی بنوێنێ**

**بڵێ عەشقی مێژووی خۆمم**

**ووشە و سەنگەر**

**لە هەوراز و نشێوی سەدان ساڵە**

**وەك چۆن خەنجەر**

**سەودا سەری بێ مەفەڕی نێو کالأنە**

شنۆ – نەلیوان – ***1 / 10 / 1974***

# هەیارانێ

ئەوا من هەروەکو تەم

لەبەرزایی چیاکانا هەم

لەبەر دوعاو هەیارانێ

دەبمە بەفر یان بارانێ

دەبمە تەرزە یان کڕێوە

یان زریان و یان شڵێوە

دەتەقێتن کانیی‌و دەراو

ڕەباس دەبێ باخچەو بەراو

گوێ شل دەکا ڕێبوار لە دوور

لەو ئاوازەی بۆی دێ لە دوور

خۆر دێ سروشت دەجۆشێنێ

دەریاو زەریا دەخرۆشێنێ

پەیدا دەبێ تەم و تۆمان

ئاسمان دەگری بەبێ گومان

لەم گریان و لەم جۆشینە

کە نیشانەی تێکۆشینە

بوونەوەی من لەم دووبارە

وەك قرِ نەبوونی ڕووبارە

**بۆیە هەم و هەم و هەمە**

**وەك ئەو چیایەو وەك ئەو تەمە**

**کوا دەتوانن لە چیام جیا کەن**

**شۆفەل بێنن من تیاکەن**

**کوا دەتوانن تەم ڕەوێبن**

**بۆ گردۆلکێك خەم ڕەوێن بن**

**کوا دەتوانن هەر لەم باخە**

**ڕەگ هەڵکەنن تا سەر ساغە**

**کوا دەتوانن دڵ داگیرکەن**

**بۆ تاوێکیش خۆ راگیرکەن**

**کوا دەتوانن بزەو خەندە**

**بڵێن لامان کەوا بەندە**

**کوا دەتوانن بەزمانی لاڵ**

**یاری بکەن بە گڕوگاڵ**

**کوا دەتوانن درکو بوێژ**

**بۆ جوانی کەژ بکەن نوێژ**

سارتکە – ***3 /12 / 1987***

# شەڕ فرۆشتنی عەشق

هەموومان بە نهێنی عاشق بووین

هەندێ عەشقی خاك

هەندێ عەشقی پاك

خاك لەهەندی خۆی

هەندێك شەهید

پاك لە هەندی خۆی

هەندێك شەهید

ئەوەی مایەوە لەو هەندانە

هەندەکەی تر

لە خەباتی بێ وچانە

جاران عەشق

ئەسپی مێژووی تاو ئەدا

کێڵگەی تینووی ئاو ئەدا

جاران عەشق

**ناسنامەکەی لە شاخ بوو**

**ناونیشانی**

**لەسەر باڵی پەپوولەکانی ناو باخ بوو**

**جاران عەشق**

**لەنێو گەرووی**

**شاعیرانی وەکو  نالی**

**وەك مەولەوی**

**وەك خانی بوو**

**یا وەك حاجی**

**بەپیێ ی خاوس**

**هەردەم بەرماڵە پیرۆزەکەی**

**لەسەر شانی بوو**

**ئای عەشق**

**چیت کرد پێمان**

**وەك سواڵکەرێ**

**ببورە نا وەك دڵبەرێ**

**هەمیشە وای لەسەر ێمان**

# بێ تۆ

بێ من لە دووری دنیا دای
وەك خۆم
بێ تۆ لە وەرزی پاییزدا
وەك تۆم
بێ من باخێکی بێ گوڵی
وەك خۆم
بێ تۆ لە ناڵەی جودایی
وەك تۆم
بێ من لە مۆمی زەمەن دای
وەك خۆم
بێ تۆ لە دڵی تەمەن دا
وەك تۆم
بێ من غەریبی شارانی
وەك خۆم
بێ تۆ شالووری سەرگەردان
وەك تۆم
بێ من خاچەکەی نایرۆبی
وەك خۆم
بێ تۆ لە گەرووی شمشاڵان
وەك تۆم

بێ من چەوساوەی مرۆڤی
وەك خۆم
بێ تۆ هەڵوادەی وولاّتان
وەك تۆم
بێ من قەندیل و سەفینی
وەك خۆم
بێ تۆ ئامەد و وان و مووش
وەك تۆم
بێ من پێشمەرگە و باشووری
وەك خۆم
بێ تۆ گەریلاو هەم باکوور
وەك تۆم ؟
بێ من شەپۆلی بە سامی
وەك خۆم
بێ تۆ لە پەڕگەی دەریادا
وەك تۆم
بێ من گەرمیان و کوێستانی
وەك خۆم
بێ تۆ
لە کوردستانی هەژاران
بێ تۆم

سلێمانی – *16 / 2 / 1999*

# ڕێبواری دوور

گوتیان هەستە بەیانییە
ڕێبواری دوور دیارنییە
تەماداری سوارێکی سەر هەڵگرتووی
بنووی نەنووی واهاتەوە
سوارخەوێکەو دەتباتەوە
لە قوژبنێ بەتەنگاوی
سەرکۆنەی بێدەنگ ماوی
لەهەر شارێ لەهەر گوندێ لەهەر لایێ
کۆرپەکانن بە غەریبی بێ لای لایێ
بۆ پەرژینی هاتو باتی ڕێبواری دوور
لەباوەشی دایەنەکان دەبڕن سنوور
لە نێو ئارەقەی سوور و شین
ڕوو دەکەنە جلەو زین
بە گاگۆلە بەوشەی پچڕپچڕاو
بەرەو بنار

بەرەو کانی ئاو لێ بڕاو

بەرەو سێبەری دارگوێزێ

کە نابزوێ بەهیچ هێزێ

تادێ و دەڕوا نقووم دەبێ

لە ئاوەدانیدا ون دەبێ

بپشکنیو هەموو دنیا بگۆزیەوە

لەباوەشی دایکی خۆیدا ئەی دۆزیەوە

کەی دێ لەخۆی دەتوانێت بگرێ بەرگە

دێو دووبارە دەبێتەوە بە پێشمەرگە

شەهیدیش بی ڕێ ناگۆڕێ

خوێن یاخیەو داناچۆڕێ

مەگەر دلْمان بیگرێتە خۆی

بیکا بەچرپەی هاتو چۆی

*1982 / 11 / 14*

# مۆری تاوان

هەرچەند ماندووم
بەزەقی چاو
چ بە هاوین چ بە زستان
دەخرێمە ناو
کۆڕی گەرمی خەم پەرستان
ئای مۆسیقای زیندەگانی
ئەشکی شادیم لە بۆ بێنە
لەسەر گلکۆی نەوجوانێ
کۆتری ئاشتی هەڵفڕێنە
ئەی دایکە ئاوارەکان
گەر ئەمجارە ڕۆڵەکانتان
لە ئەشکەوتی ساردو سڕا
بە هەناوی گەرم و گوڕا
بۆ سەردانی سێ ڕۆژەیان گەڕانەوە
چاك دەزانم
باسی هەموو شتێ دەکەن
بەڵام هەرگیز نەکەن بکەن

باسی شەوی تەنیاییتان
کە نامەردێك
لە پەنجەرەی ژوورەکەتان
دایە سەرتان
یان ئەو رۆژەی دراوسێکەتان
بەسەر خۆشی
خۆی هەڵکوتایە خروەکەتان
کچەکانمان لە ئامێزی گەوادەکان
ئەتك کراون
ژنەکانمان لەبەر دەرگای گەورەکان
بە تف بە جوێن
دەرکراون
ئەی دایکە ئاوارەکان
ئەگەر پرسیان
لە خێزانی هاوڕێی شەهید
مەڵێن کەسێ نییە بەلایانە
هەر بۆ تۆزێ دڵدانەوە
تێپەڕ بکات
یان لەمانای ناڵە ناڵی دڵیان بگات
کە بەیانیش
بۆ سەنگەری دوێنێ و پێرێ
ڕۆڵەکانتان گەڕانەوە

ئاڵەو کاتەی دەستان کردە ملی یەکتر
لەبن گوێیان زۆر بەئاستەم بچرپێنن
چونکە لیستی ناوەکانتان پێشمەرگەیە
تاوانێکی کوێرانەتان پێوەنراوە
ئێمەش بەهۆی ئێوەی بێ ماف
دەنگ لەقوڕگمان خنکێنراوە
ئاوارەکان باش بزانن
هەموو دایکێك لەو دایکانە
بوخچەی دڵی لەڕۆژی خۆی دەکرێتەوە
مۆری تاوان لەڕووی سپی دەسڕێتەوە

ئۆردوگای رەبەت – ئیران — زستانی *1975*

# وشەی شەهید

ئەی وشەکان
وشەکانی نێو دەروونە پڕ سۆزەکان
هەموو کاتێ منی دڵسۆز
هەڵکونجاوی تەك گۆزەکان
لەبیر نەکەن
پاسەوانی شەوی پڕ شووم
واز مەیەنە
نەوەك
بنووم
هەرچەند خەوی
نێو چاوانی برسی هەیە
لە چاومایە
هەرچەند خەمی
نێو دلآنی ژاکاو هەیە
والە کوورەی هەناومایە
کۆترێکی باڵ کراوی دەست نەفامم
لە قەفەزی تار و تەنگی ترس و سامم
سەر لە نوێ یاسا

پەڕو باڵم دەداتەوە

ژینی ژانی

داخ و تاڵم دەباتەوە

نەیار بە نەفامی

لە نێوان من و قەفەس ئاسەواری

دەبڕێتەوە

کۆتری جاران لەشەقەی باڵ

دەدا و دەفڕێ

جەستەی ناسك دەنووکی ئاڵ

بۆ هێلانەی باڵی دەگرێ

ئاوازی خۆش

بەگوێی سرووشت دەچرپێنێ

وا بۆ خەمی دڵدارەکان

تا هەتایە دەجریوێنێ

ئەوسا خامە

دەکەوێتە مێرگی بەهار

وشەی شەهید

دەکاتەوە لە قەدی دار

بارزان – **1 / 4 / 1974**

# بۆ پڵنگە تاربووەکان

(بۆ شەهید ڕێباز کاتی پارتیزانی )

برام باتۆ رووت لەخۆر بێ
شێوەت رەش‌و سیس‌و بۆر بێ
هەروەك مانگی چاو بەڵەك
وا دەتهێنێ‌و دەتبا فەلەك
هەمیشە هاوڕێت تفەنگە
بە گفتوگۆو قسەو دەنگە
کوردستانی گرتۆتە ڕەنگ
کوێستانی‌و قەت ناگری ژەنگ
دڵت بەقەد نیشتمانە
سەنگەرێکەو لەفەرمانە
فەرمان فەرمانی رزگاری
هەر دەمێنی بۆ یادگاری
وەك لووتکەی کێو بزر نابی

وەك شوورکی تەڕكزر نابی
وەك خەنجەری تیژی دەبان
لەنێکی مەرد نابی نەبان
ڕەوتی ژیانت شۆڕشگێڕی
بەهیچ لایێت وەرناگێڕی
بەستەی شایی هەژارانی
جێی ئومێدی هەزارانی
نەدەبەزی بەدواکەوتن
نەگێژدەبی بەسەرکەوتن
وەك قەدپاڵی کەژو شاخی
لەنەورایی دەبی یاخی
تەنیا بۆجێی حەسانەوە
بۆ جێی رازو دلْدانەوە
کوێرە گوندی ناو دێدەوان
نزرگەتە ڕۆژو شەوان

***1988 / 10 / 21***

# سۆراخ

له سۆراخی جووته كەویٚ
زۆر گەڕاوم لێرەو لەویٚ
دەشتو كێو و بەردو تەلان
لەژێر پێمدا هەلاهەلاٚن
هێندەش سەیری ئاسمانم كرد
دادو فیغان ئامانم كرد
ئەی بیٚ ئاگا كوردیان سوتاند
كه (رێبان)ی گەلیان خنكاند
وەك چۆن قەندیل بەغدای هەژاند
ئەم هەواڵەش دڵمی تەزاند
لەگەڵ مندا دنیا گریا
كەس نەمابوو بێتە فریا
برژا شاخو لووتكەو چیا
هەریەك سۆزی بەجیاجیا
وەك لیٚ یدابیٚ بوومەلەرزە
ئەو كوردستانە سەربەرزە
ئای كه غەریب خۆی دەنواند

داری پڕ هیوای دەڕواند

لەجێی شوونی قەدو باڵا

لێی هەڵدەکرا لەوێ ئاڵا

لێرە خەنجەر لەنێو کالان

لەوێ سەنگەر دواپەیامی

دەی پارێزێ بۆ عەیامی

لێرە ناو و نیشان زیندوون

لەوێ ویژدان ئەمەك مردوون

لەوێ خاچو کەربەلایە

شینی رێبازو مەلایە

لەوێ باڵی شابازەکەم

لەنێو لانە بێنازەکەم

رۆژو مانگی کوردەواری

دیار دەکەون لە هەواری

***1995 / 8 / 4***

# بۆ ڕێبوارێك

(بۆ شەهید ڕێباز کاتی پێشمەرگایەتی)

دوازدە ساڵە
ئەو ڕێبوارە
لەشەوێن شێوە خوارە
دوازدە ساڵە
واخەریکە
ماندوو تینوو
کەچی هێشتا
وافەریکە
دوازدە ساڵە
وادەژمێری پیرە هەنگاو
بۆ هەر شوێنیَ
کە رووی تێکا
دەکریَ تەنگاو
دوازدە ساڵە
وەك پڵنگی برسیو شەکەت
ڕۆژو شەویَ
لەلاپەڕو پەناو پەسێو
لێی دەخەویَ

*1989 / 5 / 11*

# بۆ ڕێبوارێك

**(بۆ شەهید ڕێباز کاتی پێشمەرگایەتی)**

دوازدە ساڵە
ئەو ڕێبوارە
لەشەوێن شێوە خوارە
دوازدە ساڵە
واخەریکە
ماندوو تینوو
کەچی هێشتا
وافەریکە
دوازدە ساڵە
وادەژمێری پیرە هەنگاو
بۆ هەر شوێنێ
کە ڕووی تێکا
دەکرێ تەنگاو
دوازدە ساڵە
وەك پڵنگی برسیو شەکەت
ڕۆژو شەوێ
لەلاپەڕو پەناو پەسێو
لێی دەخەوێ

***1989 / 5 / 11***

# بۆ باوکم

دیارە بابەگیان سۆزی جەرگت بوو

ئاوا بەجاریێ پەلەی مەرگت بوو

بەلێنت دابوو چاوت کاریزبێ

چی هەیەو نییە لەخۆت پاریزبێ

سەرەنجام شادبوون لەیەك گۆڕستان

بێ (ڕێباز) لێلما ئاسۆی کوردستان

زیاتر سی ساڵە لەخەبات کردن

سەربەرزین ئێمە بەبژی مردن

لەئەشقی ولات ئاگاو وشیارین

وەك (ال یاسر) لە مێژوو دیارین

***1995/10/12***

# بۆ سەرمەزاری برایەکانم

ڕێباز گیان بۆچی لە هەولێر تار بووی
قەلاّ و منارە سێیەمی شار بووی
ئەوەندە وەدوای سۆراغت کەوتین
عاقبەت لە سای سایەتا خەوتین
ئەوەی کە دوژمن پەی پێ نەبردی
ئەوا زۆڵە کورد لەگەڵی کردی
خۆم لەگەڵ بابە لاتان میوانین
لە ئارامگایەك لەیەك دیوانین
ئەو بوونەی کەوا ئەتۆی لێ ونە
کوردستانێکە پڕ لە دوژمنە

*1995/10/6*

# هەڵوەستە و ئەمەك

گیانەکەم ڕێباز هەستە درەنگە
بۆ وا کڕ کەوتووی لەم گۆڕە تەنگە
سەریێ هەڵبڕە لە گەرمەی خەبات
میوانی تۆیە شێری ڕۆژهەلاّت
کاکە فاقەیە هاوڕێی دێرینت
سەردارە قیتی سەودای ئەوینت
تێکەڵ بوونەوە کەرت و تیپ و هێز
لە گردە ڕەشە بەستوویانە ڕیز
ئەو ڕۆژە ئێوە مردن و حەلاّڵ کرد
کەوا ئەنفالتان بە بەد ئەنفال کرد
بە یادی عەشق و دەست لێك بەردانی
پارتیزانەکان دێن بۆ سەردانی
لێ و کۆدەبنەوە فەرماندەو دەستە
کێ ڕەت بێ لاتان دەکا هەڵوەستە

هەولێر – ***24 / 4 / 1995***

# بۆ دایکم

بیٚ وەفا نەبووی بیٚ من سەفەرکەی
لە دنیای پاش خۆت من بیٚ مەفەرکەی
سەیرە دلّت هات بیٚ پرس کردن
ڕۆیشتی بەرەو مەنزلّگەی مردن
ڕۆژان وەك بولبول دیٚمە سەر کیٚلت
لە جیاتی قەوم و قیلە و گشت خیٚلّت
دیٚوانەو دەرویٚش سۆفی مریدان
دەبنە میوانی خوانی شەهیدان
دایە گیانە ئەتۆش ئەو ڕیٚبوارەی
هەر لە ئەزیەتی ئەو شیوە خوارەی
چۆن مافی خۆمە هەوا هەلّمژین
پیٚ شیٚلی مافە دوور لە تۆ بژین
بیٚ دایك نابم دایکم وەتەنە
هەتا گیان مابیٚ لە ئەم بەدەنە

*1995 / 8 / 13*

# بۆ سوارە سوکوڵەکە

هێشتاکە زوو بوو سەرت نایەوە
قەرزی ووڵاتی خۆتان دایەوە
بازی تیژ پەڕی کاکە ڕێباز بووی
ئێستاکەش بۆچی هێندە بێ ناز بووی
کێ هەیەو نییە لە زیندوو مردوو
ئا لەوەی کەدێ و لەوەی ڕابردوو
لاو چاك و ژیر و پەیوەستە بۆیان
سەرداری سوارە سووکەلەی خۆیان
هەرچەند لەم گۆڕە شەهید کراوی
پێت وایە ئەتۆ لە یادکراوی
لەم ئارامگەیە چونکە نێژراوی
زیندووی هەمیشە تۆ نەکوژراوی

***1996 / 3 / 2***

# بۆ هاوڕێ شەهید شاکر

هەروا لەدنیای دووری بێ سنوور
ڕێگەی هەورازمان کۆسپ دەنوێنێ
هەروا ئارەزووی مرۆڤی بێ سنوور
جارنییە کە تۆوی هیوا نەڕوێنێ
ئاخ لەدەست ئەوەی ڕەز دەسووتێنێ
بۆ ئەوەی گوڵێك لەبن دەربێنێ
داخ لەو ستەمەی چڵ دەپووكێنێ
هەتا خونچەیەك چاو نەترووكێنێ
چونكە روخساری جوانی پەپوولە
بەدیمەنی وایەكجار مەلوولە
لەمردنیشدا دەفەرموێ وەرن
شیلاوی دەمم بۆ خۆتان بەرن

بەغدا – *27 / 12 / 1972*

# بۆ شەهید سەلاح

## لە خۆپیشاندانەکانیساڵی ***1982*** شەهید کرا

شەهید وەختێ کە لێی درا
لە دەوریا بوون دۆست و برا
کاتێ لە گیانەڵلا بوو
دڵی بۆ مەرگ واڵا بوو
قوتابی زرنگو نەترس
بێ ماڵ ئاوایی و بێ پرس
زۆر بەتوندیی و لە سەرخۆوە
بەگژ فاشیزم دەچۆوە
دەبێ رۆژی شانزەی تشرین
نەکەین بە دروشمی گرین
با خەموو دەردوو پەژارە
دانەگرێتن رووی ئەم شارە
رقو توورەو تیژییو هەڵچون

**بزر نەکا هیچ رێگەو شوون**

**برۆن لە پشت ئەم قەلآیە**

**سەنگ سارێك خۆی پەلآس دایە**

**ئەژدیهاکی حەزرەتی خوێن**

**وا دوو قۆچی لەسەر دەڕوێن**

**ببڕن هەردوو شانو پەڕی**

**وەك سەگی هار پێو و نەوەڕی**

**سەلآح چاوی هەر لەڕێیە**

**لە خوێندنگا بێن بەو جێیە**

**ژەهر بە دوژمن نۆش کەن**

**خەبات بەخوێنی خۆش کەن**

هەولێر – ***19/ 11 / 1982***

# بۆ شەهیدان ڕێباز و شاخەوان

دوو هاوڕێی خۆشەویست بوون
بۆ کوردستان پێویست بوون
هێشتا لە ڕێگەدا بوون
داخەکەم زوو شەهید بوون

# بۆ شەهید شاخەوان

کاتێ تۆ بووی بەپێشمەرگە

بووی بە هاوڕێی

شاخ و ئەشکەوت

بە میوانی

کانیی‌و ڕەزو باخ‌و مزگەوت

کاتێ تۆ بووی بەپێشمەرگە

پێناسەکەت

بەرگی خاکی‌و چەکی شان بوو

دووربینێك و

کتێبێك و

دەفتەرێکی سەرنجدان بوو

چی سنوور بوو مین ڕێژکرابوو

چی دەرگا بوو داخرابوو

چی دارگوێز بوو لەکەناران سەربڕابوو

چی کۆرپە بوو لەدایکیا دابڕابوو

هەر بارگە بوو لەپشتی زیل

لەگەڵ ژن و منداڵ و پیر

ئاخێنرابوون

هەروەکو دیل

بەدرێژایی ڕۆژانی ساڵ

ڕاهاتبووی

لەگەڵ خەم و ئێش و ئازار

لەگەڵ مەینەت

لەلێواری ڕووبارێکی پڕ تفتوتاڵ

تۆ ویژدانی ڕێبازێك بووی

پەڕوباڵی میللەتێك بووی

ڕەگو ڕیشەی وولاتێك بووی

بۆ شەهید بوون لەدایك بووی

# بۆ چلەی مامۆستا تاهیر تۆفیق

شکا باڵی کۆترو کەوان
کەڕاپەڕین لەسەر خەوان
نووسا دەنگی گشت بولبولان
کە دابەزین لەسەر چلاَن
زەرد بوون ڕەنگی پەڕی گوڵان
کە شێواندی دەست لەملان
چۆڵ بوون لانەی ئاسکی کێوان
کە شاخ دەڕما لەنشێوان
زاوە کانی کۆنە ساڵان
بەفرمێسکی رووبەخاڵان
گەیشتە جێ پیرە خەزان
کەهات وەختی دانگەی پەزان
فڕی سوێسکە لەقەد پاڵان
کە لێی دا لە شەقەی باڵان
بارگەی تێکنا عیل لە سەرمان
کە لێبڕا خەلەو خەرمان
هەستا رووبار بردی بێستان

که تووایەوه بەفری کوێستان

ڕێ گیراوه له کۆچ باران

دەپەڕنەوه بەدەستباران

هاوار گەییه گشت هەواران

وەك برووسکەی پێش گەواران

واعاجیلەی بەربناران

چاویان بڕیه بەر کەناران

سیس‌و ژاکاو سەرگەردان

دەچێژن دەردی دەستبەردان

قەڵاش بەرەو هەیبەت سوڵتان

وا لێی دەتکێ خوێن‌وخڵتان

ئارەزوویەتی بۆ لاوان

ببێ بە مێرگ‌و بە پاوان

بۆ شاری تینووی پڕ کارێز

له ڕۆژگاران گرتوویه پارێز

بەسیه ئیتر حاجی بۆکۆ

که دوژمنانی دابەر گۆ

هەولێر – *1987/12/5*

# هاوڕێی هەوار

**بۆ شەهیدانی 2 /4 /1986**

هەشت کوڵێکە سوورەی نەورۆز
وەك نیشانە
قازو قولینگ دێن دەیانکەن
بە هێلانە
سەربەرەو خوار بەجێ دێڵن
پەڕەی ئاسمان
کوردستانم دەکەنەوە
بە نیشتمان
دێن بەڕەوە لەبناری
وەك پەسارگە
دەبنە دۆستو پەناو پشتی
چەند پێشمەرگە

**ئەم باڵندە هەرچاو لەدوو**

**بەرز فڕی**

**ئەو مرۆڤە ماندوو شەکەت**

**لەبەرگری**

**ئەم ڕاهاتوو بژی لەودیو**

**تەمو هەور**

**ئەو سواوەی توندیی‌و تیژی**

**زوڵم و جەور**

**ئەم خاوەنی پەڕ و باڵی**

**ڕەنگاو ڕەنگە**

**ئەو گیرۆدەی ژێر چەپۆکی**

**داوی تەنگە**

**ئەم بەئاواز وا سەرانسەر**

**بۆی خەملیوە**

**ئەو گشت جیهان لە ئاستیدا**

**گوێی تەپیوە**

**ئەم بەخەندە شەونمی گوڵ**

**هەڵدەمژێ**

**ئەو بەگریە ئارەزوی دڵ**

**وا دەكوژێ**

**ئەم سەربەستە بچێ بڕوا**

**لە هەرگاوێ**

**ئەو دیلو بەند نابێ باوی**

**هیچ هەنگاوێ**

**ئەم كوێستانی و گەرمیانیە**

**دووا ئاواتی**

**ئەو سەرگەردان كەخۆر هەڵبێ**

**لە وڵاتی**

**ئەمانە كێن**

**دوو هاوڕێنە بەیەكتری**

**دەگەنەوە**

**لە هەوارێك دڵی یەكتر**

**دەدەنەوە**

هەولێر – ***7 /4 /1987***

# سپێدەیەك

سپێدەیەکی گەردن ئازادان
لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان
کە هات زیڕەی
دەنگی ویژدان
خۆر لە حەیفان
ڕووی وەرگێڕا
سڵاوی نارد
هەر لەوێڕا
تیشکەکانی بە ڕۆح سپارد
ئیدی ببڕای ببڕا
نەهاتەوە
تا ئەو دەمەی لە ئامێزی
خوای گەورەدا

به شمشێری خەلیفەیەك

وا سەر بڕا

ئەم بەیانییە

هێشتا چەقۆ

ئیسماعیلی نەبڕیبو

ئیبراهیمیش ئەشکی چاوی

نەسڕیبوو

شەقامی شار

کش و مات

ئارام ئارام

پەپوولەکانی

سەرە ڕێی ژیان

هەموو چاوەڕێی

دەست و دیاری

بۆ جەژنانە

خۆشەویستییان لێ دەباری

ئەم بەیانییە

کام جوانی بوو

هەر قەلا بوو

**کام باڵا بوو**

**هەر منارە**

**بە پێوە بوو لەم بنارە**

**کام نۆبەتدار**

**وەك سەفینە شێتەی خۆمان**

**حەزی دەکرد**

**کە ببینێ بە چاوی خۆی**

**جوانترین ڕۆمان**

**ئەم بەیانییە**

**کام شاژنێ**

**وەك خانزادی میری سۆران**

**قژی زەردی**

**لە باڵایا تێك ئاڵا بوو**

**جارێکی تر**

**دەرگای**

**قەڵای پاشای گەورەی لێ واڵا بوو**

**ئەم بەیانییە**

**کام سەفەری کوردایەتی**

**بەڕێوەیە**

**کام سوارە**

**لە کاروانی ئەم سەفەرە**

**بەپێوەیە**

**ئەم بەیانییە**

**نامەیەکی کراوە هات**

**بە دەست خەتی چەند فاڵچیەك**

**مۆری ڕەشی ئەنفالچیەك**

**لێی نووسرابوو**

**منم تاوان**

**گەورە گەورە وەك هەڵەبجە**

**گەورە گەورە وەکوو ئەنفال**

**بۆ پایتەختی کوردستانتان**

**هاتووم بە غار**

**تا بگێڕم دوو کەرنەڤاڵ**

**هاتووم بۆتان**

**شین دابەستم**

**شایی تێك دەن**

**بۆتیٚ ناگەن لە مەبەستم**

**گوتیان : تەوقە ناکەن**

گوایە ئێوە ماران گەستن

نەتانزانی بەدەست نوێژی

ئەم بەیانیەی جاری جاران

بە زکری : الله اکبر .. الله اکبر

مەست و خەستن

هاتووم

من نێردراوی دەور و بەرتان

بۆ سەر سنگی

نیشتمانی لەت و پەتتان

ئێوە بە دووای

لێکدانەوەی خەونی مێژوون

لە ژێر سایەی ئالأیەکدان

تەنیا و تەنیا

ئێوە و خودان

هەر هەنگاویٚ کەوا دەینێن

هەر نەخشەییٚ کەوا دەیلێن

بۆ تیٚ ناگەن هەش بەسەرتان

یان ئەوەتە ئاگری شەڕە

ئەو سووتێنیٚ

**یان ئەوەتە ئاوی ئاشتی**

**ئەوخنکێنیٚ**

**ئەمن ژەهری**

**قینی خۆم ڕشت**

**ئەمن خوێنی حەڵاڵی تۆم مشت**

**پێناسەکەم**

**عەیامێکە لە پشت سنگی**

**سەنگەرتانە**

**پەیامەکەم**

**بایە قووشە وا پشتاو پشت**

**چەند ئەوەندەی**

**زیندوون هێشتا**

**سەد ئەوەندەی**

**تریشی کوشت**

**ئای لە ژووانی ئەم سپێدەیە**

**هەور چ هەور**

**ڕەش ڕەشی تووش**

**جەور چ جەور**

**لەسەر پشتی ئەسپی چەمووش**

**وا هەناسەکانی مەرگ**

**هەڵوەرین**

**نازانین**

**شیرینی و تاجە گوڵینەکان**

**بەرەو کوێ بەرین**

**لەم سپێدەیە هاوڕێکانم**

**چونکە بە دوای**

**هەتاو وێڵن**

**ئەم هەوارە بەیەکجاری**

**بەجێ دێڵن**

**دەتۆش بڵێ**

**لەپاش مەرگم**

**هاوڕێکانم**

**ژانی خونچە گوڵی دەم کراوەن**

**پەڵەی بارانێکی سەر بە کڵاوەن**

**دەتۆش بڵێ لە پاش مەرگم**

**نەدۆڕاوین**

**لە ئازاری ئەم وەرزەدا**

**لە مەیدانی**

**زۆرانبازی ئەم بەزمەدا**

**واین لە پشت سوارە سووکەڵەی**

**ئەسپە شێکان**

**بۆ هەمیشە هە ر براوەین**

**هاوڕێ لە کوێی**

**کام بەرزیە**

**بۆت گەڕاوم**

**کام شاخی سەختە**

**هەڵگەڕاوم**

**کام سروود و**

**کام ئالآیە**

**لێ ی گەڕاوم**

**هاوڕێ لەکوێی**

**لە کام شانەی کوردایەتی**

**لە کام لانەی مەردایەتی**

**کام سەنگەرە**

**کام دەڤەرە**

**تۆی پاڵەوان لێی لەنگەرە**

**هاوڕێ لە کوێی**

**جارێ لە شار**

**جارێ لە شاخ**

**وانییە ئەمڕۆش**

**لەبەر دەرگای هەموو ماڵێ**

**بووی بە عەشق**

**بە گوڵە باخ**

**دەك لۆت لاڵ بم**

**هەولێری مەند**

**نیشتمانی مرۆڤی رەند**

**بەیانیەکی ڕەنگاو ڕەنگ**

**نە زۆر زوو بوو**

**نە زۆر درەنگ**

**ڕەوە کۆتری سەر بە گوڵینگ**

**زۆر و زەوەند**

**هەڵنیشتنەوە**

**لەسەر شانۆی لق و مەڵبەند**

**یەکەم ماچ ئەوان کردیان**

**یەکەم ووشە ئەوان چڕیان**

**یەکەم چاوبوون گریاندیان**

یەکەم فرمێسك بوون باراندیان

ئێمەش هەموو

لەسەر تیلەی چاوەڕوانی

لە مادوونی شەهیدانم

ئەم شەوانە

چۆن شەوێك بوون

وامان زانی

سەر خەوێك بوون

خەونێك

خەوی لێ زڕاندین

بای ناسۆرێك

گوڵی سووری هەڵوەراندین

هۆ شارەکەم

دیار بەکر مەهابادم

سلێمانی کەرکووکەکەم

ئەی قامیشلیە بێ نازەکەم

زاخۆکا دەلال

دهۆکا ڕەنگین

خانەقینم

**شەنگارەکەم**

**گەرمیان و کوێستانەکەم**

**ئەمڕۆ گشتتان**

**هەروا لە ڕێن**

**بە پیرمان دێن**

**شۆڕە سوارن**

**زمانحاڵ**

**باڵداری بێ پەڕوباڵ**

**وا بە پەلە**

**بە هاواری هەولێر دەگەن**

**لە زمانی عەشق و ئازار**

**لە ناڵینی بلوێر دەگەن**

**سلێمانی**

# کوردستانم

**بۆ شەهید محەمەد عەجەم**

**کوردستانم**
**وڵاتی بەفرو خوێنم**
**نیشتمانم**
**ئەی خۆشترین شوێنم**
**هەرچی لەسەرتا دەڕوێ**
**خوێنی شەهیدە دەدوێ**
**شەهید محەمەد عەجەم**
**عاشقی بیرو عەلەم**
**لە سایەی ئەم خوێنەیە**
**لە خزمەتتانە قەڵەم**

# بەهاری شەهیدان

**(بۆ داستانی قازان )**

تازە بەیانە رووی ئاسۆ رۆنە
گەزەنگی هەتاو ئیمڕۆ پڕ بۆنە
خۆریش لەتاوا نەیداوە تیشکی
داریش فرێیدا گەڵای وشکی
زستان لە پەلو پۆی خۆی کەوتبوو
دەوەن لە ناخی بەفر خەوتبوو
کزەبای ساردی دەمەو بەیانی
بۆنو بەرامی لەگەڵ خۆی هانی
دوازدە سوارەکەی کۆنی مەریوان
لە گوندی قازان ببوون بەمیوان
سەرقافڵەی ئەوان کاکە ئەنوەر بوو

ئەنوەر بوو مەرد بوو هەم کورد پەروەر بوو
ئەگەر بە ویستی توخم پەرستی
لافاو بەخوێنی لاوان هەڵبستی
گەر بە سێدارە پشتی ئەستوورە
زیاتر بەرق‌و کینەی خۆی سوورە
چاوی بچێتە پشتی سەری خۆی
جووتیار بکوژرێ لەسەر وەردو شۆی
دوازدە سوارەکە بە ئەسپی شێوە
دێن و دەبڕن ئەو دەشت‌و کێوە
دەگرنە باوەش ئاسکی سەر سنوور
دێنن بە دیاری بۆ دڵداری دوور
زریکەی دەنگی ناسازی کەرخ
بۆ کورد دەسووڕێ زەمان و چەرخ

هەولێر – *20 / 3 / 1982*

# ئاواتی شەهید

له نێو لێشاوی خەمدا

هاوڕێیانی خۆشەویست له بیرتانم

لەگەڵ تاسەی هەناسەمدا

وەك سەرجەلەی بەرەبابی ڕاگیرتانم

منی ئازار لەسەنگەری مەرگی خۆمدا

چاوەڕێی هاتنتانم

لەسەر رێگای هاتو چۆمدا

بتان بینم

زەبری قورسی سەرگرانی نەوەشێنن

دەرەبەگە خوێن تاڵەکان

مێکرۆبێکن

خۆشەویستیان له هەناوی پاکی خۆتان

داوەشێنن داوەشێنن

بتان بینم

ئاواتی من وەك ئاواتی شەهیدەکان

تێ نەچۆڵێ

مرازی یار وەك مرازی عەگیدەکان

**تێ نە چۆڵێ**

**هاوڕێیانی خۆشەویست**

**داگیرکەران بەرامبەر سامی ئێوە**

**خۆ ناگرن**

**ئاگرو ئاسن لەناو گەشی چاوی ئێوە**

**خۆناگرن**

شنۆ – ئەلیوان – ***13 / 9 / 1974***

# بۆ بازی گەرمێن

**پێشکەشە بە دایکی شەهید سەردار سەعید صۆفی**

مەڕۆ
ئەمڕۆ عەزیا تینووی خوێنن
لەگەڵ مەرگا لەیەك شوێنن
مەڕۆ
کۆزی ساوای پارتیزانی
پێڕۆکەی ناو ئیش‌و ژانی
وەك چۆلەکەی باران بڕە
بەرەو روویان هەڵمەفڕە
نەك هەر تینوو هەم برسینە
هەردەم جێگەی مەترسینە
مەڕۆ
بە شاخێکا هەڵمەگەڕێ
کە زۆر رکەو
بەسەر خۆتا وەر دەگەڕێ
بۆ درەختێکا دەست هەڵنەبڕی
کە پڕ دڕکەو
دەست‌و پەنجە ناسکەکانتی
پێ دەبڕێ

**مەڕۆ**

**وا لە دیوی چەند رەبایە**

**هەندێ فاشییو کەرە کێوی**

**لە پەنایە**

**مەڕۆ**

**شەقامی شار ئەمڕۆ چۆڵە**

**گشت گەڕەکو کوچەو بازاڕ**

**پڕ لە کیژو نازدارانی**

**سەر بە خۆڵە**

**مەڕۆ**

**مشکە کوێرەو بە چکەنازی**

**لە چلیتانیێو فڕکو هۆڕە**

**لقو پۆپی شەست مەتری**

**بۆ کرنۆشی جەلادەکان**

**سەری شۆڕە**

**مەڕۆ**

**یەکە پیاوی زراو رژاو**

**لە دەفتەری بیروەریت**

**لە ژیاننامەی پڕ سەروەریت**

**کەنوسرابوو مێشك پڕاو**

**ئەوا ئەمڕۆ**

**بە ڕوو زەردییو رەش هەڵگەڕا**

بێ ترسو لەرز
بە هەورازی قەڵاکەمان هەڵگەڕا
کە ڕۆیشتی
بۆ بەیانی دەست بە تەور
دێن ناوی تۆ دەکەن کەور
لەسەرەتای هەواڵەکان
باس دەکرێی
بە گەورەترین ( مخرببش )
پێناس دەکرێی
کە ڕۆیشتی
وەك نیشانەی
هەروەك سەفین
لەم نێوانەی
وەك شانازی ئەم مەڵبەندە
کە سنورێکی تەل بەندە
کە ڕۆیشتی
بە دەریایەك دەپەڕیەوە
بە پێ مەلە
لەگەڵ باقی شەهیدانی
گشت کۆمەڵە
لە لێواری کەشتێکا گرتو لەنگەر
بە دیار ئاسۆی ڕۆژ هەڵاتا

لێودا سەنگەر

بنوو

منی بێدار خەوم نایێ

نەچیرۆکت نەچیرۆکم

بەم زووانە دوایی نایێ

بنوو

دوور لەوانەی خۆشت ویستوون

لەو مەلانەی

لەسەر چڵی دڵتا نیشتوون

بنوو

چۆن لەم خاکە بووی دەست بەردار

کە ڕۆح سووکتر هاوڕێمان بووی

شەهید سەردار

کاتێ نووستووی

چاوەڕێ بە

لەسێ باری نیوە شەوێ

کار مامزی

گەرمیانت دێنە خەوێ

***1987/ 12 /5***

# پڵنگی کێوان

**بۆ شەهید ملازم سەید کەریم**

هەور بەری ئاسمانی گرت
ڕووبار ڕێگەی کاروانی گرت
منداڵ مەمکی دایکی بەردا
خۆی لەتۆزو خۆڵان وەردا
کانی دڵی عاشق دەربوو
ئاگر لەنێو دەوەن بەربوو
قەندیل سەری ڕەش هەڵگەڕا
غەریب بەدوای کەسی دەگەڕا
کێو مەترسی لێنیشتووە
کەهەواڵی تۆی بیستووە
کەو و سوێسکە فڕین تاربوون
بازو هەڵۆ شێتو هاربوون
دەستگیرانی دەست بەخەنە
دەستیان ناوەتە ژێر چەنە
چل لەچەمەن چەمایەوە
خونچە دەمی دادایەوە
بەهەناسەی تانو تەنگاو
ڕێبوار چاوی نایە هەنگاو
هەتاو تینی لەبەر بڕا

**ماندوو خەوی لەچاو زڕا**
**کوڕگەلی شار و لادێ**
**کارەساتیان بەسەردادێ**
**کرێکارو پاڵەو ڕەنجدەر**
**ڕێگای دووریان کردە سەنگەر**
**کۆڕو خەبات دەکەونە خۆ**
**شۆڕە سوارێ ناگرنە خۆ**
**پڵنگی هەردوو دیوانی**
**چرای درەنگی شەوانی**
**گوللە سنگی ئەتۆی نەخشاند**
**قەڵای درۆو ساختەی ڕووخاند**
**مێژوو بەتۆ سەری بەرزە**
**تێکۆشانت سەدان تەرزە**
**بولبولێ بووی بۆ کوردستان**
**بەهار ، پاییز ، هاوین ، زستان**
**هاوڕێی ڕێگام خاڵە سەید**
**شوورەی پۆلا ئەتۆی شەهید**
**دوا لووتکەن قۆناغی تۆ**
**دەڕۆم بەدوای سۆراغی تۆ**
**هەرمای لەنێو هەناوی گەل**
**زەردەی خۆری لەدیوی کەل**

هەولێر – ***25 / 9 / 1984***

# سەربردەیەك

**پێشکەشە بە شەهید ئازاد هەورامی**

چەند ڕێبوار بەنیازی گەشت
بەڕێ کەوتن بۆناو دەشت
بێ خەو و نان و بژێو
بڕیان هەوراز و نشێو
دەیاندی لە هەواران
بارگەی پشتی دەواران
وەك ڕەوە ئاسکی سنوور
ڕێچکەیان دیاربوو لەدوور
بێباك لەتاڵو سوێری
کێ هەیە پێیان بوێرێ
لەبناری کێوان چەقین
بەڕووی داگیرکەر تەقین
لەخوێن پڕ دەبوون سەنگەر
شەهید دەیان کرد لەنگەر
دەسووتان دۆڵ و شاخان
ڕەش دەبوون گوڵ و باخان
دەستووری هێرش بردن
پێشەبڕکێ بۆ مردن
لەکۆس کەوتوو هەژاران
ئاودیوو دەبوون هەزاران

وەك نەخۆشی تیراوە
جیهان بەڕووی گیراوە
بەهەرکێ بڵێ ڤیزە
هابیگرن خولە پیزە
قەڵای سۆشیالیزم کوای
جارێ لەئێمە نەدوای
بەقسە وشە سوواوە
لە کریملین تواوە
خاوەنی چەکوچو داس بووین
لەکارگەی شۆڕش کاس بووین
کەچی ئێوەی لەبەرزی
دەمان بینن وەك دەرزی
ئێستاش بە قوتە ئاورێ
چاوم لەڕێتە هاورێ
مێژوو بەدوژمن بڵێ
با لەسەر ڕێمدا هەڵێ
تاکە چڕنوکم هەبێ
تاحەوت پشت دەیکەم تەمبێ
هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ
شوێن پێیان گرتوویە ژەنگ
ڕێی داگیرکەر نابێتەوە
هەزار فیرعەون دابێتەوە

***1988/9/3***

# پەیامێك بۆ باوکی شەهیدان

تۆ هەروا بوویت
قەلآیەك بووی لە ورە
دەریایەك بووی لە بەزەیی
ئاسمانێك بووی بۆ حەوانەوە
تۆ هەروا بوویت
کەچی ئەمڕۆ هەرچەند سەیری
چاوەکانت دەکەم
خەمی هەموو شەهیدانی
لەچاودایە
هەرچەند سەیری بالآت دەکەم
خەمی هەموو شەهیدانی
لەکۆڵ دایە
بێنەوە یادت
لەنێو تەپ و تۆزی ڕۆژگارەکان

لەبەر چاوی خۆت دا

دەیان هاوڕێی گیانی بە گیانی

سەدان پێشمەرگەی هاوسەنگەرت

لە مەیدانی مەردایەتی

بەرە و ئاقاری نەمری بەڕێ کرد

کەچی وا خەریکە

لەنێو خەم و زامە قوڵەکان

بزر دەبی

نەکەی هاوڕێ

تۆ هەمیشە پێشەنگی

پەناو پەسێو و ویژدان بووی

تو سەبوری دایکی شەهیدان بووی

خەم لابەری کۆست کەوتوان بووی

چاو هەڵبڕە حەشامەتی کوڕانی ڕۆژانی تەنگ

گوند نشینە بەئەمەکەکان

ڕەش و ڕووتە بێ نازەکان

هەموو توێژەکانی گەل

شاخ و دۆڵ و کوێستانەکان

ئەشکەوت و کانی و دەراوەکان

**دوو کۆتری باڵ بە خوێنی**

**هەڵفڕیوی سنەوبەرەکانی ئاوە گرد و سماقوڵی**

**هاتن**

**هاتن هەڵنیشتنە سەر لقە دارەکانی گردی سەیوان**

**هەڵنیشتنەوە سەر دڵی تۆ**

**هەموو تێکڕا فرمێسکت بۆ دەڕێژن**

**هەموو لە ڕیزی تەعزیە داران**

**لە خزمەت کوڕی جاری جارانن**

**هەستە هاوڕێ پیلی دێوە زمەی کۆست بگرەو**

**لەخۆتی دوور بخەرەوە**

**هەموو هاتووین بۆ ئەوەی تۆ دڵمان بدەیتەوە**

**ئەوا ڕێبازی تۆ ڕێبازی من ڕێبازەکانی هەموان**

**لە ئامێزی گەرمی دایەن**

**لە بەهەشتی ئەو خودایەن**

**هاوینی – *2002***

# ئاوابوونێکی ناوەخت

**بە بۆنەی مردنی قەدری جانی شاعیر**

له دامێنی کاسەسەری
مرۆڤێکی چاو دەرپەڕیو
گۆڤارێکی زەرد هەڵگەڕاو
کەوتە دەستم
له هەرلایێ پەرێشانی دایە هەستم
دوا لاپەڕەی وا نووسرابوو
گەلێ دۆستو هەڤالێت مە
سەرخۆشی کەن ل مالێت مە
کیژەکام تەنێ لێرە
زۆردار پێم دکەن هێرە
خوشکی شیرین
جیهانی نەهاتوومان
له ڕێی سەختی نشێودایە

بەیداخی شەکاوەمان
لەعاجیلەی قەد کێودایە
لەکولیکەی
سەر گۆڕی قەدری جان دایە
لەهەناوی زۆزگ
ئازاری زام
ئەسرینی تۆ نەخش دەکرێ
بەشنەی زۆزگ
کۆتری ئاشتی
بۆ هێلانەی باڵی دەگری

*1973 / 5 / 1*

ئای لەمانگی بەربەیان کاتێ لەکەل ئاوادەبێ

نیشانەی مەرگی ئەستێرە لەشیرینی خەوادەبێ

هەر وەکو بولبول ڕزگاریت دەوێ هێشتا زووە

تۆ بەئاگابە زۆر لەمێژە ڕۆژی چەوساندنەوە چووە

پەیدا کەزانین پیرە سەفینت هەردەبێ

مرۆڤ بێ زانین بمێنێ لەم کێوانە گەڕدەبێ

***1977 / 8 / 1***

ئەی ئارەقەی بەرتیشکی خۆر لەهەتاوان

ئەی ترووسکەی ناو فرمێسکی گۆمی چاوان

ویستم پەردە بەسەرتادەم نەمتوانی

وەك سروودێ لەبەرتاکەم نەمتوانی

زیندەوەری ژێر پێی تۆمە

بەبوونی تۆ هات و چۆمە

***1972 / 3 / 23***

دەترسێم تۆ

ئەلەو کاتەی کە جێم دێڵی

تیشکی چاوت

گوڵی لاوی من بشێلی

یەکاوەخۆ

چوزەی دڵی ناسکۆڵەی من

نیگای چوونت تاهەیێ بێ و بیکێڵی

# دڵی زیندوو

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

تەنیا خانووی گوندەکانو ڕەزو باخە

یەك دوو لووتکەو دارو بەردی چەندین شاخە

کۆترێکی دەستە کەمۆو باڵکراوە

لەلێواری هێلانەی خۆی سەرپبڕاوە

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

هەڵەدنو کانی بەردو شێخ وەسانە

بالوکاوەو خەتیۆ توتمیۆو بالیسانە

بولبولێکە برسیو تینوو لە نێو قەفەس

بەدیاریەوەن تا لێی دەبڕیۆ چرکەو نەفەس

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

لەئۆردوگا زۆرەملێکان بەرکەنارە

یان لەزیندان پێشە بڕکێن بۆ قەنارە

وشکە وەکو پاوانێکی پووشو پەڵاش

بێکەس چەشنی غەریبێکی بەبیۆ وڵاش

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

**هاژوو هووژی شۆفێنیستان پێی دەوەستێ**

**بەنێزەیان جۆگەلەی خوێن هەڵدەبەستێ**

**هەندێ باخچەو بوخچەی سووکن بیکەنە کۆڵ**

**فڕێی دەنە بن چادرێ لەدەشتو چۆڵ**

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

**هەر لەسنگی پنچکە پیاو زۆڵە کوردە**

**کەهەمیشە لەبن پێیان خاشو وردە**

**کانییەکە بە کەمێ لم پڕبێتەوە**

**زریانێکەو بەهەوەنتەش کڕبێتەوە**

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

**لەهەڵوێستی دڵ ڕەشیان بێئاگایە**

**لەژوورێکی تەنگە بەروو بێدەرگایە**

**کارێزێکی وشکو برینگە قەت دەرنابێ**

**بێستانێکی سووتێنراوە بەبەر نابێ**

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

**وەك ڕووناکی بەرچاویان کزەو بێهێز**

**وەك هەناوی بۆگەنیان لێی دەکرێ بێز**

**چۆلەکەیەو بە فرتو فێڵ بخرێتە داو**

**یان کەروێشکی نووستووی لانە زوو بکرێ ڕاو**

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

کەوی سپیی‌و کارمامزی گەرمیانە

تەنیا کێوی قەرەچووغی پشتیوانە

دمدمێکە لەچوارلاوە دەورە بدرێ

سەد کەسێکە ئاو و نانی لەبەر ببڕێ

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

حەسانەوەی بن سێبەری دارگوێزە

چەند مزگەوتی پاڕانەوەو نزاو نوێژە

پڕ بەلوولەی تۆپەکانی دوور هاوێژە

نەخشەو قسەی وڵاتێکی بێڕاوێژە

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

وەك هەزاران دەربەدەری سورگوم کراوە

لەگشت لایێ ڕێی هانایان لێ داخراوە

زەویی‌و زاری زەحمەتکێشە داگیربکرێ

کۆچەریەو لەبازگەکان ڕاگیربکرێ

وادەزانن دڵی زیندووی کوردستانم :

خوێنی گەشی دووشەهیدن حوسێن عەباس

دەشتی چۆڵی کەربەلایان پێبێ ڕەباس

نەخێر

دڵی زیندووی کوردستانم

شۆڕە سوارو پێشمەرگەیە

کاروانێکی نەپساوەیە

**کەوا هەردەم لە ڕێگەیە**
**نەخێر**
**دڵی زیندووی کوردستانم**
**دەنگو ورشەی ناو تاڤگەیە**
**لەهەر کوێ بێ وەك ڕاوگەیە**
**نەخێر**
**بابێن زاگرۆس**
**لەبناغەرا بگۆزنەوە**
**دڵی زیندووی**
**کوردستانم بدۆزنەوە**
**بابێن دەرگای ئەشکەوتەکان**
**بکەن واڵا**
**لەسەر قوتکی بەرزاییەکان**
**هەڵکەن ئاڵا**
**لەهەواران بادروستکەن**
**کۆشكو تەلار**
**تێمان گرن قسەی ڕەقو**
**توانجو پەلار**
**چۆن دەتوانن دڵی زیندووم**
**بنێنەگۆڕ**
**چونکە لەگەڵ دڵدارەکەی**
**بەستویە کۆڕ**
**نەخێر بابێن**
**ساوای شیرەخۆرە ژەهراوی کەن**

**دەستو پەنجەی**
**کیژو کالاّن خەناوی کەن**
**چاوی هیوای**
**پیرو ئافرەت بنووسێنن**
**لەگەڵ خوێنو**
**تۆزو دووکەڵ  بیخوسێنن**
**واله ئاسۆی**
**بینایی دڵ**
**بەدی دەکرێ باڵندەیەك**
**لەئاستی چل**
**بەرەو پیری ئەودەچنەوە وەك پێرۆکە**
**ئەو کۆرپانەی سەریان دیارە لەتێرۆکە**
**نەخێر**
**بابێن بکەنەوە**
**سەهۆڵبەندەو رێی زستانم**
**هێرش بەرەو رووی کوێستانم**
**دڵی زیندووی کوردستانم بکەنەوە**
**زنجیرلەملی نیشتمانم بکەنەوە**

هەولێر – ***30 / 5 / 1987***

# ئەو وێنانەی بەقسەدێن

# ئەو وێنانەی بەقسەدێن

تەبارەی هیوام بایەك هەژاندی
مەرگێ لەناكاو هاتو بەزاندی
یەك یەك ئەو گوڵە پڕ لەشیرانە
سووكو چرووكێ هاتو وەراندی
***   ***   ***

تا ئاودیو نەكەی پەڕی یادگاران
نابیە پسپۆڕی ڕۆژو ڕۆژگاران
دەدڕێ دامێنی تاریكستانی
كەهاتە مەیدان كوڕی شەوگاران
***   ***   ***

ڕاستە سەرەنجام هەرچی كەڕوویدا
دەستی ڕۆژگارێ گەیێو لوولیدا
تۆ بڵێی چیبوو وای كرد لەو دڵەی
بۆنی ژووان هات یەكتاو سووڕیدا
***   ***   ***

کەچاندم تازە شەتڵێ بوو نەمام
چاوەڕێ بووم بێ ژیکەڵەو تەمام
وای بۆ هەڵکردین پیرە هوڕەبا
شەتڵ هیچ ! منیش لەگەڵیا نەمام
*** *** ***

لەنێو نەمامان نەمامێکم بوو
لەدەمی ڕواندن تێڕوانێکم بوو
منی ئاودێری عەبرەییو ماندوو
جاروبار ژووانی سەرخوانێکم بوو
*** *** ***

وام مەبینە لە کونجیکام دوورە پەرێز
لە لێواری زەلکاوێکام لێم دەکرێ بێز
من ئەو کەوە کوێستانیەم هاوڕێ شەوم
لە هێلانەی کەوێکی تر چۆن دەخەوم
*** *** ***

نەمامم تێر کرد بەئاوی ژیان
لەباوەشمدا دەکەوت بێ گیان
کاتێ دەپشکوێ خونچەی ڕازاوە

**لێم وە ئاگاهات کردیە ئاژاوە**

**بولبول نیم بفڕم ئەم چڵ بۆ ئەوچڵ**

**دڵدار نیم بڕۆم ئەم دڵ بۆ ئەودڵ**

**تەنیا ئەو تینوو حەزو ئارەزووەم**

**نەمام هەڵدەگرم لەم گڵ بۆ ئەوگڵ**

*** *** ***

**من ئەو کۆترەم کراوە باڵم**

**چی تووڵە سەگە هاتۆتە پاڵم**

**وایان لەقەفەز پەستاوم هەردەم**

**هەر بۆوەی کۆری دامرکێ زاڵم**

*** *** ***

**هاودەردم لەکوێی هاودەردم لەکوێی**

**دێی لەگەڵ مندا تاوێکی دەدوێی**

**هاونشینم بە هەتا ئەودەمەی**

**دەبی بە شەتڵێ‌و لەدڵمدا دەڕوێی**

*** *** ***

**بۆیە ئەستێرە وادەجریوێنێ**

**زامی لاوێکە وادەتریوێنێ**

**هەتا دەگاتە قازو قوڵنیگان**

لەوپەڕی ئاسمان بۆی دەقریوێنیٚ

ویستت بناسی پیاوی بەسفلە

لەئاست ڕاستیدا زمانی قفڵە

کلیلی کردنەوەی گەندەڵی ئاوا

تەنیا لەدنیا بە نووکی چقڵە

*** *** ***

یەکیٚ مرۆڤێکی کردبووە هاوڕیٚ

نەیدەدایەوە بەبیٚ ئەو ئاوڕیٚ

بۆ کەمیٚ پارەو دەست لەپشت دانی

بەبیٚ سیٚودوو کردیە قوربانی

*** *** ***

تا سروەی بەیان نەبڕیٚ هەناسە

گوڵ پێناکەنیٚ بە دڵی پڕتاسە

تا زرینگەی زەنگۆڵ نەزرنگێتەوە

نێری بەرایی نالەنگێتەوە

*** *** ***

پاوانی دڵم باخچەی بیٚ ئاوە

تەنیا مەلێکی لیٚ بەجێماوە

بەنووزە نووزو ئاوازێکی لەنگ

**چاوەڕێی خۆرو هێزی هەتاوە**

**لێی پرسیم تۆچی لێرە چ کارتە**

**نایە نێو دڵمو بکەی شکارتە**

**گوتم فەرمانتە ئامان لێ گەورێ**

**ئاسمان ناپۆشرێ بەتیلمە هەورێ**

*****   ***   *****

**لانەی منداڵیم لانەی منداڵیم**

**ئەرێ لانەکەی پڕ ترشیو تاڵیم**

**تاسنگی شەهید نەکرێت والاّ**

**لەدایك نابێ دروشمو ئالاّ**

*****   ***   *****

**باریکرد ویژدان لەسەر ڕووی زەوی**

**چۆڵەوانییە چی بەرزەو نەوی**

**کاروان تێپەڕی بڕی سنووران**

**گوڵم هێشتاکە لەپرخەی خەوی**

*****   ***   *****

**سمێڵی باداو تیلاکی خوارکرد**

**خۆی لەسەر ئەسپی یەکیتر سوارکرد**

**(جەناب مەقایس) چونکە نەماوە**

تۆزوبای ناسۆر چی لەبواركرد
بەشی ئەو لەچاو بەشان دەقاتن
لەم ڕەزو باخەو شاخەی دەباتن
زمانی ئاگرو ئاسن نەبووایە
گولّ و خوێن زۆر زوو بەقسە دەهاتن
*** *** ***

چەقی ڕێبازت بۆ گرتووە لێم
ئەمڕۆ نا سبەی هەردێمەوە دێم
ئاگری بڕواو تینی گڕگرتووم
دەتاوێننەوە سندمی لەپێم
*** *** ***

وە دوای خۆی دابوو هەندێ ووردیلە
چاوەڕوانم بوو لەڕۆخ سەرتیلە
کەوێ کە تەنگاو بکرێ بۆ ڕەزێ
بەدەست خۆی نییە زۆرچاك دەبەزێ
*** *** ***

بێچووە باڵندە باڵ هەڵبڕینە
دایكو باوكتان فێرە فڕینە
لەهەر چوارلایێ واڕاوە ڕاوە

کافرستانییە چاو هەڵدڕینە
دەگەڕایەوە هەموو ئێواران
کۆترە باریکەی باخچەو لێواران
ڕوو دەبووە مەنجەڵ مانگای دەدۆشیێ
نازی بەئێمەی هەژار دەفرۆشیێ
***   ***   ***

لەبەردەم باخچە وەردو شۆیانە
باخچەش بەرامبەر ماڵی خۆیانە
چۆن وارێکەوت ئەوهای داهێنا
وەك لانك بۆ دڵ هاتو چۆیانە
***   ***   ***

حەبیبەی نالی وەك قازو قولێنگ
وشە ببووە خاك لەترسی کولینگ
بەلاّم حەبیبەی ئەم کوێرە گوندە
پێویستە بۆی بی بەشێرو پڵنگ
***   ***   ***

قورِیێ گیراوە هێشتا نەخووسا
وەك قیرو بنێشت بەئێمە نووسا
کیێ دیێ بەهاوار بۆ جەنگی نەهەنگ

**بەس دار عەساکەی حەزرەتی مووسا**

**گەلێ کە بنوێ بە سنووری والاّ**

**هاکا مارێکی ڕەشی تێ ئالاّ**

**ئەوەی لە پەل‌و پۆی خۆی بکەوێ**

**هەر چاو هەڵدەبڕێ لەبەژن‌و بالاّ**

*** *** ***

**دوێنێ بەئێمە کردیان ئیش بەتاڵ**

**ئەمڕۆش خەریکن بمانکەن چەتاڵ**

**ئەوەی ووریا بێ چۆن سەر بادەدا**

**پێشی تا بەرە بەخۆی دا دەدا**

*** *** ***

**ماڵەکەی ئێمە وەکو کارگەیە**

**هەردەم پێویستی بەچەند بارگەیە**

**سەیری لێدان‌و کوتانی دڵکەن**

**ئەویش باخێکە پڕ لەوارگەیە**

*** *** ***

**چیای کاروخ‌و کەپکی جوانەگا**

**بە پیر هاواری منالاّن ڕادەکا**

**ئەو پێشمەرگانەی بوون بەداستانێ**

لە زمانی حاڵی دوژمنان دەگا
ئەو هەگبانەی پڕ لەوردە نانن
لەهەر چوار دەوری دڵی پڕتانن
سەنگەر بەسەنگەر وان لەمەتارێز
بۆ ئەوەی عەشقی مانو نەمانن
***   ***   ***

لەسەر کەلاوەی گوندێکدا مەلێ
گوێی بۆ ڕاگرن بزانن چی دەڵێ
پێش ئەوەی بدا لەشەقەی باڵی
دەگێڕێتەوە چیرۆکی گەلێ
***   ***   ***

تفەنگ هەواڵی مەرگی داوە پێم
ئەو مەرگەی دنیای داگرتووە لێم
بۆیە دەست لەملین پێکەوە هەردوو
بەکانی ژیان دای کووتاوە رێم
***   ***   ***

وێران نەکراوە تەنیا ماڵی من
ماڵی زۆر کەسێ دەرهاتووە لەبن
پاك لەپاك دەرچووین بن بڕوکارتە

ئەوەی گەیشتێ دەستەکەی دوژمن
چیان کرد پێمان ئەوخوێن تالأنە
لەبەرزیی و نزمی ئەو قەدپالأنە
وایان داخ کردووە جەرگی نیشتمان
بۆیە خەنجەرمان دوور لە کالأنە
*** *** ***
برام هەڵکێشە خەنجەری دەبان
تا خەنجەر لەتۆش نەکراوە نەبان
سواربە لەپشتی پیرە هێسترەکەت
تا بۆیەکی تر نەکراوە تەپان
*** *** ***
خەنجەر لەت لەتکە جەرگی مێژووناس
ئەگەر نەینووسی لەسەر تۆ هیچ باس
تێی هەڵکردووە ئاوازی خۆش خوان
سەرو مێشکەکەی فاشی دەکا کاس
*** *** ***
ئەوەی ماکی ڕەش لەدڵی ڕوواوە
دەست بەخەنجەر دێ بۆت لەدواوە
لەڕۆژگاری وا وشتو وریایی

**ئەوەندە وترا هەتا سوواوە**

**کەچیا ژانی گرت کانییَ دەربوو**

**بەجۆگەیەکدا بەدەشتیَ وەربوو**

**وایدا گرتبوو گوڵو گوڵزاران**

**بەلاّم مەخابن ئاوڕی تیَ بەربوو**

*** *** ***

**هاتن دارگوێزیان لەبن ڕابڕی**

**کانییو دەراوی سەرزەویان سڕی**

**بەلاّم هەر ڕەگیَ لەڕەگی وازۆر**

**بۆ سەرچاوەکان پێش خۆیان دڕی**

*** *** ***

**دانەتەپی بوو هەندیَ سەرتیلە**

**دەهاتو دەچوو لەسەریا پشیلە**

**پێش ئەوەی ئاگر داگریَ هێلانەی**

**خۆی هەڵدەدا سەر فەرخەی وردیلە**

*** *** ***

**کۆتریَ لەناو لیس تەنگەتاو کریَ**

**دەفڕیَ بۆ لاییَ سەرخۆی هەڵدەگریَ**

**بەلاّم سەدانی وەك ( پوورە سیلکان )**

**دەچنە هامێزی نێو دڕکو چیلکان**

**بۆ لێم ناپرسن دەنگم بۆ کەرخە**

**هاوار هاوارمە ئاوا چەند چەرخە**

**لێرە هالەوێ بەدووای تۆم ئاشتی**

**ماندوو شەکەت بووم خۆتم بۆدەرخە**

*** *** ***

**ژووری زیندانم لەناویەکدایە**

**لەهەر قوژبنێ چەند دەرگای تیایە**

**دێ دەنگ دانەوەی تاکە سروودێ**

**ژوور لەبۆ ژوورێ ئاوازی جیایە**

*** *** ***

**دڵ لەهەر کوێ بێ کەی بێ شوێنە**

**چونکە پەروەردەی ناو هێسکو خوێنە**

**بەڵام ئەو کەسەی دیلی زیندانە**

**خەریکی خەمو نەمام ڕوێنە**

*** *** ***

**هاوار هاوارمە کێ دێ بەهانە**

**گومان لەویژدان تەمام لێ دانە**

**منی گیانەڵا وام لەتەقەلا**

بۆ ڕێ بەدەری پزیشکی زانا

لەهەر شوێنێکی کەوا من لێمە

بۆ ڕۆژانی تەنگ کارێکیان پێمە

گەلێکیان هێناو بردووم بۆیە

وەختە بشێوێم نەزانم کێمە

*** *** ***

بەرو بوومی من بە فیڕۆ دەبات

وەك خودا دای بێ بەدیاریو خەلاّت

پاداشی منیش پشتی کۆماومە

پێی قوت بۆتەوە هەزاران قەلاّت

*** *** ***

کەسێ بەقومێ ئاو بکەوتە مەلە

مام ڕێوی چۆن بەو دەخرێتە تەڵە

ئەوەی خەریکی ماسی گرتن بێ

چۆن لە تۆڕی خۆی دەکاتن پەلە

*** *** ***

سامی دەنگی شێر لەلانەو قەفەس

ئەمیان بۆ ترسەو ئەویان بۆ هەوەس

لەکوخێکی تەنگ یان کۆشكو سەرا

**یەك وێرانەیە دەربارەی نەفەس**

**بەرەو پێش دێن بەكرنۆش بردن**

**ئەوانەی هەڵدێن لەترس مردن**

**فایەل نایبن لەسەر ڕووی زەردیان**

**تكە ئارەقەی دەرۆزە كردن**

*****   ***   *****

**دوێنێ باریكرد كێ ما لەشوێنی**

**ئەو بایە قووشەی كەوا دەخوێنی**

**لە بالینگانی ئارامی ئەمرۆش**

**خەونی بەیانی تێدا دەنوێنی**

*****   ***   *****

**كاروان سەرایە كاروان سەرایە**

**لەپێش دەرگایان دەنگو هەرایە**

**لەنێو ئەو هەموو هەزارە زیلە**

**ئەوەی مێوانە تاكو تەرایە**

*****   ***   *****

**بارێكی گرانە بارگەی شۆڕەسوار**

**بۆیە لەهەوراز دەڕواو دێتەخوار**

**هەر هەنگاوێكی بەقەد دوو هەنگاو**

وەپێش دەکەوێ گەر بکرێ تەنگاو

ئەو قسەی ئەمڕۆ دەیکەین منو تۆ

کێ تووکی نەرمە دەدرێتە بەرگۆ

ناوبژی کەربێ بۆ مام ناوەندی

مێژوو دەزانێ ڕاستە یان درۆ

*** *** ***

کەندوو جەوالآن تژی لەمشکن

کوشتنو بڕین خۆیان سەرپشکن

دڵیان کارێزی ڕقو تاوانە

چونکە خاوەنی کەللەی پڕ ڕشکن

*** *** ***

ئەمشەو لەئاسمان چەند لەئەستێران

دەیان ڕوانییە کاری گوند وێران

لەداخی زۆرو ستەمو ئازار

سەرەو ژێر بەڕووی زەمین هەڵدێران

*** *** ***

لەنیوە شەوڕا فڕۆکەی جەنگی

بەرز دەبۆوە لەئاسمان دەنگی

چاوەڕێی تیری ئەو فریشتانەم

چۆنی دەپێکیو دێتەخوار کەنگی
زستان ولاّتم بە بەفرو شەختە
کوێستانو گەرمیان سەرتاپای تەختە
بەهار کەڕەت بوو دێ سوورە هاوین
شین هەڵدەگەڕێ هەردەم لەم وەختە
***   ***   ***

شوڤێنی عەرەبو فارسو تورکن
بۆ گەلی ئێمە هەموویان گورگن
هێزە ئەمانە وەك ڕێوی فێڵباز
لەسەر پشتی مە وادەبن دەرباز
***   ***   ***

هەروەك ڕۆژانی ڕابردوو
بەڕەحمەت بێ دوێنێی مردوو
گەڕانو سووڕانی بەلاش
ڕەحمەت لەژیانی ناو تەڕاش
***   ***   ***

دەزانن ئەمڕۆ بۆوا بووین بەپەند
لەسەرتان دانا جوامێرییو رەند
کەسێ تەمای بێ بەشیو دراوسێ

**لەخەفەتانا سگی دەئاوسیٚ**

**قەد دانەمێنی لەکاری بەخێر**

**ئازابە برۆ بۆ ناوچاوی شێر**

**پاشگەز نەبیەوە هەرگیزاو هەرگیز**

**گەر بەچوار دەستە بتبەن بۆ هەڵدێر**

*** *** ***

**دیسان بوومەوە یەك پارچە لەخەم**

**کە توایەوە منی وا بەجەم**

**چونکە هەر وەکو نیشتمانەکەم**

**دەگەڕێم بەدوای پشتو پەناکەم**

*** *** ***

**هەرچەند پێت دەڵێم ئەمڕۆکە جەژنە**

**برازێنەوە ئەم باڵاو بەژنە**

**بەڵام زۆر حەیفە وابیٚ کوردستان**

**خەندەش بکەوتە سەرلێوی مەستان**

*** *** ***

**هەروەك قەندیلم بەرامبەر ئێوە**

**پیرەدار بەڕووم هەردەم بەپێوە**

**ئەگەر ئارەزووی سەردانم بکەن**

واڵەم نێوانەم هەروا بەڕێوە
ڕەوە باڵداریٚ تینوو هەم برسی
هاتنە سەر کانییٚ لە ئاویان پرسی
کانی کەتازە دەنگی دەنووسا
وەڵامەکەشی لەقوڕگا خووسا
***   ***   ***

مەمکی دایك ووشك بوو
لانك پڕی مشك بوو
لەکیٚو بۆکیٚ لای لایە
ڕۆژی حەلا وەلایە
***   ***   ***

هەروەکو ڕۆژی ڕۆژان
مێشكو سەرم پڕە لەژان
چەند دیمەنی ڕێكوپێك
دەستیان خستمە سەرنێك
***   ***   ***

ئەگەر تووشت بوو بەتووشی زەمان
گاڵتەی پێکردی بەهەموو دەمان
نەکەی دامێنی تەوق لەگەردەن

لەگەڵ هیوادا دەستو لێك بەردەن
وەك كۆترە كێوی سەرلقی چەمان
وەك زەردەخەنەی نیشتووی سەردەمان
تەنیا ئومێدت هەنگاو بڕینە
لەجیاتی ئێش‌و سەرباری خەمان
*** *** ***

لەودیو دیار كەویَ عەبا لەسەرشان
سۆفی‌و مریدو خەلیفەی ملپان
بەدووسەد زنجیر شەتەك درابن
هەمووی دەپسێنن تەنیا بەیەك تان
*** *** ***

هەروا دەسووتێن زاگەو شەم شوولە
وەك سووتانەكەی مۆم‌و پەپوولە
تەختو لەختیش بن دەناسرێنەوە
بەبۆن سۆیەكەی ناو گەردەلوولە
*** *** ***

هەركیَ هات ویستی لەژیان تێبگا
لەسەر حیسابی خەڵكی پێبگا
پاش تاو و توو سەودایەكی زۆر

**تازە بەتەمای پیاوەتی بکا**

**گەلێ لەمێژە چاو لەئاو کووفم**

**بە خێر و خۆشی وا بڕایەوە**

**دەرگای نەگبەتی داخرایەوە**

**لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدرایەوە**

*** *** ***

**خوا بەخێری گێڕا**

**بەدکار لەشاخ هەڵدێرا**

**شەوێکی پیرۆز**

**جیهان وەك نەورۆز**

*** *** ***

**ئەوەی هەڵبێنێ قەلای دێدەوان**

**دەستو بردیەتی بەتیرو کەوان**

**بەڕۆژ بەچاوێك سایەدی بکا**

**بەشەو هەردووکی ناچێتە خەوان**

*** *** ***

**دڵ سووتا لەسوێی سووتانەوەی**

**کەس نییە بێ بۆ دڵدانەوەی**

**گوێ بدێر چۆن نەی ناڵە ناڵیەتی**

**لـــــــــەدابڕانیٚ ســــــکاڵایەتــــــی**

**پاشی دارگوێزو کانیو هەواران**

**دەگرێی کەوی پشتی دەواران**

**کەدەستی بەسەردا گیرا کاروان**

**دەیدزیٚ ئەویش یەك لەغەوران**

***** *** *****

**خەنی خۆشیم بوو کەهات ئەو شۆخە**

**کەپێم ببەخشی سانەوەو ئۆخە**

**بەڵاّم چیبکەم لەچارەنووسم**

**توشی من دێتن سەریەشەو دۆخە**

***** *** *****

**چاوەکانت پیاڵەی پڕ شەرابن**

**برۆکانت دەڵێی شیشەی کەبابن**

**وەرنە دیداری مەستو زامداران**

**خۆ ئەگەر ئەهلی چاکەو ئەربابن**

***** *** *****

**هەژار ئەی بیلبیلەی چاوی مرۆڤ**

**تاڵیو سەختی ژین هەڵگرۆڤ**

**تیشکی تیژی وەچەی ماندوو**

**ئەی دروشمی پاکی زیندوو**

**ئەریٚ ئەی شەهید هەستە درەنگە**

**بۆ وا کڕکەوتووی لەم گۆڕە تەنگە**

**سەریٚ هەڵبڕە جەژنی نەورۆزە**

**بالێکتر بکەین جەژنە پیرۆزە**

*****   ***   *****

بەغداد — ***21 / 3 / 1970***

**چاوی کاڵی ڕەش دڵ دەتەزێنێ**

**تەختی کردگار ڕادەهەژێنێ**

**بەڵام ئەو چاوەی کەغەمزە سووکە**

**هەرچەند پیریش بێ هەردەڵێی بووکە**

*** *** ***

**ئەوەی لەڕێگەی عەشق پەکیکەوت**

**ناچارە بەڕەی باوێتە مزگەوت**

**دڵم پاوانی تەنیا گوڵێکە**

**ماباقی دونیا هەمووی پوولێکە**

*** *** ***

**گیانە زانیومە دەڵێن نەخۆشی**

**لەتاوی ئێش‌و ئازار بێ هۆشی**

**بێ ئاگای لەوەش چی کردووە ئەڤین**

**فرێکە بەمن بەتۆشی نۆشی**

*** *** ***

**غەریب تر بووینە من لەگەڵ بنکەی**

**دەخیلتم نەکەی خۆتمان لێ ونکەی**

**شەهید بەتەمای عەهدو وەفایە**

**هەرچەند لەدونیا ئەویش نەمایە**

*** *** ***

شیعر جوانو دڵناسكو بەرزە فڕە

لەئاست خەمی هەڵەبجەدا ماتوكڕە

وای مەبینە بەستە زمانەو دەم چەفتۆكە

لەو دڕندە سامناكەی خۆی پڕاو پڕە

*** *** ***

تۆ زەردەخەنەو مەلیش بەمەستی

ئەو ئازادیەمان كەی دێتە دەستی

زستانی عومرت بەهار سەوزی كرد

ڕێگەی ژووانت سنوور بەستی كرد

گوڵ وەك ڕووی دلبەر خۆی ڕازاندەوە

بەسەر دەروونما خۆی پەڕاندەوە

وەك فرمێسكی چاو لافاوی هێنا

گژوگیای ژوانگەی پێ بوژاندەوە

لە فارسیەوە وەرگێراوە – ***25 / 11 / 2002***

**وەکو پەپوولەو پەڕی گوڵ ناسك**

**دەگەڕا زوورگو تەلانو باسك**

**لەنیگای سەیرو زمانم ترسا**

**وای زانی چنگی شێرە بۆ ئاسك**

**لە فارسیەوە وەرگێراوە – *8 / 7 / 2002***

**یەکجار سەیری یارم کرد یارم جنێوی وەراند**

**یەکجار سەیری هەورم کرد هەور بارانی باراند**

**پالّم داوە بەدیوار خۆڵی بەسەرما پرژاند**

**مالّی ئەوە وێران بێ کەیاری لەمن تۆراند**

*** *** ***

**جامی زێڕینی بێ مەی بێ تامە**

**هیچ دەردێك دوایی نایە بە نامە**

**جامێکی بێنە قرێژ و قۆپاو**

**ئەو جامە لای من پاکترین جامە**

**سەر زەنشتی تۆم کردووە بەخامە**

**ڕۆژێك دادێت بکرێت بەنامە**

**ئۆبالّم مەخە سەر ئەستۆت گیانە**

**ڕۆژی قیامەت خوێنم گرانە**

*** *** ***

**ڕووی سپیت وەك مانگە تۆ**

**سپی کرد مووی ڕەشی من**

**مووی ڕەشی زولّفەکەی تۆ**

**بووە هۆی ڕۆژ ڕەشی من**

*** *** ***

**وەها خۆی ڕاگرت پڵنگ لەکێوان**

**زەبرێکی توندی لەدوژمن خێوان**

*****   ***   *****

**بەبێ من قەت نەبوو جارێ سەفەرکەی شای وەفاداری**

**دڵت چۆن هات کەئەمجارە بەجێم بێڵی بەیەکجاری**

*****   ***   *****

**توخوا قەت نەڵێن شاعیر دڵدارە**

**بەخۆی پیادەو مەبەست باڵدارە**

*****   ***   *****

**لەسەر خونچە کەهەڵنیشێ بەلاساری**

**ئەو باڵندە بەدەر نیە لەپاساری**

*****   ***   *****

**پاکی بەناپاکی پاك دڵی بردمو ڕۆیی**

**پەکی لەپاکانەم نەبوو بەبێ باکی هاتو ڕۆیی**

*****   ***   *****

**وا لەسەر سەری سەرسەری ماتەمی سەری ساڵە**

**لەسەر سەنگو سەنگەسەر ساڵ هەرلەوێ ساڵە**

*****   ***   *****

**من بەشیر بریندارم دەرمانیشم هەر بەشیرە**

**لێم گەڕێ من بەشیر نایەمە ژێر ئەم نیرە**

*** *** ***

**بەرهەمی بابە گوڕگوڕو خانەقین‌و شارەکەم**

**نرخی تابلێی زۆرە بۆ فلوسێکیش حەیدەکەم**

*** *** ***

## سوپاس

**سوپاس بۆ برای شاعیر سەباح رەنجدەر**

**سوپاس بۆ کاك بەختیار بۆ کاری هونەری ئەم بەرهەمە**

Shorshi Mestan